دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

٣١ی خەرمانانی ١٣٨٣ — ٢١ی سێپتامبری ٢٠٠٤ — ژمارە ٣٩٧ — ١٥٠ تمەن

## به بۆنەی ساڵــی تازەی خوێندنەوە

لەگەڵ کۆتایی‌هاتنی هاوین‌و دەستپێکردنی مانگی رەزبەر، جارێکی دیکە دەرگای قوتابخانەو خوێندنگەکان لـە کوردستـان‌و سەرانسـەری ئێران دەکرێنەوە. جارێکی دیکە هەموو گوندو شارەکان دەبنەوە شاهیدی جموجۆڵێکی پیرۆز. سەرلەنوێ دیمەنی جوانی کچان‌و کـوڕانی کیـف لەشان‌و لاوانی کتێب بەدەست‌و هاتوچۆی سبەینێ‌و ئێوارانیان بۆ قوتابخانەو زانستگە، دەبێتەوە بە بەشێك لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵك.

ئەگەرچی بێ‌کیفایەتیی دەسەڵاتدارانی ئێران لە بەڕێوەبردنی وڵاتداو سیاسەتە چەوتەکانیان، سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی ئێرانی لەگەڵ کۆمەڵێك قەیران‌و گیروگرفتی گەورە بەرەوڕوو کردوەو قوتابی‌و خوێندکاران دەبێ وێڕای دەست‌و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ ئەو کێشەو گرفتانەدا، دەرس بخوێنن، بەوحاڵەش ئەمە لە پیرۆزی‌و گرنگیی خوێندن‌و خۆپێگەیاندن بۆ داهاتوو کەم ناکاتەوە.

بە بۆنەی دەست پێکردنی ساڵـی تازەی خوێندنەوە، پیرۆزبایی لــە هــەموو قوتابیـان‌و خوێنـدکارانی کوردسـتان‌و ئێـران مامۆسـتاکانیان دەکەین‌و لە کاری پیرۆزی فێربوون‌و فێرکردندا، سەرکەوتنیان بە ئاوات دەخوازین.

**کوردستان**

جەنگێکی نوێ لە سەردەمێکی نوێدا ٤

پەیامی دەفتەری سیاسی بۆ یەکەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکرات ٥

تیرۆریزم لە ئێران تاکتیك یان بەشێك لە ستراتیژیی دەوڵەتی ٥

رۆڵی نەتەوەکانی ئێران لە جێگیرکردن و چەسپاندنی دێمۆکراسی لە ئێران دا ٨

ئەنجومەنی سینفیی مامۆستایانی شاری سەقز بۆ داخرا؟ ٨

ئەشکەنجەی ژنێکی ١٥ ساڵە لەدێگولان ٩

دەقی قسەکانی هاوڕێ د. مێرۆ عەلیار لە سمیناری بۆن دا ١٠

# "کوشتاری میکونووس تیرۆریزمی دەوڵەتی بوو، نابێ لەبیر بچێتەوە"



دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی شەهیدی حیزبی دێمۆکرات

بە بۆنەی دوازدەیەمین ساڵڕۆژی کوشتاری ڕێستورانی میکونووس (تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، فەتتاح عەبدولی، نووری دێهکوردی‌و هومایون ئەردەڵان) بە هیمەتی دوو رێکخراوی ئێرانیی "کانوونی پەنابەرانی سیاسیی ئێران لە بێرلین"و "کومیتەی پشتیوانی لە زیندانی‌یە سیاسی‌یەکانی ئێران"، لە دواسەعاتەکانی رۆژی شەممە ٢٨ی خەرمانانی (١٨ی سێپتامبر)، رێورەسمێك لە شاری بێرلین بەڕێوەچوو. لەو رێورەسمەدا هەروەها رێز لە قوربانی‌یەکانی ئێعدامە بەربڵاوەکانی ساڵی ١٣٦٧ لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا، گیرا.

لە رێورەسمی دوازدەیەمین ساڵڕۆژی کوشتاری میکوووس‌دا، لەپێش‌دا پەیامی شارەداری ناوچەکە، خانمی مونیکا تیمەن خوێندرایەوە. ئەم شارەدارە پێنج مانگ لەمەوبەر سەرەڕای هەڕەشەو فشاری زۆری کۆماری ئیسلامی، لەوحی بیرەوەریی قوربانی‌یەکانی تیرۆری میکونووسی لە بەرامبەر ئەو رێستورانەدا جێگیر کرد. لە پەیامی ئەو خانمە بۆ ئەم مەراسیمەدا هاتبوو: "ئێمە دەمانزانی کە ئەم تیرۆرە بە فەرمانی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئەنجام دراوەو تیرۆریزمی دەوڵەتی‌یە، هەر بۆیە هەوڵمان ئەوە بوو کە ئەو تیرۆرە نەخشەبۆکێشراوە، لەبیر نەچێتەوە". خاتوو تیمەن لە پەیامەکەی خۆیدا جارێکی دیکە سوپاسی هەموو ئەو ئەڵمانی‌و ئێرانی‌یانەی کرد کە بۆ دانانی تابلۆی بیرەوەریی قوربانییان تیرۆری میکونووس، هەوڵیان دا.

لە بەشێکی دیکەی رێورەسمەکەدا، خانمی باربارا لۆخ بیلر، سکرتێری گشتیی رێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون ـ ئاڵمان، باسی هێندێك لە نموونەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوەی کرد. دواتر سودابەی ئەردەڵان کە زیندانیی دەیەی ٦٠ی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی بوو، باسی رەفتاری وەحشیانەو جینایەتەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دژی بەندی‌یە سیاسی‌یەکان کرد.

**هەر بە بۆنەی دوازدە ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی‌یەوە، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب، رێورەسمێکی تایبەتی بەڕێوەچوو. لەو رێورەسمەدا جگە لە وتاری دەفتەری سیاسی کە لە لایەن هاوڕێی بەڕێز حەمەنەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسی خوێندرایەوە، چەند سروودو شێعری شۆڕشگێڕانە پێشکێش کران. دەقی وتاری دەفتەری سیاسی لە لاپەڕەی ٢ی ئەم ژمارەیە دایە.**

## داواکانی شوورای حاکمانی IAEA لە ئێران

١) [شوورای حاکمان] داوا لە ئێران دەکا تا دەسبەجێ‌و بە شێوەیەکی ئەرێتی (موسبەت)، بەردەوام ئامادە بێ وەڵامی راپۆرت‌و داخوازیگەلی بەڕێوەبەری گشتی سەبارەت بە دەستڕاگەیشتن بە شوێن، کەس‌و زانیاریگەلی پێوەندیدارو بەراوردکردنی رێککەوتننامە پادمانی‌یەکان بداتەوە. هەروەها زانیاری‌یەکی پتر کە یارمەتیدەری ئاژانس بێ بۆ هەڵسەنگاندنی پاشماوەی کێشەکان‌و تایبەتمەندیی بەرنامە ناوکی‌یەکانی ئێران، بخاتە بەر دەستی. وەك نیوەڕۆکی بەرنامەی دەوڵەمەندکردن‌و قۆناغە جۆراوجۆرەکانی وتووێژ بۆ رونکردنەوەی پرسیارە زەقەکان، بەر لە کۆبوونەوەی ٢٥ی نوامبری داهاتووی شوورا، بەتایبەت سەبارەت بە سەرچاوەکان‌و هۆی دەوڵەمەندکردن، هاوردەکان، بەرهەمهێنان‌و کەڵك وەرگرتن لە سانتریفیوژ.

٢) پێ لەسەر بەردەوامبوونی ئێران بە گوێرەی پرۆتۆکولی هاوپێچ وەك رەخساندنی بوار بۆ دەستڕاگەیشتنی هەمەجۆری دەسبەجێ "ئانی" رادەگرێ‌و جارێکی دیکە داوای پەسندکردنی بێ‌دواکەوتنی لە لایەن ئێرانەوە دەکا.

٣) بە قووڵی لەوە دڵگرانین کە بڕیاری ئێران بۆ راگرتنی چالاکیگەلی دەوڵەمەندکردن‌و پوختکردنی سەرلەنوێ کە لە ٢٩ی دیسامبری ٢٠٠٣و ٢٤ی فێوریەی ٢٠٠٤ بە ئاژانس گوترابوو، ئەرکی ئاژانس لە هەڵسەنگاندنی رێژەی پابەندیی ئێران بە بەڵێنەکانی گران دەکا. بە سەرنجدان بەوەی کە ئێران لەو دەمەی را هەتا ئێستا لە هێندێك لەو بڕیارانە پاشگەز بۆتەوە، داوا لەو وڵاتە دەکا بە لەزو بە شێوەیەك بۆ سەلماندن بشێ، سەرجەم هەوڵەکانی خۆی بۆ دەوڵەمەندکردنی ئورانیۆم، رابگرێ. بە جۆرێك کە بەرهەمهێنان‌و هێنانی پارچەگەلی سانتریفیوژ، ئامادەکردن‌و تاقیکرنەوەی، بەرهەمهێنانی کەرەسەگەلی پێویست بۆ سانتریفیوژ وەك تاقیکردنەوەی مەواد لە کارگەی یوو.سی. ئێفی ئیسفەهان، لە ژێر راستی پێوی‌یەکانی ئاژانس‌و هەروەها ئامادەکردنی راپۆرتێکی تێروتەسەل بەگوێرەی بەندی ٧ی شیانی راپەڕاندنی خوارەوە.

٤) داوا لە ئێران دەکا وەك پێوانەیەکی دیکە بۆ پێکهێنانی متمانەی دڵخوازانە، بە بڕیارەکانی خۆی بۆ دەستپێکردن بە چێکردنی رێئاکتۆری لێکۆڵینەوەیی ئاوی گران لە ئەراکدا بچێتەوە.

٥) وەبیر دێنینەوە کە هاوکاریی تەواوو بەپەلە لەگەڵ ئاژانس‌دا لە لایەن وڵاتگەلی سێ‌یەمەوە بۆ روونبوونەوەی هەندێك کێشە کە بێ چارەسەر ماونەتەوە، ئەو هەنگاوانەی کە تا ئێستا هەڵگیراون خێراتر دەکا.

٦) سوپاسی بەڕێوەبەری گشتی‌و دەبیرخانە دەکا لەبەر هەڵگرتنی هەنگاوگەلێکی فەننی بێ‌لایەنانە بۆ گەیشتن بە رێککەوتننامەیەکی "پادمانی"ی ئێران‌و پەسندکردنی زوودەمی پرۆتۆکولی هاوپێچ لە ئێران‌و هەروەها هەڵسەنگاندنی هەڵپەساردنی هەوڵە پێوەندیدارەکان بە دەوڵەمەندکردن‌و پوختەکردنی سەرلەنوێ لە لایەن ئێرانەوەو شوێن هەڵکردنی رێگاو سەرچاوەگەلی دابینکەر.

٧) داوا لە بەڕێوەبەری گشتی دەکا کە بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو ئەم راپۆرتانە ئامادە بکا:

ـ راپۆرتێك سەبارەت بە جێبەجێکرانی ئەو خاڵانەی کە لەم بڕیارنامەیەدا لە سەریان رێك کەوتوون.

ـ راپۆرتێك لەمەڕ سەرجەم زانیاری‌یە پێوەندیدارەکان بە بەرنامەی ناوکیی ئێران لە سێپتامبری ٢٠٠دا کە تا ئێستا وێنەیەکی راست لە هاوکاریی رابردووو ئێستای ئێران لەگەڵ ئاژانس‌دا بگرێتەوە، بداتە دەستەو هەروەها راپۆرتێك لەمەڕ هەڵسەنگاندنی کاتی پێشڤەچوونی بەشە جیاجیاکانی بەرنامەی ناوکیی ئێران‌و راپۆرتێکی تێروتەسەل لە بارەی هاوکاریی ئێران لەگەڵ ئاژانس‌دا بدا. جگە لەمە، کورتەیەك لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی ئاژانس لە ئێران لەم ماوەیەداو هەڵسەنگاندنی ورد لە بارەی بەکارهێنانی ئەم ئەنجامانە لە بوارگەلی گچکەو گشتی‌دا بخاتە روو و لەسەر جێبەجێکردنی رێککەوتنی پادمانی ئێران بە وردی راوەستێ.

٨) هەروەها داوا لە سکرتێری گشتی دەکا کە راپۆرتێك سەبارەت بە پێشڤەچوونی شێوەی بەرسڤدانەوەی ئێران بە داواکاری‌یەکانی شوورای حاکمان لە بڕیارنامەی ژوئەنی ٢٠٠٤دا، بەتایبەت ئەو داواکارییانە کە پێوەندییان بە هەڵپەساردنی تەواوو هەوڵەکانی کەڵك لێ‌وەرگرتنەوە (بازیافت)و پێوەندیدار بە دەوڵەمەندکردنەوە، پێشکەش دەکا.

٩) لە کۆبوونەوەی مانگی نوامبری داهاتووی شووراداا، سەبارەت بە کەفایەت یا پێویستیی هەر چەشنە هەنگاوێکی تەواوکەری پێوەندیدار بەم بوارانەوە بڕیار دەدا:

ـ ئەرکەکانی ئێران لە بەرامبەر رێککەوتننامە پادمانی‌یەکانی ئێن.پی.تی‌دا

ـ داواکاری‌یەکانی شوورای حاکمان لە ئێران لە بڕیارنامەکانی رابردوواو ئەم بڕیارنامەش، لە پێناوی دیاریکردنی رێژەی متمانەسازی‌و سووربوون لەسەر بەردەوامبوونی راگرتنەکانی پێوەندیدار بە مەوادەوە.

١٨ی سیپتامبری ٢٠٠٤

## یەکەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران



سەعات ١٠ی سەرلەبەیانیی رۆژی ٢٢ی خەرمانانی ١٣٨٣ی هەتاوی، یەکەم کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ژێر دروشمی "لە پێناوی چالاکترکردنی یەکیەتی‌یەکەمان لەبەرەوپێشبردنی خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنانی کوردستان‌و بزووتنەوەی میللی دیموکراتیکی گەلەکەماندا" دەستی بەکارەکانی خۆی کرد.

لە رێورەسمی کرانەوەی کۆنگرەدا، وێڕای نوێنەرانی کۆنگرە، ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و کومیتەی ناوەندی‌و ژمارەیەکی زۆر لە ژنان‌و پیاوانی تێکۆشەری حیزبی دیموکرات، چەندین هەیئەتی میوان لە رێکخراوەکانی ژنان لە سلیمانی، هەولێرو کۆیەوە بەشدار بوون.

رێورەسم بە پێشکەشکردنی سروودێك لەلایەن چەند ئەندامی یەکیەتیی ژنانەوە دەستی پێ‌کرد. دوابەدوای سروودەکە بەڕێوەبەری بەرنامە بەخێرهاتنی

## ئێران چڕکردنەوەی ئورانیۆم ناوەستێنێ

وەك دژکردەوە نیشاندان بەرامبەر پەسندکردنی بڕیارنامەی شوورای حاکمانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، ئێران رایگەیاند کە بەرنامەی چڕکردنەوەی ئورانیۆم راناگرێ‌و هەمبەر بە ئەگەری رەوانەکرانی پەروەندەی ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە توندی دژکردەوە نیشان دەدا.

لە زمانی حەسەن رووحانی سەرپەرستی دەستەی وتووێژکەرانی ئێران لە بارەی کێشەی ئەتۆمی‌یەوە راگەیەندراوە کە داوای شوورای حاکمان لە بارەی وەستاندنی چڕکردنەوەی ئورانیۆم کە لە بڕیارنامەی ١٨ی سپتامبردا هاتوە، رەت دەکاتەوە. ناوبراو گوتویەتی، رەوانەکردنی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایش کارێکی عاقڵانە نابێ‌و ئەگەر ئەمە روو بدا، ئێران وەك دژکردەوە، لە رەچاوکردنی پرۆتۆکولی هاوپێچی پەیماننامەی پەرەپێنەدانی چەکی ئەتۆمی خۆ دەبوێرێ. ئێران پرۆتۆکولی ناوبراوی بە شێوەیەکی ئوسوولی قبووڵ کردوە. بەڵام ئەم بڕیارە هێشتا لە مەجلیس‌دا پەسند نەکراوەو هەر بۆیە ئێران، ناچار نیە بەڕێوەی ببا.

**B.B.C**

## پەرەگرتنی نائەمنی لە ناوچەکانی کوردستانی ئێران‌دا

ماڵپەڕی "بازتاب" کە هی موحسێن رەزایی، فەرماندەری پێشووی سوپای پاسداران‌و یەکێك لە دەمڕاستەکانی قوڵی توندرەوی رێژیمە، لە راپۆرتێك‌دا باسی پەرەگرتنی نائەمنی لە ناوچەکانی کوردستانی کردوە. نموونەیەك لە نائەمنی کە "بازتاب" ئاماژەی پێ‌کردوە، تەقینەوەیەك بووە کە لە کاتی راگوێزتنی بارێکی قاچاخ‌دا کە لە پاشماوەکانی تەقەمەنیی شەڕ پێك هاتبوو، رووی داوە. ئەم بارەقاچاغە کە بەپێی راپۆرتی بازتاب لە سەد گوللەتۆپ، گوللەکاتیۆشا، بۆمبی هێشوویی‌و گوللە خومپارە پێك هاتبوو، لە کاتی راگوێزران لە ناوچەی بانەدا، گوللە خومپارەیەك تەقیوەتەوەو بووە بە هۆی کوژرانی یەکێك لە قاچاغچی‌یەکان. هەروەها ئاماژەی بە تەقینەوەی چاشنیی خومپارەیەك لە ناوچەکانی مەریوان کردوە کە بووە بە هۆی برینداربوونی منداڵێکی ٩ ساڵە.

"بازتاب" هاتنی بەربڵاوی شتومەکی قاچاغ‌و بەربەرەکانیی مەئموورانی لەگەڵ کەسانێك کە ئەو شتومەکانە دێنن، وەك هۆیەکی دیکەی پەرەگرتنی‌نائەمنی لە کوردستان ناوبرد. لەو پێوەندی‌یەدا ئاماژەی بە کەمین دانانەوەی مەئمووورانی رێژیم لەسەر رێگای ژمارەیەك کاروانچی لە ناوچەی خاوومیراوای مەریوان‌دا کرد کە ئاکامەکەی دەست بەسەرداگیرانی ١٠ تۆن شتومەکی کاروانچی‌یەکان‌و تێکهەڵچوون لە نێوان خەڵك‌و مەئموران بووە، یەکێك لە مەئموران لەو تێکهەڵچوونەدا بریندرا بووەو خەڵك‌و کاروانچی‌یەکانیش بەتەقەی هەوایی بڵاوەیان پێ‌کراوە.

بێجگە لە پێشمەرگەکانی کوردستان

## هەموو تاقمە میلیشیایی‌یەکانی عێراق هەڵدەوەشێندرێنەوە

راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراق رایگەیاند کە دەوڵەتی کاتیی عێراق لە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی هەموو تاقمە میلیشیایی‌یەکانی ئەو وڵاتە دایە، بەڵام ئەم سیاسەتە پێشمەرگەکانی کوردستان ناگرێتەوە. ماڵپەڕی ئینتێرنێتی "المحیط" لە زمانی "موفق الربیعی" راوێژکاری نەتەوەیی عێراقەوە رایگەیاند: دەوڵەتی عێراق هەوڵ دەدا ئەو تاقمانە هەڵوەشێنێتەوەو لە ئەفرادی ئەوان لە گاردی نەتەوەیی، پۆلیس، هێزەکانی تایبەت بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ تیرۆریزم، هێزە تایبەتی‌یەکانی پشتیوانی لە دامەزراوە دەوڵەتی‌یەکان‌و رێکخراوە ئەمنییەتی‌یەکانی دیکەدا، کەڵك وەربگرێ.

رەبیعی گوتی: ئەم سیاسەتە هێزەکانی پێشمەرگەی کورد ناگرێتەوە، چونکە ئەم هێزانە، میلیشیا نین، بەڵکوو ئەرتەشێکی نیزامین‌و وەك بەشێك لە هێزە چەکدارەکانی عێراق سەیریان دەکرێ کە لە رێگای پشتیوانی لە جێگیر کردنی دیموکراسی لە عێراقدا، هەنگاو دەنێن.

**ماڵپەڕی یارسان**

**بەڕێز محەممەدنەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمی ساڵڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور سادق‌و هاوڕێکانیدا:**

# کاک دوکتور سەعید، نموونەی کادرێکی باش‌و کارامەی حیزب‌و سیمای دێموکرات‌و یارێکی بەوەفای ڕێگا و ڕێبازی دوکتور قاسملوو بوو



**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

**خوشك و برایانی بەڕێز!**

ئیجازەم پێ بدەن بە بۆنەی بەشداریی گەرمتان لە ڕێوڕەسمی ١٢یەمین ساڵڕۆژی، ڕێزگرتن لە شەهیدانی کارەساتی میکوونووس، لەلایەن دەفتەری سیاسی‌یەوە بەخێرهاتنتان بکەم و سوپاسی ئەمەگناسی و وەفاداریتان بکەم.

هاوڕێیانی بەڕێز!

هەروەك ئاگادارن ١٢ ساڵ لەمەوبەر لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی زایینی، هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر کاك د. سادق شەرەفکەندی ناسراو بە کاك د. سەعید، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو کاك فەتتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی‌و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵاتو کاك هومایون ئەردەلان کادری تێکۆشەری حیزب‌و نوێنەری حیزب لە ئاڵمانو ئاغای نووری دێهکوردی دۆستی لەمێژینەی حیزبەکەمان. بە پێی پیلانێکی خائینانەی ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانو لەلایەن تاقمە تیرۆریستی‌یەکانیانەوە لە ڕیستورانی میکونووس لە شاری بێرلینی ئاڵمان دەستڕێژیان لێ کراو شەهید کران.

کاك د. سەعید و هاوڕێیانی پاش تەواوبوونی کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست لەگەڵ بەشێك لە تێکۆشەرانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی نەزەرو گەیشتن بە بەرنامەیەکی سیاسیی هاوبەش دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕیستورانی میکونووس، لێك کۆبوونەوە. پاش ماوەیەکی کورت تیرۆریستەکانی ڕێژیم دەرفەتیان لێ هێناو شەهیدیان کردنو جارێکی‌تر داخیان خستە سەر دڵی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو گەلی کوردو هەموو ئەویندارانی ئازادی‌و دێموکراسی لە سەرانسەری ئێراندا.

کاك د. سەعید و هاوڕێیانی لە کاتێك‌دا بە دەستی غەدرو تاوان شەهید کران کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو گەلی کورد، هێشتا برینی شەهیدکردنی ڕێبەری گەورەمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان ساڕێژ نەکربۆوە. جارێکی‌تر ڕێبەرانی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستانیان تووشی کارەساتێکی تاڵی دیکە کردو گەلی کوردیان ڕەشپۆش کردەوە. خۆیشیان تووشی ڕیسوایی‌و شەرمەزاریەکی دیکە کرد. کۆماری ئیسلامی‌و ڕێبەرانی جینایەتکاری، پێیان وابوو بە دوای شەهیدکردنی دوکتور قاسملوودا بە وەشاندنی زەبری کاریگەرو بەژان لە جەستەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان تووشی تێکشکانو نائومێدی دەبێ‌و بە ئاواتە چەپڵەکانیان دەگەن. دیاربوو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە مێژوو دەرسی وەرنەگرتبوو، نەیدەزانی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەك دوای شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو نیشانیان دا، ئەو جۆرە کارەساتانە لە ورەو ئیرادەیاندا تەئسیر ناکا. بە دوای شەهیدبوونی کاك د. سەعیدیش‌دا ناتوانێ بە مەبەستەکانی بگاو ڕێبوارانی ڕێگای قازی، قاسملووو شەرەفکەندی لەم تاقیکاریەش‌دا سەربەرزانە تێدەپەڕنو ئاڵای حیزبەکەیان شەکاوە ڕادەگرنو ڕۆحی شەهیدەکانیان شاد دەکەن.

خوشك و برایانی بەڕێز!

باس کردن لە سەر شەخسییەت‌و ژیان‌و بەسەرهاتی ڕێبەرێکی هەڵکەوتووی وەك کاك د. سەعید لەم دەرفەتە کورتەدا شتێکی ئاسان نیە. چونکە سەروەری‌و شانازی‌یەکانی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەوەندە زۆرن، دەیان کۆڕوکۆبوونەوە هەڵ دەگرێ. با لێرەدا بە کورتیش بێ گۆشەیەك لە بیوگرافی‌و ئەزموونە بەنرخەکانی باس بکەینو ڕێز لە شانازی‌یەکانی بگرین.

تێکۆشەری گەورەی گەلەکەمان کاك دوکتور سادق شەرەفکەندی لە ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری ئاوایی تەرغەی بۆکان لە دایك بووە. هەر لە تەمەنی منداڵی‌دا باوکی لە دەست دەداو سەرپەرەستی‌یەکەی دەکەوێتە سەرشانی برا گەورەکەی مامۆستا هەژار، شاعیری نیشتمانپەروەری گەلەکەمان. خوێندنی تا تەواوکردنی قۆناغی دیپلۆم وەك قوتابی‌یەکی وریاو زیرەك لە شارەکانی بۆکانو مەهاباد و تەورێز تەواو کرد. پاشان چووە دانشسەرای عالیی تارانو لە ساڵی ١٣٣٨ لیسانسی شیمیی وەرگرت‌و وەك مامۆستا گەڕایەوە کوردستانو لە شارەکانی ورمێ‌و مەهاباد خەریکی ئەرکی پیرۆزی مامۆستایەتی بوو، بەهۆی لێهاتوویی‌و خۆشەویستی لە نێو قوتابی‌یەکاندا، لەلایەن دەزگای جاسووسیی ڕێژیمی پاشایەتیی حەمەڕەزا شاوە کەوتە ژێر چاوەدێری‌و پاش ماوەیەك لەگەڵ چەند کەس لە هاوبیرانی بۆ شارەکانی ئەراك‌و کەرەج، دوور خرایەوە. لە ساڵی ١٣٥١دا توانی بورسی تەحسیلیی وەزارەتی علووم بۆ درێژەدان بە خوێندن وەربگرێ‌و بۆ وەرگرتنی دوکتۆراکەی بچێتە فەڕانسە. لە ساڵی ١٣٥٢ لە ڕێگەی ڕێبەری گەورەمانەوە د. قاسملوو، لەگەڵ بەرنامەو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاشنا بووو، پێوەندیی تەشکیلاتیی لەگەڵ حیزب بەرقەرار کرد. سەرەڕای کاری مامۆستایی لەگەڵ ئەندامانی حیزبی پەیوەندیی بەرقەرار کردو خوێندکارانی بە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاشنا کرد. لە ساڵی ١٣٥٨ پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، بوو بە موشاویری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب‌و لەو کاتەوە تا شەهیدبوونی پلەکانی بەرپرسایەتیی حیزبی تا سکرتێری گشتیی وەدەست هێناو لە هەموویاندا بەوپەڕی لێوەشاوەیی‌یەوە ئەرکی خۆی بەڕێوە برد.

کاك دوکتور سەعید، نموونەی کادرێکی باش‌و کارامەی حیزب‌و سیمای دێموکرات‌و یارێکی بە وەفای ڕێگاو ڕێبازی دوکتور قاسملوو بوو. وەك ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو لە تەواوی بوارەکانی حیزبی‌دا شارەزایی هەبوو.

لە بواری تەشکیلاتی‌دا، ئینسانێکی بە بیروباوەڕو خاوەن هەڵوێست بوو، لەگەڵ بێ ئوسوولی‌و فرسەتتەڵەبی‌و تەمبەڵی بە جیدی بەرخوردی دەکرد.

لە بواری ڕاگەیاندنو تەبلیغاتەوە، توانایەکی بێ وێنەی هەبوو. خاوەنی بەهرەیەکی تایبەتی بوو. لەو ماوەدا کە بەرپرسی دەزگای ڕاگەیاندنی حیزب بوو لە بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی حیزب‌دا نەخشی کاریگەری هەبوو.

لە بواری سیاسی‌و دیپلۆماسی‌دا، ئینسانێکی وریاو وردبینو دەقیق بوو. زوو نەزەرو مەبەستی تەرەفی بەرامبەری دەخوێندەوە. لە پرنسیپەکانی دیپلۆماسی شارەزا بوو، هەر بۆیە زوویش تەئسیری لەسەر لایەنی بەرامبەر دەکردو دەبووە دۆستی.

لە بواری مودیریەتیش‌دا، ئینسانێکی بە بەرنامەو قاتیع بووو، یەکێك لەو کەسانە بوو لە پێگەیاندنی کادرەکانی حیزب‌دا تەئسیرو نەخشی تایبەتیی بوو. ئەو نموونەی مودیرێکی سەرکەوتوو بوو.

سەرەڕای ئەو تایبەتمەندییە شۆڕشگێرانەیە، کاك سەعید لە باری شەخسیشەوە ئینسانێکی ئازا، نەترس‌و شوجاع بوو، لە دۆستایەتی‌دا دڵسۆزو دڵپاك بوو. بە هەق ناوی سادق، ناوێکی شیاوو شایستە بوو بۆ ئەم ئینسانە گەورەیە.

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

هەروەك باسمان کرد قوربانی‌یەکی دیکەی ئەم جینایەتەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، شەهید کاك فەتتاح عەبدولی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب‌و نوێنەری حیزبەکەمان لە دەرەوەی وڵات بوو. کاك فەتتاح، یەکێك لە کادرە هەڵکەوتووەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. لەماوەی خەباتی سیاسی‌دا زۆر دڵسۆزانە ئەرکی حیزبی بەڕێوە بردو لە تەواوی بەرپرسایەتی‌یەکانی حیزبی‌دا نموونەی بەرپرسێکی لێهاتوو بوو.

شەهیدێکی دیکەی ئەم تاوانە، هاوڕێ کاك هومایون ئەردەڵان ، کادری پێشکەوتووو نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاڵمان بوو.

ئاغای نووریی دێهکوردی، دۆستی لەمێژینەی حیزبەکەمانو سیمای ناسراوی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی‌و خەباتگێری شێلگیری ڕێگای ئازادی و دێموکراسی، یەکێکی دیکە لە شەهیدەکان بوو.

خوشك‌و برایانی بەڕێز!

بێ‌شك شەهیدکردنی ئەم پۆلە تێکۆشەرە بۆ بنەماڵەکانیانو بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو گەلی کورد، ڕووداوێکی دڵتەزێنو کارەساتێکی گەورەو فەرامۆشنەکراو بوو. هەربۆیە لە سەرانسەری دنیا لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاودەردی کراو ئەم جینایەتەیان مەحکوم کرد. داوایان لە دەوڵەتی ئاڵمان کرد، قاتڵەکانی ئەم کارەساتە شناسایی بکاو تەسلیمی دەستی عەدالەتیان بکا. بە خۆشی‌یەوە پۆلیس‌و دەزگای قەزایی ئاڵمان، بە پێچەوانەی هەڵوێستی کاسبکارانەی دەوڵەتی ئوتریش کە لە بەرانبەر تیرۆری ڕێبەری گەورەمان د. قاسملووو هاوڕێیانی بێدەنگ مایەوەو دادپەروەریی کردە قوربانیی بەرژەوەندیە ئابووری‌یەکانی، زۆر ئازایانە هەڵوێستی گرت‌و قاتڵەکانی گرت‌و پاش تەحقیق‌و لێکۆڵینەوە، لە بڕیاری مێژوویی خۆی لە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٤/١٠ی زایینی‌دا، ڕایگەیاند کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو ڕێبەرانی، ئەم پیلانەیان دارشتووە لەلایەن تاقمە تیرۆریستەکانیانەوە بەڕێوە چووە. ئەم هەڵوێستەی دادگای ئاڵمان لە لایەك سەرکەوتنو شانازی‌یەکی گەورەیە بۆ لایەنە پێوەندیدارەکانی ئەم بڕیارە مێژوویی‌یەو، لە لایەکی دیکەشەوە سەرەتایەك بوو بۆ ئاشکراکردنی ماهییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و سیاسەتە تیرۆریستی‌یەکانی‌و تەریك‌کەوتنەوەی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی‌دا.

هاوڕێیانی بەڕێز!

ئەگەر دوای زیاتر لە ٢٥ ساڵ، هەڵسەنگاندنێك لە سیاسەتی ڕێژیمی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەین، بەم ئاکامەی خوارەوە دەگەین:

- بە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ، ئازادی، دێموکراسی‌و تەواوی بایەخە ئینسانی‌یەکان ناسراوە.
- بە عامیلی فەقرو گرانی‌و بێکاری‌و دواکەوتنی وڵات لە کاروانی پێشکەوتن ناسراوە.
- بە هۆی سەرەکیی فەسادو ئالوودەکردنی لاوان بە مەواددی موخەددیرو دەیان دیاردەی ناحەزی دیکەی کۆمەڵایەتی ناوبانگی دەرکردوە.
- بە دوژمنی مافی ژنانو سەرچاوەی بێحورمەتی‌کردن بە کەسایەتیی ژن ناسراوە.
- لە سیاسەتی نێونەتەوەیی‌و ناوچەییش‌دا، بەردەوام دەخالەت لە کاروباری وڵاتان دەکاو بە ئاشکرا دژایەتیی لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەت مەسەلەی ئاشتیی فەلەستین - ئیسرائیل دەکا. یارمەتی بە تاقمە تیرۆریستەکانی ئەفغانستان، لوبنان، عێراق‌و زۆر شوێنی دیکە دەدا. سەرەڕای ئەم هەموو شکست‌و ناکامی‌یە لە سیاسەتەکانی‌دا، تازە خەریکی خۆ تەیارکردن بە چەکی ئەتۆمی‌و کۆکوژە. ئەم سیاسەتەیشی لەگەڵ یاسای نێونەتەوەیی یەك ناگرێتەوەو بێجگە لە تەسلیم‌بوونو ڕیسوایی، شتی دیکەی بۆ نامێنێتەوە.

## لە بەرابەر ئەم سیاسەتە دژی گەلی‌یەی ڕێژیم‌دا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سیاسەتی ئوسوولی‌و واقیع‌بینانەی خۆی توانیویەتی زیاتر لە جاران باوەڕو متمانەی گەلی کوردو ئازادیخوازانی وڵاتەکەمان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ‌و لەگەڵ حیزب‌و سازمانە شۆڕشگێڕەکانی ئێرانی دۆستایەتی‌و هاوکاری بکا. هەر لەو کاتەدا لەگەڵ کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی جیهانی پێوەندیی دۆستانە بگرێ‌و لە ماهییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاگاداریان بکا.

لەگەڵ بەرەی دێموکراسیخوازی‌و دژی تیرۆریزم‌و دیکتاتۆری‌دا سیاسەتی خۆی هەماهەنگ بکاو لە ڕۆشنایی لێکدانەوەی سیاسیی خۆی، کە لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ١٣ی حیزبەکەمانیش‌دا هاتوە، بەرنامەی سیاسی‌و عەمەلیی خۆی دیاری بکا.

ئەزموونی خەباتی گەلانی ئازادیخواز بۆ ڕزگاربوون لە چنگ ڕێژیمە دیکتاتۆرو کۆنەپەرستەکانو ئاڵوگۆڕەکانی دوای کۆتایی‌هاتنی شەڕی سارد، بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران فرسەتێکی تازە بوو تا واز لە سیاسەتی توندوتیژی‌و تیرۆریستی بێنێ، پەیڕەوی لە پرنسیپە سیاسی‌یە سەرکەوتووەکانی سەردەم بکاو مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران بە تایبەت گەلی کورد دابین بکاو فرسەت بە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بدا بە ئازادی بژین. بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران، تەنانەت بە دوای عەمەلیاتی تیرۆریستیی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ڕووخاندنی ڕێژیمە کۆنەپەرەست‌و دیکتاتۆرەکانی، تالیبان لە ئەفغانستانو بەعس لە عێراق دەرسی لە مێژوو وەرنەگرتوەو هەروا درێژە بە سیاسەتەکانی پێشووی ئەدا. پرۆسەی سەرکەوتنی دێموکراسی‌و ڕزگاربوون لە دیکتاتۆری‌و کۆنەپەرستی لە ناوچەکەدا، بۆ جووڵانەوەی ئازادیخوازیی گەلانی ئێران ئەزموونێکی بە کەڵکە. هەر بۆیە پێویستە بە پشت‌بەستن بە خەباتی گەلانی ئێرانو هاوکاری‌و هاوخەباتی لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی وڵاتەکەمان شێلگیرانەتر لە جاران درێژە بە خەباتەکەمان بدەین‌و گەلانی ئێران بە ئامانجەکانیان بگەیەنین.

با لە ١٢یەمین ساڵڕۆژی شەهیدانی کارەساتی میکونووس‌دا جارێکی‌تر لەگەڵ گیانی پاکی شەهید کاك د. سەعید هاوڕێیانی بەڵێن نوێ بکەینەوە تا وەدیهێنانی ئامانجەکانیان درێژە بە ڕێگاو ڕێبازی پڕ لە شانازییان بدەین.

**بەرزو پیرۆز بێ بیرەوەریی شەهیدانی میکونووس‌و ڕێگایان**



دوکتور سادق‌و هاوڕێکانی



دیمەنێک لە بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# سەردانی هەیئەتێکی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) لە دەفتەری سیاسیی حیزب



رۆژی سێشەممە، رێکەوتی ۸۳/٦/۱۷، هەیئەتێکی سازمانی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران (کۆمەڵە) بە سەرۆکایەتیی بەڕێز کاك سەید ئیبراهیم عەلیزادە، سکرتێری گشتیو بەڕێزان رەشید شوکر رەزاقی، بەرزان حەسەنپوور، عەباس مەسعوودی، سروە ناسریو یونس مەولوودپوور، ئەندامانی کومیتەی ناوەندی، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبیان کرد کە لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی کە بریتی بوون لە بەڕێزان کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبو مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، حەسەن رەستگار، حەسەن شەرەفی، عەلی مێهرپەروەر، مستەفا مەولوودی، محەممەد نەزیف قادری، فەتاح کاویان، عومەر غولام عەلی، پێشوازییان لێکرا. لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە کەشوهەوایەکی دۆستانەدا بەڕێوەچوو، باس لەسەر هەلومەرجی سیاسیی ئێران، کوردستانو ناوچە بە گشتی هاتە گۆڕو ئاڵوگۆڕی بیروڕای لەسەر کرا. هەروەها زەروورەتی هاوکاریی زیاتری هێزە سیاسییەکانی کوردستان تەئکیدی لەسەر کرایەوە.

# سەردانی هەیئەتێکی پارتی دێموکراتی پێشوەڕۆی کورد لە سووریە لە دەفتەری سیاسیی حیزب

رۆژی چوارشەممە ۸۳/٦/۱۸، هەیئەتێکی پارتی دێموکراتی پێشوەڕۆی کورد لە سووریە، کە بریتی بوون لە بەڕێزان: دوکتور سەلاح دەروێشو دوکتور ئەحمەد بەرەکات، ئەندامانی دەفتەری سیاسیو ئەحمەد قائم، ئەندامی سەرکردایەتیو شلال گەدو، ئەندامی لێژنەی راگەیاندن، بە مەبەستی پیرۆزبایی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ۱۳و ئاکامەکانیو پتەوترکردنی دۆستایەتیی هەر دوو حیزب، سەردانی دەفتەری سیاسییان کرد کە لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی کە بریتی بوون لە: بەڕێزان کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی، حەسەن شەرەفی، عەلی مێهرپەروەرو محەممەدنەزیف قادری، ئەندامانی دەفتەری سیاسیو حەسەن قادرزادە، ئەندامی کومیتەی ناوەندیو محەممەد کەسرایی، جێگری کومیتەی ناوەندی، پێشوازییان لێکرا. لەو کۆبوونەوەدا کە کەشوهەوایەکی دۆستانە باڵی بەسەردا کێشابوو، وەزعییەتی مەسەلەی کورد لە سووریەو ئێران بە وردی باسیان لەسەر کراو هەروەها ئەوزاعی سیاسیی ناوچەکە ئاڵوگۆڕی بیروڕای لەسەر کرا.

## ناوەندی ۳ی کوردستان

### بەڕێوەچوونی رێورەسمی دوازدەهەمین ساڵوەگەڕی شەهیدانی میکونووس

بە بۆنەی دوازدەهەمین ساڵڤەگەری شەهیدبوونی کاك د.سادق شەرەفکەندیو هاوڕێیانییەوە، رۆژی ۸۳/٦/۲٦، رێورەسمێکی بەشکۆ بۆ زیندووراگرتنی یادی ئەو شەهیدە نەمرانە لە ناوەندی ۳ی کوردستان پێك هات.

سەرەتای رێورەسمەکە سەعاتی ٥/۳۰، بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"و یەك دەقیقە بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد، دواتر کۆمەڵێك منداڵە شەهید، دوازدە مۆمیان بەو بۆنەیەوە هەڵگیرساند. بەدوای ئەودا، هاوڕێ محەممەدسالحی قادری، بەرپرسی ناوەندی "۳" لەو پێوەندییەدا قسەی بۆ بەشدارانی رێورەسمەکە کرد کە لەودا وێڕای ناردنی سڵاوی ئەمەگناسیو وەفاداری بۆ گیانی ئەوشەهیدانە، ئاماژەی بە هەلومەرجی ئەوکاتی شەهیدکرانی کاك د.سادقو هاوڕێیانی بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی کرد. ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا تیشکی خستە سەر ئەو هۆکارانە کە بوونە هۆی ئەوە کە رێژیم جارێکی دیکە حیزبی دێموکراتو سکرتێرەکەی بکاتە هەدەفی ئەساسیی تیرۆر.

لە درێژەی رێورەسمەکەدا کۆمەڵێك سروود، شێعر، پەخشانو هەروەها ژیاننامەی شەهیدان" شەرەفکەندی، فەتتاح عەبدولیو هومایون ئەردەڵان خوێندرانەوە. لەسەریەك رێوڕەسمەکە ۱:۳۰ی خایاندو شوێنەوارێکی باشی لەسەر بەشداران دانا.

## سنە

### بەکرێگیراوانی رێژیم بە ناوی پێشمەرگەوە داوای هاوکاری لە خەڵك دەکەنو شوێنەوارە مێژوویییەکان دەدەنەوە

**ماوەیەکە ژمارەیەك لە بەکرێگیراوانی رێژیم لە ناوچەی چەم شاری سنە دەگەڕێنو بە ناوی پێشمەرگەوە داوای هاوکاریی لە خەڵکی ناوچە دەکەن. ئەو تاقمە کە پێکهاتوون لە ژمارەیەك لە بەکرێگیراوە خۆڵاتییەکانو چەند بەکرێگیراوی خەڵکی شاری قەزوێن، بە شەو چوونەتە سەر ژمارەیەك لە شوێنە مێژوویییەکانو تا ئێستا ژمارەیەك گۆڕو شوێنەواری مێژووییان لە دەورووبەری گوندەکانی نەڕان، سمان، بۆرەوانو قەسریان داوەتەوە کە ناوەکانیان بریتییە لە: مەزاری سوڵتان سەراجەدین، پیرمحەممەدی سمان، پیرمحەممەدی موینەو... .**

### درێژەی لاپەڕەی ۱:

## بەڕێوەچوونی یەکەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران

پاشان هاوڕێ گەلاوێژ حەسەنزادە وەك ئەندامی لەمێژینەی ئەم یەکیەتییە، کۆنگرەکەی بەرەسمی بە چەند وتەیەك کردەوە. دواتر سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوڕێی تێکۆشەر مستەفا هیجری، لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە وتارێکی پێشکێش کرد. هەر لەو بەشەی مەراسمەکەدا هاوڕێ خەدیجە مەعزوور بەرپرسی بنیاتی پشتیوانی لە رێکخراوە دیموکراتیکەکان پەیامی ئەو بنیاتەی پێشکێش کرد. لە درێژەی رێورەسمەکەدا هاوڕێ عیسمەت نستانی بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژاردەیەك لە راپۆرتی کومیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی بە ئاگاداریی بەشدارانو میوانانی کۆنگرە گەیاند. دوای پێشکێش کرانی چەند پارچە مۆسیقا، دەیان پەیامو برووسکە لەلایەن هەیئەتەکانی میوانو رێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان خوێندرانەوە.

کۆنگرە، دوانیوەڕۆی ئەو رۆژە چووەسەرکارە دیاریکراوەکانیو لەماوەی دوو رۆژ کارو کۆبوونەوەدا ئەرکەکانی خۆی کە بریتی بوون لە: باس لەسەر راپۆرتی کومیتەی بەڕێوەبەری بۆ کۆنگرە، چاوخشاندنەوە بە سەر پێڕەوی نێوخۆی یەکیەتیی ژناندا، باسی ئازادو هێنانەبەرباسی رەخنەو پێشنیارو گیروگرفتو داواکانی کومیتەکانی یەکیەتیی ژنان، هەڵبژاردنی کومیتەی بەڕێوەبەریی تازە بۆ یەکیەتیی ژنان، بەسەرکەوتنەوە جێبەجێ کرد. شەوی ۲۳ لە سەر ۲٤ی خەرمانان، کۆنگرەی یەکەمی یەکیەتیی ژنان لەنێو جێژنو خۆشی نواندنی نوێنەرانی کۆنگرەو ئەندامانو لایەنگرانی ئەو یەکیەتییەو ژمارەیەك لە تێکۆشەرانی دێمواکرات، کۆتایی پێهات.

***

# هەواڵەکانی کوردستان

### رێزگرتن لە یادی شەهیدانی بێرلین

لە ۱۲یەمین ساڵیادی تیرۆرکرانی د.سادق شەرەفکەندیو هاوڕێیانیدا، بۆ رێزگرتن لە یادی ئەو شەهیدانە لەم شوێنانەی شاری مەهابادو مەریوان، سەردەشت، کرماشان، جوانڕۆو رەوانسەر وێنەی شەهید د.شەرەفکەندی بڵاو کراوەتەوە:

**● مەهاباد**

پشت ئیدارەی تەربییەت بەدەنی، سەربەرداش، جامی جەم، مەیدانی ئارد، لە پارکی میللەتو دەورووبەری، تاریکەبازاڕ، مەیدانی کاوەی ئاسنگەر، شەقامی شاپوور، گەڕەکی شوانە، دەورووبەری مەدرەسەی شاریکەندی، کووچەی مزگەوتی مەولەوی، کووچەی ئیدارەی کار، گەڕەکی خرێو... .

● لە ساڵوەگەڕی تێروورکردنی ناجوامێرانەی دوکتور سادق شەرەفکەندیدا، لاوانی شاری نەتەوەپەروەری مەهاباد لە کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغیدا ژمارەیەکی بەرچاو cd و تراکتو بڵاوکراوەی پێوەندیدار بە شەهید شەرەفکەندییان لە گەڕەکەکانی "مەیدانی ئیستقلال، شیلانان، رەزگەیان، مەجبوورئاوا، سێ ئاشان، مەلاجامی"و سەرجەم گەڕەکەکانی دەوروبەری "تەپەی قازی، بەهارستان، شارەك، مەیدانی حەسەنزادەو گەڕەکی خڕێ" بڵاکردۆتەوە.

**● مەریوان**

مزگەوتی هەژارە، مزگەوتی عوسمان، مەیدانی باوە رەشید، مزگەوتی فاتمەی زارا، مزگەوتی حیسامەدین، دارسیرانی ۱و۲، گەڕەکی بیمارستان، بلواری نەورۆزو مەردوخ، گەڕەکی میانەییەکان، بلواری معلم، گەڕەکی باوەڕەشی، مزگەوتی سەلاحەدین ئەیووبی، دەورووبەری مزگەوتی حاجی نجیب، جاددەی کەمەربەندیو هێندێ شوێنیتر.

**● سەردەشت**

دەورووبەری مزگەوتی سوور، گەڕەکی کانیخان، کانی مەڕێ، شەقامی کەمەربەندی، دەورووبەری مزگەوتی قیبلە، گەڕەکی دۆڵتانچك، دەورووبەری سەرچاوێو دەورووبەری چوارڕێیانی هیلالی ئەحمەر.

**● کرماشان:** وەکیل ئاقا، مەسیری نەوت، جەلالیە، مەسکەن، دەوڵەت ئاباد

**● جوانڕۆ:** زۆربەی گەڕەکەکانی شار

**● رەوانسەر:** شەقامی سەرەکیی شار

**● سەڵماس**

رێکەوتی ۸۳/٦/۲۰، دوو ئامۆزا بە ناوەکانی حەمید حەسەنئژادو عەزیز حەسەنئژاد بە ماشینی شەخسیی خۆیان کە جنسی ئازادیان بەرەو تەورێز دەبرد لەسەر رێگای نێوان تەورێز ـ سەڵماس دەکەونە بەر دەسڕێژی هێزەکانی رێژیمو لە ئاکامدا حەمید حەسەنئژاد دەکوژرێو عەزیزیش بریندار دەبێ. شایانی باسە ئەم دوو ئامۆزایە خەڵکی "سەورە"ی دەورووبەری سەڵماس بوون.

● ماوەیەك لەمەوبەر هەیئەتێك سەر بە وەزارەتی نێوخۆی ئێران، دەچنە گوندی "زولاچای"ی سەڵماسو تەرمێکی سەرودەست براو لە بن خاك دەردێنن. پاش لێکۆڵینەوە، دەردەکەوێ کە تەرمەکە کابرایەکی بەنگلادیشی بووە کە بە مەبەستی بەڕێکرانی بۆ تورکیە، بڕی سێ میلیون تمەنی بە باندێکی سەر بە ئیتلاعاتی سەڵماس داوە، بەڵام باندەکە بە شێوەیەکی دڕندانە ئەم کابرایەیان سێ مانگ بەر لە ئێستا کوشتووەو تەرمەکەیان لەو گوندەدا شاردۆتەوە.

**● رووخاندنەوەی مزگەوتێك لەلایەن کاربەدەستانی رێژیمەوە**

لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە کوردە سوننییەکانی دانیشتووی "تازە شار"ی سەڵماس، داوا لە کاربەدەستانی رێژیم دەکەن کە مزگەوتێکیان بۆ دروست بکەن، دوای ئەوە لە رێژیم هیوا دەبڕن، خۆیان لەسەر حیسابی خۆیان دەست دەکەن بە سازکردنی مزگەوتێك، بەڵام کاربەدەستانی رێژیم هەڕەشەیان لێ دەکەن کە ئەگەر دەست لە دروستکردنی ئەو مزگەوتە هەڵنەگرن، لێیان دەڕووخێننەوە. خەڵکەکە وەڵامیان نادانەوەو هێزەکانی رێژیم قسەکەیان دەبەنە سەرێ. دوای ئەوە، خەڵکەکەو بەتایبەتی لەلایەن ژنان بە توندی رووبەڕوویان دەبنەوەو پاشەکشەیان پێ دەکەن.

**● روونکردنەوە**

راپۆرتی بەڕێوەچوونی رێوڕەسمی ۲٥ی گەلاوێژ لەلایەن کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات کە لە خوارەوە ناویان هاتووە بەرێوە چووە، بەڵام بەهۆی ئەوە کە هێندێکیان درەنگ گیراونو هێندێکیشان زۆر درەنگ بە"کوردستان" گەیشتوون، دەقی راپۆرتەکان بڵاو ناکرێنەوە.

کۆمیتەی حیزب لە شاری لینشوپینگی سوئێد، کۆمیتەی حیزب لە شاری ئۆریبرۆی سوئێد، کۆمیتەی حیزب لە شاری نەشوێل سەر بە ئەیالەتی تێنسی، کۆمیتەی حیزب لە شاری لیلەسترۆم ـ نۆروێژ، کۆمیتەی حیزب لە شاری ئۆستفولد ـ نۆروێژ.

**● سەقز:**

### کوژرانی لاوێکی نیشتمانپەروەر

رۆژی چوارشەممە ۱۱ی خەرمانان ۱۳۸۳ی هەتاوی، هێرش گوڵباخی ناسراو بە (گوڵشەن) کوڕی عومەر گوڵشەن بە شێوەیەکی نادیار گیانی لە دەست دا. هێرش تەمەنی ۲٤ ساڵو سەر بە بنەماڵەیەکی نەتەوەپەروەری شاری سەقز بوو، بە جۆرێك کە سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەکەیان تێکەڵاوییەکی شۆرشگێرانەو رۆحیی پتەویان لەگەڵ حیزبی دێموکراتدا هەبوو. هەر بۆیەش رێگەی شەهید عوسمانی مامی هەڵدەبژێریو ساڵی ۱۳۷۸ دێتە ناو رێزەکانی حیزبەوە، بەڵام دوای ماوەیەك بەهۆی کۆمەڵێك گیروگرفت دەگەڕێتەوە شاری سەقزو سەرفرازانە درێژەی بە ژیانو نەتەوەپەروەرێتیی خۆی دا. هەر بۆیەش کوژرانی "هێرش" گومانێکی زۆری پێك هیناوە کە بەدەستی هێزەکانی رێژیم کوژرابێ.

**● سەردەشت**

### خۆسووتاندنی کچێك

کچێك بە ناوی شکۆفە دەروێش، کچی محەممەدی حاج دەروێشی محەممەدی بێوران، لە شاری سەردەشت لە گەڕەکی سوێی بەردەقوچی، ئاوری لە خۆی بەردا، بەڵام زوو گەیشتنە سەریو کوژاندیانەوە، رادەی سووتاوییەکەی ۲٥٪ە. ئەو کچە پێشتر کوڕێکی خۆش ویستووە، بەڵام نەیانداوەتێو داویانە بە کوڕێك کە هەم دزەو هەمیش بێکارەیەو زۆری لەگەڵ خراپ بوەو ناچار ئاوری لە خۆی بەرداوە.

**● مەهاباد**

### هێرش بۆ سەر ئەنجومەنی ئەدەبیی شاری مەهاباد

رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ۱۸ی خەرمانان لەکاتێکدا کۆبوونەوەی حەوتووانەی ئەنجوومەنی ئەدەبیی مەهاباد بەڕێوە دەچوو، هێندێك لە جاشو دەستو پێوەندییەکانی سەر بە ئیتلاعات بە هاوکاری چەند مەنگوڕێکی جاش دەڕژێنە ناو هۆڵی کۆبوونەوەکەو تێکی دەدەن. ئەو حەوتوویەش دیسان نزیکەی ۱۰۰ جاشو بەسیج رژانە ئەنجومەنی ئەدەبیو ئەنجومەنەکەیان شێواند.

**● بانە**

### خۆسووتاندنی کچێك

چەند رۆژ لەمەوبەر لە ئاوایی ساوانی ناوچەی مەیدانانی بانە، کچێکی تەمەن ۱٥ ساڵە بە ناوی مریەمی چراغی لەگەڵ براکەی بەشەڕ دێن، برای ناوبراو پاش لێدانێکی زۆر، داخی دەکا. لە ئاکامدا هەر ئەو رۆژە کچە خۆی دەسووتێنێو بە هۆی سووتاوییەکەی گیانی لەدەست دەدا.

ئاگاهیو پزیشکی قانوونی دەچنە ئاوایی ساوانو بۆ ئێوارەی هەمان رۆژ جەنازەی مریەم ئەدەنەوە بە بنەماڵەکەی. ئەو کارەساتە دەبێتە هۆی خەمو پەژارەی خەڵکی ئاوایی ساوانو دەورووبەری.

**● سەردەشت**

### دیسان تەقینەوەی مین

ئێوارەی رۆژی ۱۳۸۳/٦/۲٥ی هەتاوی لە کێوی دووپەزەی هەڵکەوتوو لە سەر سنووری ئێران- عێراق لە ناوچەی سەردەشت، کوڕێك بە ناوی زانا شێخەپوور کوڕی سمایلە سوور، خەڵکی گوندی بێورانی خوارێ، لە کاتی لەوەڕاندنی مەڕومالات دا، دەکەوێتە ناو مەیدانی مینی چێندراو لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوەو بەداخەوە بەهۆی تەقینەوەی چەند مین، خۆیو چەند سەر لە مەڕەکان دەکوژرێن.

**● کامیاران**

### کوڕێك هێرش دەکاتە سەر بنەماڵەیەك، دوو کەس دەکوژێو ۲ کەسیش بریندار دەکا

شەوی ۲۷ لەسەر ۲۸ی خەرمانان، حسێنی کوڕی عیزەت، خەڵکی "گازرخانی" سەر بە شاری کامیاران دەچێتە تەختی زەنگی لەو ناوچەیەو سەعات ۱ی شەو بە چەکی کلاشینکۆف هەڵدەکوتێتە سەر ماڵی حسێن ئیبراهیمی کوڕی محەممەد باوەیسو تەقە لە ئەندامانی بنەماڵەی ناوبراو دەکا، لە ئاکامدا حسێن ئیبراهیمیو شەهرامی کوڕی دەکوژرێنو خێزانی بە ناوی ئەسماو کوڕێکیان بە ناوی ئیسماعیل ئیبراهیمی ناسراو بە "نیزام" بریندار دەبن.

ئێمە وێڕای مەحکوومکردنی ئەم جینایەتە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی حوسێن ئیبراهیمی دەکەینو هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین.

***

# جەنگێکی نوێ لە سەردەمێکی نوێدا

رووناهی

دیاردەی تیرۆر ریشەیەکی کۆنی هەیە. دەکرێ بڵێین لە دەسپێکی ژیانی مرۆڤەوە ئەم دیاردەیە لە شێوە، رەنگو فورمی جۆراوجۆردا بووەو لە ئاستە جیاجیاکاندا دەرکەوتووەو لەڕاستیدا دەکرێ بڵێین پێوەندیی راستەوخۆی بە ململانێی سیاسیو بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتەوە هەیەو بەگشتی تیرۆر بە کێشەی دەسەڵاتەوە گرێ دەدرێتەوە. بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە شێوە جیاجیاکانی تیرۆر، وەك تیرۆری جەستەیی، رۆحی، ئەشکەنجە، سەرکوت، تۆڵەئەستاندنەوە، بارمتەگرتن، فڕۆکە رفاندن، کەڵكوەرگرتن لە ماددە بیۆلۆژیکییەکان، پێکهێنانی کەشێکی پڕ لە ترسو تۆقاندن لە نێو خەڵکداو... ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئەم چەشنە کردەوە تیرۆریستییانە زیاتر بۆ گەیشتن بە ئاماجە سیاسییەکان کەڵکیان لێوەردەگیرێ.

### تیرۆرو تیرۆریزم

ریشەی وشەی لاتینی terr (ere) بە مانای هەستکردن بە ترسە. بەڵام، تیرۆریزم بە زۆر مانای جیاواز لێك دراوەتەوەو پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە کە ئێمە لێرەدا تەنیا ئاماژە بە چەند پێناسەیەکیان دەکەین. پێناسەیەك کە لە روانگەی فاشیستو ماکیاویلیستو رێچکەو رێبازە هاوشێوەکانیانەوە بۆ تیرۆریزم دەکرێ، بریتییە لە: باوەڕ هەبوون بە پێویستیی مرۆڤکوژی، هەڕەشە، پێکهێنانی کەشێکی پڕ لە ترسو تۆقاندن لە نێو کۆمەڵدا بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکان یا رووخاندنی حکوومەتو بەدەستەوەگرتنی کاروباری دەوڵەت یا سپاردنی دەسەڵات بە دەستی ئەو دەستەو تاقمانە کە بە لای تیرۆریستەکانەوە پەسندن.

بە باوەڕی "یۆرگن هابرماس" وەك نیئۆمارکسیستێك، "تیرۆریزم لە ئەنجامی زەبرێکەوە سەری هەڵ داوە کە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن، بەهۆی خێرایی زۆرو بەرینیی خۆی لە ئاستی جیهانیدا، پێکی هێناوە"، بەڵام "ژاك دریدا" فەیلەسووفی پۆست مۆدێرنی ئاڵمانی، "تیرۆریزم وەك پەرچەکردارگەلێکی بەرەڤانیکارانە پێناسە دەکا کە بۆ خۆیان بەرهەمی مۆدێرنیتەن." هەروەها ناوبراو لەو باوەڕە دایە کە، تیرۆریزم، نیشانەی نەخۆشییەکی خۆوێرانکەر "ئۆتۆئیمۆن"ە کە هەڕەشە لە شێوە ژیانی هاوبەشیکردنی دێموکراتیك، سیستمی قانووندانان کە گرەنتیی جێبەجێکردنیەتیو هەروەها، هەڕەشە لە جیایی راستەقینەی کاروباری مەزهەبی لە کاروباری لائیك دەکا.

لە روانگەی هابرماسو دریداوە، بە جیهانیبوون رۆڵێکی بنچینەیی لە سەرهەڵدانی کێشەی تیرۆریزمدا هەیە (ئەگەر هابرماس پەرەسەندنی نایەکسانییەکان لە ئەنجامی رەوتی خێرای مۆدێرنیزاسیۆندا دەبینێ، دریدا، کێشەکان بە لەبەرچاوگرتنی زەمینەی سەرهەڵدانیان بە رەنگێکی جیاواز راڤە دەکا. بۆ نموونە، بە پێی بۆچوونی دریدا، بە جیهانیبوون بووە هۆی ئەوە کە بوار بۆ دێموکراتیزاسیۆنگەی خێراو تارادەیەك ساناکانی میللەتانی ئورووپای رۆژهەڵات کە سەر بە شورەوی بوون، بڕەخسێنێ. ناوبراو، ئەمە وەك گۆڕانێکی ئەرێنی سەیر دەکا، بەڵام لە پێوەندی لەگەل جیهانی ئیسلامدا، پێی وایە کە جیهانی ئیسلام لەگەڵ دێموکراسیدا کە نێوەرۆکی ئەزموونی مۆدێرنە، نامۆیەو زۆربەی کەلتوورە ئیسلامییەکان لە دەڤەرگەلێکدا هەڵدەدەن کە لێوڕێژن لە سەرچاوەی سروشتیی وەك نەوت. بۆیە جیهانی ئیسلام تایبەتمەندیی خۆی هەیەو هێشتا لە بنەماکانی مۆدێرنیتە تێنەگەیشتوە.

### قۆناغە مێژوویییەکانی سەرهەڵدانی تیرۆریزم

بەگشتی قۆناغە مێژوویییەکانی سەرهەڵدانی تیرۆریزم ئەم سێ قرناغەن:

قۆناغی یەکەم: "قۆناغی پێش مێژوو تا سەدەی هەژدەهەمە" کە پتر ئەو کردەوە تیرۆریستییانە دەگرێتەوە کە بەشێوەی تاکەکەسی لە سەردەمی کۆمارە کۆنەکانی یونانو رومدا ئەنجام دراون. چونکە یەکەمجار نووسەری بەناوبانگی یونانی "گزنفون" ناوی تیرۆری هێناوەو باسی ئەوەشی کردوە کە لە شەڕەکانیشدا پەنا براوەتە بەر هەندێ کردەوەی تیرۆریستی. هێندێك کەس لەو باوەڕەدان کە تیرۆرکردنی ئیمپراتۆر "ژولیو سێزار" لە ساڵی ٤٢ی پێش زایینو تیرۆرکردنی سێ خەلیفە (عومەر، عوسمانو عەلی) لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامدا.



هەروەها نموونەی هەرە بەرچاوی تیرۆریزم لەم سەردەمەدا، تیرۆرە بە بەرنامەو رێکخراوەکانی تاقمی ئیسماعیلیە، واتە دارو دەستەکەی حەسەنی سەبباحە کە بە پشت بەستن بە فتوای ئایینی ئەنجامی دەدەن. چەند نموونەن لە نموونەکانی تیرۆرو هیچ جیاوازییەکیان نیە لەگەڵ تیرۆرکردنی سەرۆکی دەوڵەتێك لەم سەردەمەدا.

قۆناغی دووهەم: لە سەدەی هەژدەو لەڕاستیدا لە شۆڕشی مەزنی فەرانسەوە دەست پێدەکاو هەر لەو کاتەوە بوو کە زاراوەی تیرۆریزم وەك زاراوەیەکی سیاسی کەوتە سەر زاران، چونکە لەو سەردەمەداو بەتایبەت لە ساڵەکانی (١٧٩٣ ـ ١٧٩٤)دا کۆماری ژاکۆبن لە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە دژایەتیی شۆڕشەکەیان دەکرد، پەنای دەبردە بەر کردەوەی تیرۆریستیو لەو ماوەیەدا نزیکەی ٣٠٠ هەزار کەس گیرانو ١٣ هەزار کەسیش لەنێو بران. پاشان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بوو بە هەوارگەی تیرۆر، رێکخراوی تیرۆریستیی "کوکلاس کلان" لەم سەردەمەدا (١٨٥٦) پێك هاتو دەستی کرد بە تیرۆرو تۆقاندنی رەشپێستە کۆچەرەکانو دژایەتیکردنی مافە شارستانییەکانیان.

لە دوو دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمیشدا تاقمو دەستە تیرۆریستییەکان کردەوەکانی خۆیان گەیاندە ئاستی پیرۆزی. لەم ماوەیەدا چەند قەیسەرو سەرۆکێك، وەك "ئابراهام لینکولن"، سەرکۆماری ئامریکا (١٨٦١)، ئەلیکساندری دووهەم، قەیسەری رووسیە (١٨٨١)، سەرکۆماری ئامریکا "جیمس ئا گافیلر (١٨٨١)، سەرۆك وەزیری ئیرلەند، "لۆرد فریدریك کافندش" (١٨٨٢)، سەرکۆماری فەرانسە، "سانی کارنۆ" (١٨٨٤)، پاشای ئیتالیا (١٩٠٠)، سەرکۆماری ئامریکا "ویلیام ماکنلی" (١٩٠١)، پیتر ستولینو گەلێك کەسی دیکە تیرۆر کران.

گەرچی ئەم چەشنە تیرۆرانە نەیانتوانی گۆڕانکارییەکی قووڵ لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووری لە ئورووپادا پێك بێنن، بەڵام باندۆرێکی گەورەیان کردە سەر رەوشی ئورووپا. هەر بەهۆی تیرۆری "دوق فزاز ـ فردنیاند"ی ئیمپراتۆری ئۆتریشو ژنەکەیەوە بوو کە شەڕێکی جیهانی (١٩١٤) هەڵگیرسا.

قۆناغی سێهەم، لە شەڕی دووهەمی جیهانییەوە دەست پێدەکا. تایبەتمەندیی ئەم قۆناغە ئەوەیە کە کردارە تیرۆریستییەکان لەلایەن گرووپو رێکخراوە فکرییە جیاوازییەکانی وەك: چەپەکان، بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانو فێندەمێنتالە ئیسلامییەکانەوە ئەنجام دراون. پاشان ئەم رەوتانەو بەتایبەت رادیکالیزمی ئیسلامی لە سەردەمی شەڕی سارددا، بە هەموو لایەکی دنیادا بڵاو بۆوەو رێکخراو گرووپو دەستەی جۆراوجۆری نێونەتەوەیی پێك هێناو لەڕاستیدا هەلومەرجی زاڵ بەسەر جیهان لە سەردەمی شەڕی سارددا، بۆخۆی یارمەتیدەرو رێخۆشکەر بوو بۆ گەشەکردنی خێرای رەوتە ئیسلامییە توندڕەوەکانو، لەڕاستیدا وڵاتانی زلهێزی جیهان بە گەلێك شێوەو بە گرتنەبەری سیاسەتی پاراستنی هاوسەنگی، خزمەتێکی زۆریان بە رەگ داکوتانو پەلوپۆ هاویشتنی رۆژ لە رۆژ زیاتری تیرۆریزم لە بیچمو قەوارەی جۆربەجۆردا کرد.

### جۆرەکانی تیرۆر

هێندێ لە شارەزایان تیرۆر بەسەر دوو شێوەی سەرەکیدا دابەش دەکەن کە بریتین لە: یەکەم، تیرۆری دەوڵەتی، واتە، تیرۆر لە سەرەوە کە بە تیرۆری "سپی" ناسراوە کە پاشتر ناوێکی دیکە بۆ ئەم چەشنە تیرۆرە بەکار هێنراو، بە "تیرۆری یاسایی" ناسرا، چونکە حکوومەت بە پێی قانوون رەوایی پێی دەدا. نموونەی ئەم چەشنە تیرۆرە، تیرۆریزمی دەوڵەتیی شۆڕشی مەزنی فەرانسەیە. هەروەها رێژیمە تۆتالیتارەکانی دیکەی وەك نازییەکان، پۆلیسی نهێنیی رووسیە لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی ستالیندا، دەوڵەتی ئیسرائیل، کۆماری ئیسلامیی ئێرانو... هتدن. ئەو تیرۆرانەش کە رێکخراوو بزووتنەوە توندڕەوەکان ئەنجامیان دەدەن، بە تیرۆری "سوور" ناسراون.

هەروەك باسمان کرد، ململانێو جەنگی ساردی نێوان دوو جەمسەری جیهانی، بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ بەرپەرچدانەوەو کۆنترۆڵکردنی شەڕی تیرۆریزم، مەترسییەکانی دەکەوێتە سەرشانی ئەو زلهێزانە، چونکە ئەوان بوون ئازادیو دێموکراسییان کردە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی خۆیانو ئێستا دەبێ ئاکامەکانی ئەو سیاسەتەی خۆیان قبووڵ بکەنو بەرنامەیەکی هەمەلایەنە بۆ بووژاندنەوەو قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی وڵاتانی دواکەوتووی جیهانو بەتایبەتی وڵاتانی ئیسلامی دابڕێژنو بە یارمەتیکردنیان لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووریو...دا هەوڵ بدەن، نەهێڵن قازانجپەرستانەی رووتو بەبێ گوێدان بە ئەنجامە ترسناكو ماڵوێرانکەرەکانیو بە قوربانیکردنی هەموو بەها بەرزە مرۆڤانی، سنج (ئەخلاق)ی، دێموکراتیكو ئازادیخوازانەکان، سەرتاپای جیهانو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی پاش برانەوەی شەڕی سارد، راپێچی جەنگێکی نوێ کرد کە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا سەری هەڵداوە. ئەویش شەڕی تیرۆریزمە کە لە گەلێك رووەوە لەگەڵ، یەکەم، شێوەکانی شەڕی کلاسیكو دووهەم، لەگەڵ شێوە کلاسیکییەکانی خۆیدا جیاوازەو تا دێ زیاتر جیاوازییەکانی دەردەکەون. ئەم شەڕە نوێیە بەتایبەت پاش رووداوی دڵتەزێنی ١١ی سێپتامبر نیگەرانی، دڵەڕاوکێ، بێمتمانەییو ئاڵۆزیی فکری بۆ گشت چینو توێژو تاکەکانی کۆمەڵگای جیهانی دروست کردوەو، لە هەموو ئاستەکانداو هەموو دامودەزگا نێوخۆییو نێودەوڵەتییەکانی وەخۆ خستوە. شەڕێکی ئاڵۆز بە پشتبەستن بە تێکنۆلۆژیی پێشکەوتووو مۆدێرنی دنیای ئەمڕۆ، خوێندنەوەو هەنگاوگەلی کردەکیی نوێ دەخوازێ. بێگومان تا دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی گونجاو یەکانگیرکردنی سەرجەم هێز، ئامراز، توانا دیپلۆماتیكو فەننییەکانی وڵاتانی دنیا بۆ ریشەکێشکردنی تیرۆر رێگایەکی سەخت، ناهەموارو پڕ لە زەرو زیان لە بەردەم مرۆڤایەتیو کۆمەڵگای جیهانی دایە.

ئەم شەڕە مەزنە جیهانییە پێویستیی بە خوێندنەوەی وردو رەخنەگرتنی بێبەزەییانە لە سیاسەتو رەفتاری وڵاتانی زلهێزو بڕیار بەدەست هەیە. چونکە هیچ گومانی تێدا نیە کە بەشێکی هەرە زۆری ئەو شەڕەی ئێستا، لە ئەنجامی سیاسەتە چەوت، پڕ لە سووکایەتی، بێدادیو زوڵموزۆرییەکانی ئەوانەوە دەرهەق بە میللەتانی دیکەی دنیا سەرچاوە دەگرێ کە لە هەموو لایەنە جیاجیاکانی ژیانی ئەم میللەتانەدا رەنگیان داوەتەوە. کەواتە ئەرکی ئەو کەلێنە بەرینەی کە بۆ خۆیان پێکیان هێناوە، لەوە بەرینتر بێتەوە.

### بڕیارنامەو یاسا نێونەتەوەییەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی تیرۆریزم

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە سییەکانی سەدەی بیستەمەوە، هەستی بە مەترسیی تیرۆری نێودەوڵەتی کردووەو هەوڵی قەڵاچۆو کۆنترۆڵکردنی داوەو، بەشێوەیەکی سەرەتایی لە تیرۆریزمو ئاکامەکانی کۆڵیوەتەوە. بەڵام، لە ساڵانی شەستی زایینی بەملاوە بوو کە، کۆمەڵێك رێککەوتننامەی ناوچەییو نێودەوڵەتی لەم پێوەندییەدا پەسند کران. ئەویش بەشێوەی بەند لە چوارچێوەی کاری ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا. بۆ نموونە لە یەکێك لەو بەندە پەسندکراوانەی ساڵی (١٩٧٣)ی زایینیدا هاتوە: "هەر چەشنە کردەوەیەکی تیرۆریستی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کە گیانی ئینسانەکان بخاتە مەترسییەوەو هەڕەشە لە ئازادییە بنچینەییەکانی ئەوان بکاو ببێتە هۆی قوربانیبوونی خەڵکی مەدەنیو تەنانەت تیرۆریستەکانیش، کارێکی ناڕەواو قەدەغەیە."

### هێندێك لە رێککەوتننامەو پەسندکراوە نێونەتەوەییەکان لەمەڕ تیرۆر

١) رێککەوتننامەی ئورووپایی دژی تیرۆر لە ساڵی (١٩٥٩) بۆ گەڕاندنەوەی تاوانباران“ ٢) پەسندکردنی دوو رێککەوتننامە بۆ بەرپەرچدانەوەی تاوانەکانی ناو فڕۆکەکان، فڕۆکە رفاندنو دروستکردنی مەترسی لەسەر فڕینی فڕۆکە مەدەنییەکان“ ٣) پەسندکردنی رێککەوتننامەیەك بۆ پاراستنی گیانی دیپلۆماتە ناسراوەکان“ ٤) رێککەوتننامەی ئورووپایی ساڵی (١٩٧٦) بۆ سەرکوتکردنی تیرۆر“ ٥) رێککەوتننامەی ناوچەیی نێوان ئامریکاو کانادا بۆ گەڕاندنەوەی تاوانبارانی رفاندنی فڕۆکە، پاپۆرو کردەوەی دیکەی تیرۆریستی“ ٦) بڕیارنامەی (١٩٩٢)ی نەتەوە یەکگرتووەکان“ ٧) دوو بڕیارنامەی ١٣٦٨و ١٣٧٣ی مانگەکانی سێپتامبرو دیسامبری ٢٠٠١، دژ بە تیرۆریزم کە لەواندا ئەنجومەنی ئاسایش داوای لە هەموو وڵاتانی جیهانی کردوە کە پشتیوانیی ماڵیو دارایی لە تیرۆریزم وەك تاوان سەیر بکەن. وێڕای بەستنی حیسابە ماڵییەکانی تاقمە تیرۆریستەکان، پێش بە جموجۆڵی ئەم تاقمو کەسانە بگرن کە گومانی ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستییان لەسەرە.

ئەگەر سەرنجی ئەو رێککەوتننامەو بڕیارنامانەی سەرەوە بدەین، دەردەکەوێ کە ئەوەی دواییان (ژ ٧)، کە لە (٩) خاڵو چەندین بەنددا دارێژراوە، لە چاو بڕیارەکانی دیکە خەملیوترو تێرو تەسەلترە، بەڵام بەو حاڵەش هێشتا زووە کە پێناسەیەکی تەواو، گشت لایەنەو جیهانی بۆ تیرۆر بکرێ کە هەموو لایەك هاودەنگ بن لە سەریو سەرجەم تواناکانی خۆیان بۆ کۆنترۆڵو قەڵاچۆی ئەم جەنگە نوێیە تەرخان بکەن. جەنگێك کە سەرلەبەری کۆمەڵگای جیهانیی تووشی بێمتمانەییو وەحشەت کردوە. جا بۆیە دەبێ وڵاتانو کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بە سەرنجدان بە مەترسیداربوونی لەرادەبەدەری ئەم شەڕە (شەڕی تیرۆریزم)، یاساو پلانێکی ئەوتۆ دابڕێژن کە هێزو وزەی یەك یەکی خەڵکی جیهان بۆ بەرپەرچدانەوەی تیرۆر یەك بخا.

***

ژێدەرەکان:

ا ـ "کوردستان" ژ، ٣٢٦. ئورگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢ـ گۆڤاری "سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی"، ژ، ٤١. دەقی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش لە دژی تیرۆر

٣ـ بەشێك لە وتووێژی "جیوانا بوورادوری" لەگەڵ "یورگن هابرماس"و "ژاك دریدا"، دوو روشنبیری گەورەی هاوچەرخ، سەبارەت بە تیرۆریزم



# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب

## بۆ كۆنگرەی یەكەمی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران

**"لەلایەن هاوڕێی تێكۆشەر كاك مستەفا هیجری، سكرتێری گشتیی حیزبەوە"**





دیمەنێك لە بەشدارانی ڕێوڕەسمی كرانەوەی كۆنگرەی ژنان

بەڕێز یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران!

بەڕێزان نوێنەرانی بەشدار لە كۆنگرەی یەكەمی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران!

خوشكانی تێكۆشەر!

سڵاوێكی گەرمتان لێ بێ.

بە بۆنەی بەستنی یەكەمین كۆنگرەتانەوە پیرۆزباییتان لێ دەكەین‌و ئاواتەخوازین كارو بەرنامەكانی دیاریكراوی كۆنگرە بە سەركەوتنەوە كۆتایی پێ بێ.

كۆنگرەی ئێوە لە هەلومەرجێكدا پێك دێ، كە خێرایی ئاڵوگۆڕەكان لە بواری زانست‌و تێكنیكدا گەیشتۆتە ئاستێكی یەكجار بەرزو، ئەم ئاڵوگۆڕانە سیمای جیهانیان گۆڕیوە. پەرەگرتنی دێموكراسی یەكێك لە هۆیەكانی ئەم پێشكەوتن‌و ئاڵوگۆڕانەیە كە دەوری ژنی پێشكەوتووو پێگەیشتووی ئەمڕۆش دەستنیشان دەكا، لە كونجی ماڵ‌و هێندێك ئەركی سنووردار دەیانهێنێتە دەرێ‌و لە پێكهێنانی ئاڵوگۆڕی كۆمەڵگادا بەشداریان دەكا. بەشداریی ژنان لەو ئاڵوگۆڕانەدا لە لایەك بەستراوەتەوە بە تێكۆشان‌و تێفكرینی پیاوانی دێموكرات‌و، لە لایەكی دیكەشەوە بە تێكۆشان، فێربوون‌و ماندوویی‌نەناسی ژنانی ئازاو دێموكرات.

لە وڵاتی ئێمە ئێراندا، كەم نین ئەو پیاوانەی كە باوەڕیان بە مافی وەك یەكی ژن و پیاو هەیەو لەو بوارەدا یارمەتیدەری بەرەوپێشچوونی ڕەوتی ڕزگاریی ژنانن‌و، ژنانیش بەگشتی، بە ئازایەتی‌و لێبڕاویی تەواو لە بەرامبەر ستەم‌و دەسەڵاتدارەتیی حكوومەتی كۆماری ئیسلامی كە باوەڕی بە مافی ژنان نیەو وەكوو كۆیلە لەگەڵ ئەوان دەجووڵێتەوە، ڕاوەستاون‌و بەشێك لە مافە زەوتكراوەكانیان وەدەست هێناوە. كۆماری ئیسلامیی ئێران وەكوو بۆچوون‌و دەسەڵات، گەورەترین كۆسپی سەر ڕێگای پێشكەوتنی كۆمەڵانی خەڵكی ئێران، بەتایبەت ژنانە نەك هەر لە ئێران، بەڵكوو لە هەموو ناوچەدا. ئەو دیاردەیە تێدەكۆشی بە زەبرو زۆرداری ئەو مافانەی ژنانی ئێران بە قیمەتی ئەشكەنجەو زیندان‌و تەحقیر لە ماوەی زیاتر لە ٢ دەیەی ڕابردوودا بە دەستیان هێنابوو، لێیان زەوت بكاو لە كونجی ماڵیان پەستێوێتەوە. لە تەعالیم‌و بنچینەی فیكریی ئەواندا، ژن دەوری كەرەسەیەكی هەیە كە لەبەر دەستی ئەوان دایەو هەر چۆنێك ویستیان كەڵكی لێ وەردەگرن. بۆیە ئازادیی ژن لە ئێراندا بە بوونی كۆماری ئیسلامی وەدی نایە، كەوابوو یەكێك لە سەرەكی‌ترین ئەركی ژنانی ئێران شانبەشانی پیاوانی ئەو وڵاتە، تێكۆشان بۆ لابردنی ئەو ڕێژیمەو هێنانە سەركاری ڕێژیمێكی دێموكراتیكە. دیارە لە تەنیشت ئەو تێكۆشانەدا هەوڵدان بۆ ئازادیی ژن‌و بەرگری لە دەسكەوتەكانیان وەزیفەیەكە لە سەر شانی هەموو ژنێكی دێموكرات‌و پێشكەوتوو.

ژنانی كورد لە كوردستانی ئێران شانبەشانی ژنانی بەشەكانی دیكەی ئێران‌و بگرە زیاتر لەوانیش تێكۆشاون‌و تێدەكۆشن بۆ لابردنی سایەی شوومی كۆماری ئیسلامیی ئێران‌و گەیشتن بە ئازادی.

شەهیدبوونی دەیان ژن‌و كچی ئازا لە لیباسی پێشمەرگایەتی‌و لە بەربەرەكانێ ڕووبەڕوو لەگەڵ بەكرێگیراوانی ئەو ڕێژیمە، زیندانی‌و شكەنجەو ئیعدامی سەدانی دیكە لەوان لە گۆشەی زیندانە بەدناوەكانی ڕێژیمدا، نیشانەی ئەو وشیاری‌و تێكۆشانەیە.

یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە سەرەتای پێكهاتنی‌یەوە لەو بوارانەدا دەورێكی باشی بووەو هیوادارین لەم كۆنگرەیەشدا بە تاوتوێكردنی هەلومەرجی ژنان لە كۆماری ئیسلامی‌و ناوچەدا، هەروەها باسی ڕاشكاوانە لەسەر كەموكوڕی‌یەكانی تا ئێستایان، بەرنامەیەكی شیاوو گونجاوی ئەوتۆ بۆ داهاتوو دابڕێژن كە وەڵامدەری ویست‌و داخوازەكانی سەردەم بێ. بەرنامەیەكی كار كە هەردوو بواری بەربەرەكانێ لەگەڵ ڕێژیم‌و تێكۆشان بۆ مافی ژن لە كوردستانی ئێران لە خۆ بگرێ.

لە بەڕێوەبردنی بەرنامەیەكی ئەوتۆدا، حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بە یارمەتیدەرو پشتیوانی هەمەلایەنەی خۆتان بزانن. ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، وەك پرەنسیپ بەرگری‌كردن لە مافی ئێوە ژنان، بە ئەركی خۆی دەزانێ‌و لەو پێناوەدا چی لە دەستی بێ، درێغی ناكا.

سەركەوێ كۆنگرەی

یەكەمی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران!

بڕووخێ ڕێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێران

دوژمنی ماف‌و ئازادی‌یەكانی ژنان!

حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، دەفتەری سیاسی

١٣٨٣/٦/٢١ (١٠ی سپتامبری ٢٠٠٤)

---

# تیرۆریزم لە ئێران، تاكتیك یان بەشێك لە ستراتێژیی دەوڵەتی

كرمانج حەقی

ڕۆژی ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩، هەواڵی تیرۆری گەورەپیاوی كوردو كوردستان، دوكتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی بوو بە هۆی لە ماتەمین چوونی گەلی كورد لە سەرانسەری كوردستاندا. د.قاسملوو و هاوڕێیانی لەسەر مێزی وتووێژ بۆ چارەسەری كێشەی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان لەگەڵ دیپلۆماتە تیرۆریستەكانی كۆماری ئیسلامی لە شاری ڤیەنی ئوتریشدا تیرۆر كرا.

زۆری نەخایاند دەوڵەتی ئوتریش لە بەرانبەر پەیمانێكی گەورەی بازرگانیدا، قاتڵانی قاسملوویان بەرەو تاران ئیسكۆرت كرد. ئەم كردەوەیە بوو بە هۆی شێلگیرتربوونی كۆماری ئیسلامیی ئێران لە تیرۆركردنی ڕكەبەرانی سیاسیی خۆی‌و بەتایبەت ڕێبەرانی كورد.

لە ئەنجامی دادگای ناسراو بە میكونووس، كە دوای تیرۆركرانی د.شەرەفكەندی‌و هاوڕێیانی لە ١٧ی سێپتەمبری ١٩٩٢ لە بێرلینی ئەڵماندا پێك هاتبوو، كۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرزترین ڕادەی ڕێبەرایەتیی خۆیەوە وەك تاوانبارو داڕێژەری تیرۆری نەیارانی خۆی لە دەرەوەی وڵات ناسرا.

داخوا تیرۆریزمی دەوڵەتی لە ئێراندا تاكتیكە یان بەشێك لە ستراتێژیی هێمنایەتیی دەوڵەتی بۆ درێژەدانی حاكمییەتی خۆی؟ بۆ ڕوون بوونەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە لەو وتارەدا بە كورتی مێژووی تیرۆریزم لە ئێراندا شی دەكرێتەوە.

تیرۆریزم لە ئێراندا خاوەنی مێژوویەكی دوورو درێژە، بەڵام تیرۆریزم بە شێوازی مۆدێرن لە كۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا سەری هەڵدا.

بە درێژایی مێژوو تیرۆریزم لە ئێراندا بەشێك لە دیمەنی سیاسیی ئەو وڵاتە بووە. تەنانەت لەناو ئەندامانی بنەماڵەی شاكانی ئێرانیشدا بینراوە. دەكرێ بڵێین تیرۆر یان وشەی ئەسەسیەن "assassin" واتا "بكوژ" یان "قاتڵ" لە فەرهەنگی سیاسیی ئێرانەوە بۆ جیهان بڵاو بۆوە، هەرچەند لەوانەیە ئامانجی ئەو جۆرە قەتڵانە سیاسی نەبووبێ.

یەكەم تیرۆری سیاسی لە ئێران بە تەقەی میرزا ڕەزا كرمانی لە ناسرەدین شا لە ساڵانی ١٩٠٥دا، دەستی پێكرد. میرزا ڕەزا كێشەی تاكەكەسی لەگەڵ ناسرەدین شادا نەبوو، بەڵام بە تەقە لە ناوبراو ویستی دژایەتیی خۆی لەگەڵ سیستەمی حاكم ڕابگەیەنێ.

بەدوای شۆڕشی فەڕانسەو سەركەوتنی بلشۆڤیكەكان لە سۆڤیەتی پێشوو، تیرۆریزمی سیاسی جێ‌پێی خۆی لە ئێراندا كردەوە. لە ئێرانی پاشایی باوبوو، ئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتی لە پێناو وەدەستهێنانی تاج‌وتەختدا یەكتر بكوژن. زۆرجار بینراوە لە پێناو دەسەڵاتدا لە ئێران كوڕ باوك بكوژێ یان بەپێچەوانەوە، بەڵام بە تەقەی میرزا ڕەزا لە ناسرەدین شا، دەورانێكی نوێ لە مێژووی تیرۆر لە ئێراندا دەستی پێكرد. بەدوای ئەو ڕووداوەدا تیرۆر لە ئێراندا بوو بە بەشێك لە فەرهەنگی سیاسیی وڵات.

لە سەردەمی پاشایی بنەماڵەی پەهلەویدا، یەكەم هەنگاوەكانی تیرۆری دەوڵەتی لە ساڵی ١٩٣٠ دەستی پێكرد، ڕەزا شا ڕێبەری جووڵانەوەی كورد، سمایل خانی شكاك بۆ وتووێژ بانگ دەكاتە شاری شنۆو لە ڕێگادا بەرلەوەی بە شوێنی وتووێژ بگا، دەیكوژێ.

دوای كۆتایی‌هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی‌و دەسەڵاتدارێتیی محەممەدڕەزا پەهلەوی، تیرۆریزم بوو بە بەشێكی گرنگ لە سیاسەتی بەرگریی پەهلەوی دژی نەیارانی خۆی لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات. دوای ڕووخانی كۆماری كوردستان‌و حكوومەتی ئازەربایجان ڕێژیمی شا تەنیا بە ئێعدام‌و زیندانی‌كردنی كاربەدەستانی هەردوو حكوومەتەكە نەوەستان، بەڵكوو هەوڵیان دا كاربەدەستان‌و لایەنگرانی كۆماری كوردستان‌و حكوومەتی میللیی ئازەربایجان لە نێوخۆو دەرەوەی سنوورەكانی ئێران بكوژن. هاوكات دوای دوورخرانەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی لە ئێران لە شەستەكان (١٩٦٠)دا، لایەنگرانی خومەینی گەلێك لە كارمەندان‌و پەیمانكارانی سەر بە ڕێژیم‌و خەڵكی ڕۆژئاوایان بە فەرمانی خومەینی كوشت.

لە پەنجاكان بە دواوە، ڕێژیمی پاشایەتی بۆ لەناوبردنی نەیارانی خۆی سنووری جوغرافیایی ئێرانی بەزاندو ڕایەڵكەكانی ساواكی بەرەو عێراقدا، بڵاو كردەوە. ئامانجی سەرەكیی ساواك گوشار خستنە سەر دەوڵەتی عێراق‌و لەناوبردنی نەیارانی سیاسی بەتایبەت ڕێبەرانی كورد بوو كە لەو وڵاتەدا پەنابەر بوون. بەوە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بوو بە بەشێك لە ستراتێژی لەناوبردنی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران.

دوای شۆڕشی ١٩٧٩و هاتنەسەركاری ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی، تیرۆرو تیرۆریزم بە شێوەیەكی بەربڵاو لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناویندا بڵاو بۆوە. بارمتەگرتنی ٥٥ دیپلۆماتی ئامەریكایی لە تاران لە ساڵی ١٩٧٩و ئاكامەكانی ئەو بوو بە هۆی شێلگیرتر بوونی هێزە توندڕەوەكان لە بەكارهێنانی تیرۆر، وەك چەكێكی بەكار بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانیان. لە ساڵی ١٩٨٠ەوە كۆماری ئیسلامی ئێران لە لوبنان، فەلەستین، لەگەڵ سووریا وەك هاوكار، پشتیوانی سەرەكیی هێزە تیرۆریستی‌و توندڕەكان بووە.

كۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەواویەتی خۆیدا دژی پرۆسەی ئاشتیی ئیسرائیل‌و فەلەستین بووەو هەموو هەوڵێكی داوە بۆ بەچۆك داهێنانی ئەو پرۆسەیە. بە بڕوای خومەینی بنیاتنەری كۆماری ئیسلامی‌و ئەو كەسەی فەرمانی جیهادی دژی گەلی كورد دەركرد، ئیسرائیل شێرپەنجەی جیهانی ئیسلامە. سەرۆك كۆماری ئێران، محەممەد خاتەمی، ئیسرائیل بە دەوڵەتێكی نایاسایی دەزانێ‌و ڕەفسەنجانی لەو بڕوایەیە كە دەبێ "خەبات دژی ئیسرائیل ئەوەندە درێژە بكێشێ تا ئەو وڵاتە لەسەر گۆی زەوی لەناو دەچێ".

لە سەرەتای ١٩٨٠دا، تیرۆریزم بەشێك بووە لە سیاسەتی ئێران لە مەیدانی نێودەوڵەتی‌داو تیرۆر وەك ئامرازێكی گوشارهێنان بۆ وەرگرتنی "ئیمتیاز" لە وڵاتانی ڕۆژاوا بەكار هێنراوە. دانی پشتیوانیی لۆجستیكی‌و سیاسی بە هێزە تیرۆریستی‌یەكان‌و فرۆكەڕفاندن‌و دوایە بوون بە لایەنێك لە گفتگۆ بۆ مامەڵەی "ئازادكردنی بارمتەكان" سیاسەتێكی بەكاری كۆماری ئیسلامی بووە لە پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەكاندا. فەرمانی قەتڵی نووسەری "ئایەتە شەیتانی‌یەكان"، سەلمان ڕوشدی لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینی لە ساڵی ١٩٨٩دا، كۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە شێوەی فەرمی كردە مەكۆی تیرۆریزمی دەوڵەتی. هەرچەند جارێ فتوای خومەینی جێبەجێ نەبووەو دەوڵەتی خاتەمیش ڕایگەیاندوە كە كەس بۆ كوشتنی سەلمان ڕوشد نانێرن، بەوحاڵە ئەو فتوایە هەر لە جێی خۆی ماوەتەوەو خەڵاتی ٢,٥ میلیۆن دۆلاری بۆ كوشتنی ناوبراو هەر چاوەڕێی وەرگری خۆیەتی.

تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بۆ لەنێوبردنی نەیارانی سیاسیی نێوخۆیی یەكێك لە شێوازەكانی هەرەكاریگەری ئەو ڕێژیمە بووە. دوای كارەساتی بێرلین لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢، ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات، بە شێوەیەك تاسا بوو كە تا ڕاگەیاندنی ئاكامی دادگا كەمتر چالاكیی لە خۆی دەنواند.

لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٦٠ كەس لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە وڵاتانی ئورووپا لە لایەن كۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تیرۆر كراون. ئێران بە كەڵك وەرگرتن لە سیاسەتی مۆنۆلۆگی خۆی، بە گشتی زۆر بە ئاسانی خۆی لە بەرپرسایەتیی حقووقیی كردەوەكانی دەرباز كردوە. ئاكامی دادگای میكونووس، كە لەودا بەرزترین ئاستی ڕێبەرایەتیی كۆماری ئیسلامی تاوانبار ناسرا، بۆ تەواویەتی كۆماری ئیسلامی‌و پێوەندی‌یەكانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە بە بوومەلەرەی شكستی سیاسەتەكانی تیرۆریستی ئەو ڕێژیمە دەناسرێ. لەمەودوا بۆ كۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوەندەی پێشوو ئاسان نەبوو لە دەرەوەی سنوورەكانی خۆیدا دەست بۆ كاری تیرۆریستی بەرێ، بۆیە ماشێنی تیرۆری ڕێژیم ڕووی لە نێوخۆی وڵات كرد.

لە ساڵی ١٩٩٧ەوە شەپۆلێكی تازەی تیرۆری كۆماری ئیسلامی دەستی پێكرد. كە تا ئەمڕۆش بە شێوەگەلی جۆراوجۆر درێژەی هەیە. كە بە قەتڵە زنجیرەیی‌یەكان ناوبانگیان دەركردوە، لە نێو كوژراوەكاندا داریووش فروهەرو خێزانی، وەزیری كاری دەوڵەتی كاتی‌و سەرۆكی "حیزبی میللی ئێران"و بە دەیان ڕۆژنامەنوس، نووسەر، ڕۆشنبیروجیابیری نێوخۆیی دەبینرێن.

دوای كارەساتی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١و هێرش بۆسەر ناوەندی جیهانیی بازاڕو هێرش بۆسەر ئەفغانستان‌و عێراق، ئێران وەك یەكێك لە ئەندامانی تەوەری شەڕ سیاسەتێكی تازەی گرتە پێش: لە پلەی یەكەمدا بە پشتیوانیی لە ئەنساروئیسلام‌و جیهادو حیزبوڵڵای فەلەستین دەیهەویست قورسایی خۆی لە ڕووداوەكانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نیشان بداو نیشان بدا بەبێ ڕەزامەندی‌و ویستی ئەو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕووی ئارامی بە خۆیەوە نابینێ. لە لایەكی دیكەوە بە شكست پێ‌هێنانی پرۆسەی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل‌و فەلەستین نەخشەی ڕێگای بەرەو شكست بردو نیشانیدا كە لەسەر ئامانجی لەناوبردنی ئیسرائیل لەسەر گۆی زەوی سوورە. ئامانجی دووەمی كۆماری ئیسلامی بە پشتیوانیكردن لە هێزە تیرۆریستی‌یەكانی نێو عێراق‌و ناردنی هێزی تیرۆریستی بۆ نێو عێراق پێشگیری لە پرۆسەی دێموكراسیزاسیۆنی ئەو وڵاتەو زەمینگیركردنی هێزەكانی هاوپەیمانان لە عێراقداو سەرەنجام شكست هێنان بە هەڵبژاردنی سەرلەنوێی جۆرج بووش‌و ناچاركردنی ئەمریكا بە قبووڵی شكست لە هێرش بۆ سەر عێراقە. لەگەڵ ئەمانە كۆماری ئیسلامی بە كەڵك وەرگرتن لە چەكی شیعە، دەیهەوێ ڕەوتی سیاسی لە عێراقدا بەرو دامەزراندنی سیستەمێكی لە جۆری خۆی لە عێراق بگۆڕێتەوە. ئامانجێكی دیكەی كۆماری ئیسلامی لە پشتیوانی لە تیرۆریزمی نێونەتەوەیی جێبەجێكردنی ستراتیژیی بەرگری "پێشگیرانە"(١)، كە دوای هێرشی هێزەكانی نێونەتەوەیی بۆ سەر ئەفغانستان وەك ستراتیژی بەرگریی كۆماری ئیسلامی دیاری كرا. ناونووسینی دە هەزار كەس بۆ كردەوەی خۆكوژی لە هەفتەكانی ڕابردوو لە تارانیش بەشێك لەو ستراتێژیەیە كە درێژەی هەیە.



ڕێبەرانی تیرۆریستپەروەری كۆماری ئیسلامی

### داخوا تیرۆریزم بۆ كۆماری ئیسلامی تاكتیكە یان ستراتێژی؟

ئایەتوڵڵا خومەینی دامەزرێنەری كۆماری ئیسلامی وەڵامی ئەم پرسیارەمان زۆر بە ڕوونی دەداتەوە: "دوای سەركەوتنی شۆڕشی ئیسلامی‌و ڕاگەیاندنی كۆماری ئیسلامی، هەندێك لە هێزەكانی نێوخۆیی بە پشتیوانیی بێگانەكان‌و سەهیۆنیزم دژایەتییان لەگەڵ ئیسلام‌و كۆماری ئیسلامیدا نواند. تەنانەت هەندێك لەوان دژایەتیی ئێمەو هەڵبژاردنەكانیشیان كرد. هەمووتان دەزانن كە حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، ئەمریكایی‌یەو سەهیۆنیزم پشتیوانیی لێ دەكا. حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بە حیزبێكی هەڵوەشاوە ڕاگەیاندراوە، چونكە حیزبێكی شەیتانی‌یە"(٢).

"هەڵەی گەورەی ئێمە ئەوە بوو، كە شۆڕشگێڕانە ڕەفتارمان نەكرد. ئێمە بەو هێزە شەیتانیانە ئازادیمان بەخشی. ئەگەر لە سەرەتاوە بە خێرایی كارمان كردبا هەروەك لە پێوەندی لەگەڵ حكوومەتی تاغوتیمان كرد، ئەگەر لە سەرەتادا ئەو قەڵەمە پیسانەمان بشكاندایەو ئەو ڕۆژنامە شەیتانیانەمان داخستباو ئەگەر لە كاتی خۆیدا ڕێبەری هەموو گرووپە

بۆ لاپەڕەی ٩

# پاپلۆ نێرۆدا لە دوارۆژەکانی ژیانی‌دا

**"دوو کەس کە بەختیارانە یەکتریان خۆش دەوێ، نە کۆتایی‌یەکیان هەیە، نە مەرگێك. ئەوان وەك سروشت تاهەتایین."**

***پاپلۆ نێرۆدا***

***وەرگێڕان لە فارسی‌یەوە: قادر وریا***

لـە ئـەدەبیاتی جیهـانـدا، بەسـەرهاتە خەمهێنەرەکان ـ سەرچاوەکانی جوانی‌و نیانی ـ کەم نین. چیرۆکی مەرگی نێـرۆدا، شـاعیری گـەورەی شیلی‌و وەرگـری خـەڵاتی نـۆبێلی سالـی ١٩٧١ی ئـەدەبیات، سـەبارەت بـە ناتەبایی یەکجار زۆری هەلومەرجی شـوێنی‌و زەمـەنیی مردنـی لەگـەڵ گیـانی گەشـی ژیانەکەی، یەکێك لەو بەسەرهاتانەیە. نێرۆدا لەو شاعیرە بە ژمارە کەمانەیە کـە نەتـەنیا شێعریان، بەڵکوو خۆیان ـ ئاکاریـان، بیریـان ـو سـەرجەمی بوونیـان، نـەك هـەر لەسـەر کۆمەڵگەکەیان ـ بەڵکوو لەسـەر سـەرجەمی کۆمەڵـگـەی مرۆڤایـەتی، شـوێنیان دانـا. شوێندانانێکی باش‌و بەراستی قووڵ. شێعرە پڕاوپڕ لـە هەسـتەکانی ئـەو، بـۆ خـەڵکی نیشـتمانەکەی‌و، هـەروەها بـۆ ئیسـپانیایی زمانـەکانی دیکـە، جوانی‌یـەکی پـیرۆزو زمانێکی سیحراوییان هەبوو.

بەو هۆیەوە کە نێرۆدا ـ بە خۆشی‌یەوە ـ لە کۆمەڵگەی ئێرانی‌یە کتێبخوێنـەکاندا بـە باشی ناسێندراوە، لـە کـورتیی دەبڕمـەوەو، وەرگێڕاوی خوارەوە پێشکەشی عاشقانی ئـەم شاعیرە دەکەم. ئـەم بەسـەرهاتە لـە زمـانی "ولودیا تایتل بوییم"ەوەیە کە لـە دۆسـتانی نزیك‌و هاوکارانی نێرۆدایەو هەموو شتەکانی لـە زمـانی هاوسـەری نێـرۆدا، "ماتیلـدە"، بیستوە:

"خوسرەوی سابیت قەدەم"

**کەسێك کە بیرەوەری‌یەکانی نێـرۆدا نەخوێنێتـەوە، عـەمری بـە زایـە چوە. نەخوێندنـەوەیان نەخۆشـی‌یەکی هەمیشـەیی تـادێ قـووڵترە کـە ئاکامێکی زۆر تاڵی دەبێ. وەك ئەوەیە کەسێك لـە ژیـانی‌دا هـەرگیز خـۆخی نـەخواردبێ. کەسـێکی ئـاوا بەرەبـەرە سیس‌و زەردو ڕەنـگ بزرکـاو دەبـێ‌و لەوانەشـە تووکەکانی هەڵوەرێن.**

**خۆلیۆ کورتازار**

**ماڵاوایی**

نێـرۆدا، داوای لـێ کردبـووم بچـمە سەردانی. ئەم کارەم هەمیشـەو هـەمووکات کـە دەمتـوانی، دەکـرد. دواجـار ٣٠ی ژوئیـە[1] بـوو. ڕۆژی دواتـری دەبوایـە بچـمە سەفەری ئوروپا ـ سەفەرێك کە چەندین جـار دوام خستبوو. ئاڵیندە[2] ڕای‌سپاردبووم تا لـە ئورووپا هەلومەرج‌و بـارودۆخی شـیلی، شـی بکەمەوەو هەر پشتیوانی‌یەکی دەگونجێ، ڕای بکێشم تا پـێش بـە رووخـانی دێموکراسـی‌و وەڕێکـەوتی لافـاوی خـوێن بگـیرێ. نێـرۆدا نیگەران‌و نائـارام بـوو، چونکە دەیـدی هـا ئێستا ها دەمێکی‌تر، بـارودۆخی وڵات تێـك بچـێ. داوای لـێ کـردم هەرچـی زووتـر بگەڕێمەوەو، گوتی دەبێ پێکەوە بدوێین. لـە چاوانی‌دا ترسم بەدی دەکرد، ترس لەوە کە تا دەگەڕێمەوە مردبێ.

پێم گوت لە ئورووپا کـارم زۆرە، بـەڵام بـە زووتـرین کـات دەگەڕێمـەوە، دیسـانیش تکاکەی خۆی دووپات کردەوە. لەو وتووێژەدا زۆر شـت بـە نـەگوتراوی مایـەوە. بـەڵام چاوەکانی‌و، ئەو شتانەی لە نێو قسـەکانی‌دا، شاردرابوونەوە، هەموو شـتێکیان دەدرکانـد. نیگـەرانیی ئـەو، تـەنیا لەمـەڕ سـلامەتیی خۆی[3] نەبوو. بەڵکوو سەبارەت بـە بەڵایـەك بوو کە ئەو، هەستی بە نزیکبوونەوەی دەکرد، بەڵایەك کە هەڕەشەی لـە سەرانسـەری وڵات دەکرد.

باوەشم پێدا کرد، بێ ئـەوەی بـزانم کـە ئـەوە دوا دیدارمانـە. لـوئیس کـوروالان‌و ژنەکەی ١٢ـ١١ ڕۆژ پێش کودێتا، نێرۆدایان دیت. ئەو هەروا نیگەرانی ئەو شتە بـوو کـە خەریکبوو رووی دەدا. تەنانـەت پێـی وابـوو ئەگەر کودێتاچی‌یەکان سـەر کـەون لەوپـەڕی توورەیی‌و توندوتیژی‌دا هـەڵ دەکوتنـە سـەر "ئیزلانگـرا"[4]. کـوروالان هەوڵـی دابـوو هێمنی بکاتـەوە. "لەوانەیـە کودێتـا بکـرێ بەڵام پابلۆ! دەست لـە تـۆ نـادەن. تـۆ لـەوە گەورەتری کە بت وێرنێ". نێرۆدا بە ئـارامی بەڵام بە دڵنیایی‌یـەوە وڵامـی دابـووەوە: لـە هەڵەدای. گارسیا لۆرکا، شای قەرەجان بـوو، کەچی بینیتان چیان بەسەر هێنا.

### مردن لە هەناوی مردن‌دا

ڕۆژێك کە کودێتا کرا، من لـە ڕۆمـەوە دەگەڕامەوە مۆسکۆ. قەرار بـوو ئێوارەکـەی بـەرەو سـانتیاگۆ بفـڕم‌و بگەڕێمـەوە سـەر کارەکانم. بە نیاز بووم ڕۆژێك دوای گەڕانەوەم بچمە "ئیزلانگرا"و چاوم پێـی بکـەوێ. لـە هوتێل چەند کاتژمێرێك بەر لە فـڕین بـەرەو سـانتیاگۆ، هـاوڕێ کووبایی‌یەکـەم "بـلاس روکا" لێی پرسیم کە داخوا ئاگام لە هەواڵـە تازەکـانی شـیلی هەیـە یـان نـا: ئەرتـەش هەڵگەڕاوەتەوەو "روال پارایو"[5]داگیر کراوە. ئاڵینـدەش لـە کۆشـکی سـەرکۆماری‌دا، بەربەرەکانێ دەکا. . ."

"وال پارایو داگیر کراوە!"

دوا خەمـەکانی نێـرۆدا لـە ١١ی سـێپتامبرەوە دەسـتی پـێکرد. کاتێـك کـە شاعیر، ڕادیۆی سەر تەختەکەی کردەوەو بۆی دەرکـەوت کـە جگـە لـە ئێزگـەی ڕادیـۆیی "ماگالانز"، هیچ ئێزگەیەکی دیکە بەرنامـە بڵاو ناکاتەوە. ئەو، لە حاڵێـکدا مسـتەکانی قوچاندبوو دوایین پەیامی ئاڵینـدەی لـە نێـو گرمەو تەقینـەوەی بۆمبـەکان‌دا گـوێ لـێ بوو: "نرخی وەفاداری بە نەتەوە، بـە گیـانم دەبژێرم. . ."، ئیدی بێدەنگیی تەواو. . . .

نێرۆدا، ناهومێـدو نیگـەران، بـە دوای ڕادیۆیەك‌دا دەگەڕێ کە شتێك بڵاو بکاتـەوە. لەسەر شەپۆلی کـورت، ڕادیـۆی "مەنـدۆزا" دەدۆزێتـەوە. ئـەم ڕادیۆیـە، ڕاپـۆرتی کارەسـاتەکە بـە پتـوونی بـڵاو دەکاتـەوە. "ماتیلـدە" هـەوڵ دەدا ئـەهوەنی بکاتـەوە، بەڵام بۆی ناکرێ. نێرۆدا گوێی بە ڕادیۆکـەوە نووسـاندوە. دەیـەوێ هـەموو رووداوەکـە ببیسێ، هەموو شتێك بزانێ، تەنانەت ئەگەر گیانیشـی لەسـەر دانابـێ. "ماتیلـدە" بـە تەلەفۆن، دوکتـور وارگـاس سالازار ئاگـادار دەکاتـەوە: "ڕادیـۆو تەلـەویزیۆنی لـێ بشکێنن، کارەبای‌لەسەر بپچڕن، ئەگەر بزانێ کـە لـە دەرێ چ قـەوماوەو، زەبرێکـی گورچووبڕی وێ دەکەوێ".

"بەڵام جەنابی دوکتور، من چۆن دەتوانم ڕادیـۆو تەلـەویزیۆنی لەسـەر بکوژێنمـەوە، وەختایـەك، ئـەو بـەمجۆرە بـۆ بیسـتنی رووداوەکان، حەجمینی لـێ هەڵگیراوە".

(لـە هـاوینی ١٩٧٤دا، دوو حـەوتووم لەگەڵ ماتیلدەدا لە قەراخ دەریایە بردە سەر. ئـەو، پـاش ئـەو هـەموو نەهامەتی‌یانـە پێویستیی بە هێمنی هەبوو. ئەم دیدارە بـۆ من چاوپێکەوتنێکی گەورەو مێـژوویی بـوو. لـەو چـواردە ڕۆژەدا، ماتیلـدە بەرەبـەرە رووداوەکانی ئەوکاتی بۆ گێڕامەوە.)

کاتێـك نێـرۆدا دواپـەیامی ئاڵینـدەی بیست، دەیزانی کە هەموو شتێك تەواو بووە. "ماتیلـدە" بـۆ ئـارامکردنی ئـەو دەڵـێ: "لەوانەیە وەزعەکە ئەوەندەش خراپ نەبێ". پابلۆش وەڵام دەداتەوە: "خۆ نا، ئەمـە هـەر هەمان فاشیزمە".

ئەو شەوە، نێرۆدا تووشی لەرزوتا بـوو. بۆمبارانی کۆشکی سەرکۆماریی ٦ جاران لـە تەلـەویزیۆندا بینـی. هەواڵـی مـەرگی ئاڵینـدەی لـە ڕادیـۆ "مەنـدۆزا" بیسـتبوو. دوکتور دەیگوت دەبـێ ببردرێتـە سـانتیاگۆ، چونکە نە ئەو، نە پەرستارێك کە لـە "سـێن ئـانتۆنیۆ" دەژیـا، هیچـکامیان لـە سـەعاتەکانی قەدەغـەبوونی هاتوچـۆدا، ئیجازەی هاتوچۆیان نەبوو: "بـە ئـامبولانس بیگەیەننە نەخۆشخانەیەك".

لـە ڕێگـادا، سـەربازەکان دووجـاران ماشینەکەیان پشـکنی. برانکاردەکـەیان بـە پێوە ڕادەگرت. "ماتیلدە" بۆ یەکەمجار چاوی بـە فرمێسـکی شـاعیر دەکـەوێ: "پاتویا"[6]رووم‌مەتم بسڕەوە".

ماتیلـدە پێیـان دەڵـێ: "ئەمـە پـابلۆ نێرۆدایە". بەڵام ئەم قسەیە سوودێکی نابێ. تەنانـەت لەوانـەبوو وەزعەکـە خراپتر بکـا. چـونکە پێشـتر ماڵەکـەی ئـەوانیان لـە "ئیزلانگـرا" بـە نیـازی دۆزینـەوەی چـەك پشکنیبوو. نێرۆدا هیچ چەکێکی نەبوو، بەڵام لـە کـاتی هـاتنی سـەربازەکان‌دا خـەریکی دیکتـەکردنی دوایـین لاپـەرەکانی بیرەوەری‌یەکانی، بـە "ماتیلـدە" بـوو. ئـەو لاپەڕانەی زۆر بە گرنگ دەزانی ـ بـۆ ئـەوەی وەك بەڵگەی جینایـەت لـە مێـژوودا تۆمـار بکرێن:

"من ئەو دێڕانە بە پەلەپـەل، سـێ ڕۆژ پاش ئەو رووداوە تاڵانەی کە بـوون بـە هـۆی مەرگی دۆستی گەورەم سـەرکۆمار ئاڵینـدە، بۆ کتێبی بیرەوەری‌یەکانم دەنووسم. ڕاسـتیی کوشـتنی ئـەویان شـێواندو تەرمەکـەیان بـە نهێنی بە خـاك سـپارد. تـەنیا ڕێگایـان بـە هاوسـەرە بێـوەژن کەوتووەکـەی دا لەگـەڵ تەرمەکەی‌دا بێ. بەڕێوەبەرانی ئەم جینایەتـە دەڵێن: تەرمەکەیان لە حاڵێك‌دا دۆزی‌یەوە کە نیشانەی خۆکوشتنی پێوە دیار بـوو". بـەڵام لـە دەرەوەی وڵات، رووداوەکـە بـە جـۆرێکی دیکـە دەگێڕنـەوە: دەسـتبەجێ بـەدوای بۆمبارانی هەوایی، تانکەکان وەڕێ دەکـەون، ژمارەیـەکی زۆر تانـك، بـەبێ هـیچ شـەرم‌و ترسێك، لەگەڵ کەسێکی تەنیا بەشـەڕ بـێن: لەگـەڵ سـەرکۆماری شـیلی، سـالوادۆر ئاڵیندەدا، کە بە تاقی تەنیاو بە هاوڕێیەتیی دڵەگەورەکـەی، لـە ژووری کارەکـەی‌دا، چاوەڕێی ئەوان بوو، لە نێو ئاگرو دووکەڵ‌دا. ئەوان دەبوایە ئەو هەلـە زێڕینـەیان لەدەست خۆیان نـەدابا. ناچـار بـوون بـە موسەلسـەل بیدەنە بەر دەسڕێژ، چونکە ئامادە نـەبوو بـە دڵخوازی خۆی ئەوێیان بۆ چۆڵ بکـا. تـەرمی ئەو بە دزی لە شوێنێك ژێر خـاك کـرا. ئـەو تەرمە کە بە هاوڕێیەتیی تەنیا ژنێك، ژنێـك کە تـەواوی دەردو ئـازاری جیهـانی لـە دڵدا بوو، بەرەو گۆڕ بردرا، بە گوللەی سـەربازانی شیلی ئاژەن ئاژەن کرابـوو، سـەربازانێك کـە شیلی‌یان جارێکی دیکە فرۆشتبوو".

### ئایا نێرۆدا دەیزانی کە حەوتوویەك دواتر بە خاك دەسپێردرێ؟

نێرۆدا، لە مەرگی ئاڵیندەدا، بەشێك لە چارەنووسی خۆی پێش‌بینی کردبوو. ئـەوەی بەسەر ئاڵینده هاتبوو، وریاکەرەوەیەك بوو بۆ ئەو. سەرکۆماری مێکزیـك "لـوئیس ئێچـە ڤێریـا" فڕۆکەیـەکی تایبـەتی بـۆ هێنـانی نێرۆدا، ناردبووە شـیلی. سـەفیری مێکزیـك "مـارتینز کوربـالا"بانگهێشـتننامەیەك لـە نەخۆشـخانەی سـانتاماریا دەدا بـە نێـرۆدا. نێرۆدا لەگەڵ ئەوەدا کە سوپاسی دەکا، ڕەتی دەکاتەوە. سەفیر دڵسارد نابێتەوەو دیسانیش هـەوڵ دەدا ڕازیـی بکـا. ئـەمجارەیان "ماتیلدە"باس دەکا کە ماڵەکەیان لـە "لا ـ خاسـکونا" هێرشـی کراوەتەسـەرو وێـران کـراوەو، بـە جۆرێـك کـە ئێسـتا ئیـدی ماڵەکەیان نوقمی ئاوە. ئاویان وەسەر گێڕاوە.

سەفیری مێکزیـك چـەند پێشـنیارێکی دیکـە بـۆ ڕازیکردنـی دێنێتـە گـۆڕێ: "لـە مێکزیك ئیمکاناتێکی پزیشکی لێرە باشتر لەبەر دەستدا دەبێ، دوایە سـاغ‌و سـلامەت دەگەڕێیەوە ئێرە". نێرۆدا ڕەزامەندیی خـۆی لەگەڵ سەفەر بۆ مێکزیـك دەردەبـڕێ. ئـەو، زۆری بەلاوە گرنگ دەبێ کە بیرەوەری‌یەکانی، بە تایبەتی دوالاپەرەکانی بۆ شوێنێکی ئەمن ڕاگـوێزێ. ئـەو بیرەوەری‌یانـە دواتـر لـە چەمەدانی دیپلۆماتەکاندا بۆ دەرەوە ڕەوانـە کـران. نێـرۆدا، بـۆ خـۆی‌و بـە باسـی [بەسەرهاتی] ئاڵیندەو بە مـەحکوومکردنی کودێتاچی‌یەکان، نووسینی بیرەوەری‌یـەکانی کۆتایی پێ هێنابوو.

"ماتیلـدە" دەچێتە "ئیزلانگـرا" تـا جلوبەرگی پێویست بۆ سەفەرو چەند بـەرگ کتێب کـە بـە دزی هەڵـی گرتبـوون، هـەڵ بگـرێ. کاتێـك دەگەڕێتـەوە نەخۆشـخانە، دەبینـێ نێـرۆدا زۆر شـڵەژاوەو بێقـەرارە. نێرۆدا، شەوێ لەرزوتاوی لـێ دێو دەڕاوێنێ: "ئەوان گوللەباران دەکەن". بە ڕۆژ هێنـدێك لە دۆستانی دێنە سەردانی‌و زوو دەچنەوە تـا بەر لـە دەسـتپێکردنی کـاتی قەدەغـەبوونی هاتوچۆ، گەیشتبنەوە ماڵـێ. شەو، دیسان لە نێـو خـەونی ئـاڵۆزو نـاخۆش‌دا دووپـاتی دەکاتـەوە: "ئـەوان گوللـەباران دەکـەن". شاعیر، تاقە نەخۆشی ئـەو نەخۆشـخانەیە. شـەوانە گـوێی لـە دەنگـی فڕینـی هێلیکوپتێرەکانە، دەزانـێ کـە لـە دەرەوە چ باسـە. لـە نێـوان ڕۆژی کودێتـا تـا شـەوی مەرگی نێرۆدا، هێزەکانی پینوشە، هـەزاران کەسیان قەڵاچۆ کرد. ئەو، یەکە یەکـەی ئـەو کوشتنانەی بە هەموو وجوودی‌یـەوە هەسـت پێ‌دەکرد. "ماتیلدە" دەستی دەگرێ‌و لە پـڕ هەست دەکا دەستی تـەڕە، دڵـی لـە لێـدان کەوتبوو، شکابوو.

پەرسـتارێك هـاتو دەسـتی کـرد بـە ماساژدانی دڵـی، بەڵام دواتر پزیشك هـاتو گوتی: "لێی گەڕێن، با بحەسێتەوە".

ئـەو سـاتە ٢٢ی سـێپتامبری ١٩٧٣ بـوو، سەعات دەونیوی شەو. تەرمی نێـرۆدا چـەند ڕۆژ لـە ماڵەکـەی ـ کـە بـە هـۆی سـەربازە ئەرتەشی‌یەکانەوە ببـوو بـە وێرانەیـەك‌و لـە ئاودا نوقم ببوو ـ ڕاگیرا تا دۆستەکانی بتوانن مـاڵاوایی لـێ بکـەن‌و ئیجـازەی بـە خاکسپاردنی وەربگیرێ‌و هەر لە جێدا بڕیـار بدرێ کە لە کوێ بە خاکی دەسپێرن. ئەرتەش بە بەردەوامی هەموو شتێکی گرتبـووە ژێـر چاوەدێری. هەموو یارمەتیدەران (ی نێـرۆداو هاوسەرەکەی) مەترسیی ئەوەیان لەسەر بـوو دسـتبەجێ بگیرێـن. هـەموو ماڵـی نێـرۆدا تاڵان کرابوو یا دزرابوو. هەر سێ ماڵەکـەی ببوون بە وێرانەیەك.

لە نێو گۆڕستانی بنەماڵەیی دۆسـتێك، شوێنێکی کاتییان بۆ بەخاکسـپاردنی دەسـت کـەوت، دواتـر تەرمەکـەیان لـەوێوەوە بـۆ شوێنێکی دیکە گوازتەوە. وەسییەتی کردبوو کە لە "ئیزلانگرا"، ئەو شوێنەی لێی دەژیا، بە خاك بسپێردرێ. ئەم دوا ئارەزووەی شاعیر سـەبارەت بــە هەلومـــەرجی نالــەباری مردنەکەی، نەهاتە دی. دواتر گۆڕەکەیان لـە ژێر فشاری حکوومەت‌دا دایەوەو تەرمەکەیان پشـکنی‌و بـۆ گۆشـەیەك لـە گۆڕسـتانی سـەرەکیی سـانتیاگۆ کـە بـە "گۆشـەی قوربانی‌یەکانی سێپتامبر" ناسراوە، ڕاگوێزرا. دەوڵەت ڕای‌گەیاند کە ماڵەکەی‌و سامانەکەی دەستیان بەسەردا گیراوە، بەڵام ژنەکەی بـۆی هەیە تا کاتی مردن لە ماڵەکەی‌دا بژی.

سـەرەڕای نالـەبار بـوونی هەلومـەرجی زەمـەنی‌و شـوێنی (کودێتـا)، ژمارەیـەکی یەکجار زۆر لـە خـەڵك‌و نوێنـەرانی وڵاتـانی دەرەوە لـە ڕێـورەسمی سەرەخۆشـی‌و بـە خاکسپاردنی‌دا بەشدار بوون.

"ماتیلدە" هاوسەری نێرۆدا، ساڵانێکی زۆر دوای مـەرگی مێردەکەشـی ژیـاو بـە هـەموو وزەو توانایـەوە، یـادو بیرەوەریـی نێرۆدای بۆ هـەر جێگایـەك چـووبا، زینـدوو دەکردەوە. "ماتیلدە" لە ٥ی ژانویەی ١٩٨٥ لە سانتیاگۆ مردو لە تەنیشت نێرۆدا بە خاك سپێردرا.

پەراوێزەکان:

**(١): مەبەست ٣٠ی ژوئیەی ١٩٧٣، ساڵـی کودێتای ژێنراڵ پینووشەیە.**

**(٢): ساڵوادۆر ئاڵیندە، سەرکۆماری ئەوکاتی شیلی‌و دۆستی نێرۆدا.**

**(٣): نێرۆدا بە توندی تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی پرۆستات ببوو و وەزعی هیچ باش نەبوو.**

**(٤): Isla Negre ئەو شوێنەی نێرۆدا ماڵێکی گەورەو جوانی لـێ ساز کردبوو و زۆرتر لەوێ دەژیا (دیارە دوو خانووی دیکەی لە شوێنەکانی دیکە هەبوو) لە نزیك شاری Val Parais**

**(٥): Val Parais بەندەرێك لە نزیك سانتیاگۆ، ماڵـی سێچەمی نێرۆدا لەوێ بوو.**

**(٦): Patoja ناوی خوازراوو لە رووی خۆشەویستی‌یەوە کە نێرۆدا لەسەر هاوسەرەکەی دانابوو و زۆرتر بەو ناوە بانگی دەکرد. بە مانای لاقخوار، قاچخوار مرۆڤێکی گێڕ**



## ناساندنی کتێب

# جەلال مەلکشا لە "زڕەی زنجیری وشە دیلەکان" دا

ناوی کتێب: زڕەی زنجیری وشەکان
نووسەر: جەلال مەلکشا
بابەت/ شێعر
تیراژ: ٣٠٠ دانە

سەرەنجام پاش چەند دەیە لە نووسین و بە تایبەت کارکردن لە شێعر دا جەلال مەلکشا شاعیری دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانی یەکەم بەرهەمی خـۆی لە کتیبێك دا بە ناوی "زڕەی زنجیری وشە دیلەکان" دابڵاو بکاتەوە. هەر لە پێشەکی ئەم نۆبەرەی جەلال دا ئەو موژدەیە بە خۆینەرانی جەلال مەلکشا دەدرێ کە شاعیر چەندین کتێبی دیکەی شـیعر، چـیروك، رۆمـان و کورتـە وتاری ئامادەی چـاپ و بڵاوکردنەوەیـە. کـە هیـوادارین ئـەم بەرهەمانـەی شاعیری پرکاری نیشتمان بگاتە دەستی ئەوینـدارانی شـیعری جـەلال. بـێ گومان مەلکشا لە شاعیرانی دیاری دووسێ دەیەی شیعری نـوێی کوردی‌یـە. بەڵام ئەمە یەکەم جارە کە شاعیر توانیویەتی کۆمەڵێك لە بەرهەمەکانی لە دوو تویێ کتیبێك دا بڵاو کاتەوە. " خۆینەری "زڕەی زنجیری وشە دیلەکان" ئەم راستی‌یەمان پێ دەڵێ کە شاعیر لـە قەڵـەم ئـازار چەشـتوەکانی ئـەم نیشتمانەیە و ساڵهای ساڵ لە کونجی زیندان دا تـاوانی ئازایـەتیی نووسـینی داوە.

لە هەر لاوە دامیانەبەر پلارو پەڵ
بوومە پارووی چەوری خێڵی گورگ و چەقەڵ
ئیتر من بووم‌و دوو دەستی ئاشنای بەندوکەلەبچە

کوپلە بە کوپلەی شێعرەکانی ئـەم بەرهەمـە دەرخـەری ئـەو ئازارانـەن کـە رووبەرووی مەلکشا دەبنەوە شاعیر بە تاوانی هونینـەوەی شـێعری سیاسـی دەخرێتە زیندان و زۆربەی تەمەنی خۆی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسـلامی دا بەسەر دەبا.

جەلال دەتوانین بە شاعیری بەرگری پێناسەی بکەین و بە شاعیریك بیناسـین کە لە گەڵ گەلەکەی‌دا ژیاوەو شیعری بۆ نیشتمان وتوە.



هەر شێعرەکانە ئـەم بەرهەمـە نـوێ یـە نـاتوانن سـەجەم شـیعرەکانی مەلکشـا بـن کـە ئەمەشـێ دەگەریبێتەوە بۆ بوونی سانسۆری لە رادەبـەدەر لـە سەر جەلال مەلکشا و شیعری جەلال.

**وشەی پیرۆز**

مێژوو دەڵێ
سەدان کەرەت
گۆڕەپانی منیان کردە جەهەندەم‌و
وڵاتیکیان تیا هەڵقرچانْ
بلام هەرگیز نەیانتوانی
دوو دیاردە
لە سەر سینگم بسڕنەوە
یەکیان کوردو
ئەوەی تریان
وشەی پیروزی کوردستان

"..."

# پێشکەشە بە گیانی پاکی شەهیدانی بێرلین

شێرکۆ بێکەس

لە ناو سینەی بە ئاپۆرەی بێرلیندا
لە کوێرە ڕێکەوتێکی زەمەنداو
لە چاوتووکانێکی مێژوودا
مانگێکی پەمەیی و چەند ئەستێرەیەکی سەوزی هاوڕێی تیرەباران کران و کەوتنە خوارەوە
کەوتن بەسەر کێڵگەی ئازاری کورداندا
کەوتن بەسەر هەمووم
مانگێکی پەمەیی و چەند ئەستێرەیەکی سەوزی هاوڕێی لە بێرلین و لەبەردەم گۆتەی شاعیردا کوژران
لەوێ کوژران و بەڵام لە کوردستان خوێنیان لەبەر ڕۆیی
مانگێکی پەمەیی و چەند ئەستێرەیەکی سەوزی هاوڕێی لە حەوت تەبەقەی ئاسمانی خۆشەویستییەوە
لە حەوت تەبەقەی پێکەنینی پیرۆزیی و خەباتی زێوینەوە،
لەبەرزترین ئازاری کوردەوە بەربوونەوەو خەڵتانی شەوقی خۆیان بوون.
خەڵتانی تریفەو خەڵتانی جریوەی ئەوینی خۆیان بوون.
چەند جۆگەیەکی ئەرخەوانیی دەم بەگوڵیتر،
هاتن بە لۆزەو ڕژانە ئەستێرکە جوانەکەی گیانی قازی و قاسملووەوە،
تێکەڵ بەو گۆمانە بوونەوە کە چیای شەهیدان و ئازادیمان سێبەری سەروەرییان بۆکردوون.
ئەم جۆگە ئەرخەوانییە دەم بە گوڵانە بەرایی مێژوویان ئاو دایەوە،
سەربەستیان داچڵەکاندو کێو بەکێو دۆڵ بە دۆڵ و ماڵ بە ماڵی
هەموومانیان وەك گوڵە هەنار، وەك هەڵاڵە، وەك گوڵاڵە، ئاڵ هەڵگەڕان.
لەناو چاوی بێداری بێرلیندا، دیسانەوە تۆڕەکەی وییەنای لە تاران چێندراو،
هەمان تۆڕی نەفرەتی، هەمان چنگی داڵە پیرەکان لە جەرگی چەند بەهارێکمان گیربوونەوە.
دوێنێ نەمسا بوو بە هاواری حەسرەتی ئێمەو ئەمڕۆ ئاڵمانیا جێژوانی عەشقی خوێناویمانە،
ئەی داڵە پیرەلۆکەکانی سەرلاکی زەمەنێکی بەستۆك،
ئەی شەمشەمەکوێرەکانی ئەشکەوتی ڕووناکی نەدیو،
ئەی بکوژانی حەلاج و ئەی چەقۆکانی سەرگەردنی ژن و جوانی و شێعر
ئەو عەشقەی وا لە گیانماندا هاژەی دێ، سەرچاوەکەی لە سینگی شاخ و لە پەلوپۆی درەختو لە چاوی بەردو،
لە هەناوی هەورو لە کفنی شەهیدانمانەوە هەڵئەقوڵێ،
ئەمە چارەنووسی ئەبەدیی ژیانمانەو بە باڵای تێکۆشانمان بڕاوە،
بە باڵای نەخشەمانەو بە باڵای دەنگمان،
چارەنووسی نەوە لە دوای نەوە، شار لە دوای شار، سەرکردە لە دوای سەرکردە،
چارەنووسی ئازادی، ئەو تەلیسمەی وا لە نیگای منداڵ و چاوی ژنەکانماندا،
لەبەردو پەلکە گیاو گوڵ و دارستانەکانماندا،
چەند منداڵ ئەکوژن و چەند چاو کوێر ئەکەن،
چەند بەردو چەند پەلکە گیاو چەند گوڵ و دارستان خەفە ئەکەن، ئێوە چین؟ ئێمە هەوای ژەهراویمان بەزاند
شوێن چ مەحاڵێك کەوتوون.
شوێن کام خەونی ڕەش،
مەرگ بۆتە پلیکانەو پیا سەرئەکەوین،
ئەی گەوجەکانی مێژوو
ئاخر شاهۆ چۆن دێتە سەر چۆك؟
ئاخر سیروان چۆن لە گوڕو ڕۆیشتن ئەکەوێ،
ئاخر زریان چۆن ئەنوشتێتەوە،
ئەی گەوجانی مێژوو!
نهێنی مانەوە لە ڕەگ دایە،
نهێنی عەشق لە گیان دایە،
نهێنی لووتکە لە ڕێکی چیادایە،
چڵەپۆپەیەك ئەکوژن، چڵەپۆپەیەك ئەشکێننەوە، چڵەپۆپەیەك ئەبڕنەوە،
بەڵام ڕەگ، بنچ و بیخ، ڕیشەی قووڵ، دڵی خاك، دەروونی ناو، گەرای زاوزێی
بێشەڵان، قاچی بەرد، دەستەکانی با، بازووی تاڤگە، تۆوی باران چی لێ ئەکەن،
ڕەگ چڵەپۆپە دروست ئەکاتەوە
تۆو سەمەری هیوا
گڵ ژیان ئەکاتەوە بەبەری ئێمەدا
ئێمە ڕەگ و ئاو ئاگرو زریانین،
ئەی گەوجانی مێژوو!
ئەو خاکەی سەری شێخ سەعیدی پیرانی تیا سەوز بوو.
ئەو خاکەش بوو بەنەهری و قازی و سەریان لێ وەدەرهێناو
هەر ئەو خاکەش بوو قاسملووی خوڵقاندو،
هەر ئەو خاکەشە دوکتور سادقی شەرەفکەندیی لێ بوو.
ئەم ئاوە کۆتایی نیە،
ئەم ئاگرە کوژانەوەی نیە،



ئەم عاشقانە لە ژمار نایەن
***
هەشت ساڵ لەمەوبەر لە ئێوارەیەکی دڵڕفێنی چاوشینی پرچو زێڕیندا
لە گەورە دێ، گەورە دێی دۆڵی جافایەتیی شۆڕشی نوێماندا. بۆ یەکجار لەوێ و لە سێبەری ئازادییەکی باڵابەرزا
کاکە سادقی شەرەفکەندی، دوکتور سەعیدم ناسی.
ئەو زەردە خەنەیەکی ناسکی وەك کازیوەی هێنا بە پیر منەوەو
منیش چەند شێعرێکی لەو شاخانە باڵ گرتووم بۆ ئەو کردبوو بە دیاری
ئەم ناسینە لە ڕێگای چاوەکانی شەهید دوکتور قاسملووەوە پێك هات
لە ڕێگای دەنگی ئەوەوە، لە ڕێگای خۆشەویستیی شێعرو ئازادییەوە
لە ڕێگای ئەوینی ئاوێتە بووی مەهاباد و سلێمانییەوە
لە ڕێگای ڤژی لێك ئاڵۆزاوی سنەو هەولێرەوە
لە ڕێگای پەنجەی تێك ئاڵاوی کرماشان و کەرکووکەوە
هەر یەك عەشقێکش
هەموومانی لەو کونە ئەشکەوت و ژێر ئەو تاوێرە بەردانەدا کۆکردبۆوە.
پیاوێکی سادە وەك گەنم
بزۆزو زیت و وریا، وەك کەڵەکێوییەکی لەسەر هەڵەمووت بە چوار دەوردا
چاوبگێڕ،
ڕوح سووك و خوێن شیرین و ڕوو بە بزە وەك دیمەنێکی کۆیە لەسەر هەیبەت سوڵتانەوە دەرکەوتوو،
ئێسك سووك وەك زاواو بووکی سابڵاغ
گەرم وەك گڕی نارنجیی لە دوورەوە دیاری بابە گوڕگوڕ.
ئەم پیاوە ئاڵای خۆشەویستیی‌یە گەورەکەی قاسملووی هەڵگرتەوەو کەوتە ڕێ،
ئەم پیاوە بۆ ئازارە بەردەوامەکانی خەبات خوڵقابوو
ماڵە ئەو تا مردن هەر نێو شاخ و داخ و نێو چەقەنە بەردو بن گاشە بەردەکانی کوردستان بوو،
پەروانە بوو، پەروانە، کەڵە مێرد بوو کەڵە مێرد،
کوردایەتی ڤیبلەنمای
کوردایەتی چرای ژوور سروودی تێکۆشانی ئەو بوو
کە وەختێکیش گیانی قاسملوو بوو بە گوڵە ئەستێرەی نێو هەموو ماڵێکی ئەو کوردستانە
دوکتور سادقی شەرەفکەندی ئازایانە جڵەوی ئەسپە شێیەکەی قاسملووی گرتەوە
جوامێرانە، زرینگانە ئاڵای ڕێبەری کردنی وەرگرتەوە.
ئەم کۆستانە ئەمانگرێنن، بەڵام ئەژنۆمان ناشکێنن
ئەم جەزرەبانە بۆ ساتێ ئەمانشڵەژێنن، بەڵام نامان بەزێنن،
ئەم خوێنانە بۆ ساتێ ئەمانگرن، بەڵام هەرگیز چاوترسێنمان ناکەن،
ئەم فرمێسکانە بۆ ساتێ بەرچاومان تاریك ئەکەن، بەڵام هەرگیز هەتاومان لێ ناشارنەوە،
ئەم گوللانە بۆ ماوەیەك کاسمان ئەکەن، بەڵام دوایی ئاگر بەرئەدەنە ڕقی کەڵەکەفتی بوومان،
ئەم ئەڤیانووسە چۆن ئەخورێتەوە
ئەم هەڵگوردانە چۆن هەڵئەکەندرێن
مانگێکی پەمەیی و چەند ئەستێرەیەکی سەوزی هاوڕێی
لە سینەی بە ئاپۆرەی بێرلیندا تیرەباران کران،
تیرەباران کران بۆ ئەوەی لە تریفەو جریوەیان بخەن،
بەڵام تەماشا، بڕوانن بە دوای سەفەری سووری لەناکاویشتان ئەوەتا نەك
لەشەودا نەك هەر لە تاریکیدا،
ڕۆژیش لەناو سینگی یەك بەیەکی ئێمەدا هەڵدێن.
ئەم ئاسمانە چۆن ئەڕۆخێندرێ
ئەم دەروونانە چۆن داگیر ئەکرێن
ئەی پیاوە ڕەشەکانی تاران، ئەی گەوجەکانی مێژوو!
نهێنیی بەردەوام بوونی ئەم عەشقە، لە خوێنی شەهیدانەوە سەرچاوە ئەگرێ.

# ڕۆڵی نەتەوەکانی ئێران لە جێگیرکردن و چەسپاندنی دێموکراسی لە ئێراندا

کەریم پەروێزی

پاش تێکشکانی تیئۆریک و کردەکیی ئیدەگەلی تۆتالیتاری و پاوانخوازانەی وەك نازیسم، فاشیزم و... و پاش هەرفینی بلۆکی ڕۆژهەڵات، ڕەوتی کۆمەڵگاو وڵاتگەلی جیهان بەرەو لای دێموکراسی بەلەزتر بووەو خەباتی کۆمەڵانی خەڵك و بزاڤە ئازادی و دێموکراسیخوازانەکان لە گشت جیهاندا ڕوو لە گەشەو بەرزبوونەوەیەو لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا کە پێشتر حکوومەتگەلی دیکتاتۆرییان بەسەردا زاڵ بووە، بە ڕووخانی دیکتاتۆرەکان، خەڵك و کۆمەڵگا خەریکی دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکن و یا دێموکراسییەکی ڕێژەییان وەدەست هێناوە. دارمانی دیکتاتۆرگەلێك وەك: پینووشە، سوهارتۆ، میلۆسۆڤیچ، چاووشێسکۆ... نموونەگەلێکی لەم چەشنەن کە کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتانە پاش هێنانە خوارەوەی دیکتاتۆر، دەستیان داوەتە جێگیرکردنی سیستمێکی دێموکراتیك لە وڵاتەکانیاندا.

زێدەباری بزاڤە گەلییەکان لەو وڵاتانەدا، هێژموونیی جیهانیی دێموکراسی، فاکتۆری دەرەکی بۆ شیاندنی بزاڤە ئازادیخوازانەکان بووە. ئەم هێژموونییە جارجار لایەنی کردەکیی وەرگرتووەو هێز و وڵاتگەلی بیانی بە کردەکی ڕۆڵیان هەبووە لە دارمانی دیکتاتۆرەکان و هێنانە سەرکاری نیزامە گەلییەکاندا. بۆ نموونە دەکرێ باسی دەستێوەردانی ناتۆ لە کۆزۆڤۆ، دەستێوەردانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی تیموورو، لەم دوایانەشدا ڕووخانی تاڵیبان و ڕێژیمی بەعس بە دەستی هێزی هاوپەیمانەکان و ئەمریکا بکەین.

هێژموونیی جیهانیی دێموکراسیخوازی و ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆنی جیهان کە دەسکەوتگەلی تێکنۆلۆژیك، شۆڕشی ڕاگەیاندن و ئینفۆرماتیك پاڵپشت و ڕێخۆشکەری بەجیهانیبوونی ئەم هێژموونییە بوون، هاوکات لەگەڵ دەستێوەردان و بەندیواریی کردەکیی هێزە نێونەتەوەییەکان و زلهێزانی جیهان بۆ ڕووخاندنی حکوومەتە تۆتالیتارو پاوانخوازەکان، وامان لێدەکا کە سەدەی بیست و یەکەم بە سەدەی دێموکراسی و ئەم چەرخە وەك چەرخی هەرەسهێنانی دیکتاتۆرەکان ناوزەد بکەین.

ئەم هێژموونی و بزاڤە جیهانییە، کۆمەڵگاو گەلانی ئێرانیشی گرتۆتەوەو لەڕاستیدا لە گەلێك لایەنەوە کاری کردۆتە سەر بیروبۆچوون و ویستە گشتییەکانی خەڵك" بە چەشنێك کە خێراییەکی پتری داوەتە بزاڤە خەڵکی و خەباتی گرووپە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران بۆ دەربڕینی ویستە جۆراوجۆرو داوا ئازادیخوازانەکانیان.

> **دارمانی دیکتاتۆرگەلێك وەك: پینووشە، سوهارتۆ، میلۆسۆڤیچ، چانۆسێکرو... نموونەگەلێکی لەم چەشنەن کە کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتانە پاش هێنانە خوارەوەی دیکتاتۆر، دەستیان داوەتە جێگیرکردنی سیستمێکی دێموکراتیك لە وڵاتەکانیاندا**

کۆمەڵگای ئێران بەو پێکهاتە ڕەنگاڵەییەی خۆیەوە، لەم ساڵانەی دواییدا و لە ژێر باندۆری ڕووداوگەلی جیهانی و ناوچەییدا، جموجۆڵ و بزاوتێکی ئەوتۆی لێ کەوتۆتەوە کە لە ڕەنگ و شێوەی بزاڤگەلی کۆمەڵایەتیدا دەرکەوتوون. جموجۆڵگەلێك وەك خەباتی سینفی و سەندیکایی، بزاڤی خوێندکاری، خەباتی ژنان، خەبات و چالاکییەکانی لاوان و هەروەها ویست و داخوازە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێران کە لەڕاستیدا کۆمەڵگای ئێرانیان وەك مەنجەڵێکی کوڵاو لێکردوە کە هەر سات ئەگەری تەقینەوەو تێکەوەپێچانی دەسەڵاتی ڕێژیمی پاشڤەڕۆ و دواکەوتووی کۆماری ئیسلامییان بەهێزتر کردوە.

لە نێو شێوە جۆراوجۆرەکانی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکاندا، خەبات و مافخوازیی نەتەوەکانی ئێران، بەهۆی تایبەتمەندی و ماتە وزەکانییەوە، نەخش و ڕۆڵێکی کاریگەری لە پاڵپێوەنانی کۆمەڵگا بە ئاراستەی پێکهێنانی پێکهاتێکی هاوسەنگ لە پێناوی پێکەوە ژیانێکی ئازادانەو شەرافەتمەندانە لەنێو گەلانی ئێراندا هەیە. ئیدەو ئامانجی دێموکراسیخوازان، هێنانە سەری سیستمێکە کە تێیدا مافەکانی هەمووان پارێزراو بن و گرووپ و تاکەکانی کۆمەڵگا بە ئازادی و بە هەلی یەکسان، ویست و داخوازەکانی خۆیان دەربڕن و بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنی خۆیان تێبکۆشن کە ئەم داخوازانە بە دامەزراندنی پێکهاتێکی هاوسەنگ لە ڕێگەی خەباتی مافخوازانەی گەلانی ئێرانەوە دێتە دی.

لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا کە بەردەوام دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکان لە ناوەنددا دەسەڵاتداربوونەو دەستیان داوەتە سەرکوتی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێران، ئەویش بە بیانووی سەرکوتی یاخیبوونەکان و پەلپگەلێك وەك پاراستنی یەکیەتیی ئەرزی و کورتکردنەوەی دەستی بیانییەکان!و... ئەم ڕێژیمانە بێجگە لە سەرکوت و خنکاندنی هاواری ئازادیخوازیی گەلانی ئێران، هەر چەشنە ویست و هاوارێکی ئازادیخوازانەو مافخوازانەشیان لە لایەن نەتەوەی دەسەڵاتدارەوە سەرکوت کردوە. لەڕاستیدا کردنەبیانووی دوورخستنەوەی شەڕی نەتەوە بندەستەکان، ڕێگای لە گەشەکردن و پێشکەوتنیشیان لە نەتەوەی سەردەست گرتوە. بەم چەشنە ماتەوزەی مەزنی مافخوازیی نەتەوەکانی ئێران، دەتوانێ ببێتە هێزێکی لەبن نەهاتوو بۆ خاشەبرکردنی دیکتاتۆری و دەسەڵاتی ڕەهاگەرو هاتنە سەرکاری نیزامێکی دێموکراتیکی لە ئێراندا لێدەکەوێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە ئازادیخوازان و دێموکراسیخوازان بەردەوام بە پشت بەستن بە ئەزموونی وڵاتانی دیکە، بە پەرۆشی ئەوەن کە دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیك، هەتا هەتایی و پایەدار بێ. واتە پاش نیشتنەوەی کەفوکوڵی کۆمەڵانی خەڵك لە دوای یەکەم هەڵبژاردندا! ڕێژیمی دەسەڵاتدار هەروا دێموکراتیك بمێنێتەوەو ئازادییەکانی خەڵك پێشێل نەکا. هەروەك ئەزموونی هێندێ وڵات نیشانی داوە کە گرووپێك لە ڕێگەی دێموکراسی و ئەو ئازادییەی کە پێك هاتوە، هاتوونە سەر کارو کەچی ئازادییەکانی سەرکوت کردوەو حکوومەتێکی پاوانخوازی وەك دەسەڵاتی نازییەکان لە ئاڵمان، دامەزراندوە.

ئەم پەرۆشییە بۆتە هۆی ئەوە کە هزرڤانان و تیئۆریدانەران باسی سیستمگەلێك بکەن کە نەك هەر دێموکراتیکن، بەڵکوو لاهێزگەلێکی ناوەکیان بۆ چاوەدێریکردنی حکوومەت و چەسپاندن و گرەنتیکردنی دێموکراسییان تێدا بێ. بەم پێیە بیریان لە دابەشکردنی دەسەڵات بەشێوەی ئاسۆیی کردۆتەوە کە لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ سێ دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن، قانووندانان و قەزاییدا خۆی دەنوێنێ. یا باسی چاپەمەنی وەك دەسەڵاتی چوارەمی دێموکراسی دەکەن کە زێرەڤانی هەڵسوکەوتی حکوومەتە.

> **لە کۆمەڵگایەکی فرەنەتەوەی وەك کۆمەڵگای ئێراندا، بە بەشداریی نەتەوەکانی ئێران لە دەسەڵاتداو، دامەزراندنی پێکهاتێکی هاوسەنگ کە هەرکام لە نەتەوەکانی ئێران دەسەڵاتی خۆجێیی خۆیان هەبێ و لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو یەکسان لە دەسەڵاتی ناوەندیدا بەشدار بن، بە کردەکی گرەنتییەکە بۆ چەسپاندنی دێموکراسی لە ئێراندا**

پاش شەڕی دووهەمی جیهانی و بەدوای شکستی نازییەکاندا، بۆ گرەنتیکردنی دێموکراسی و گرەنتیی ئەوەی کە ڕێژیمێکی دیکتاتۆر سەرلەنوێ لە ئاڵماندا نەیەتەوە سەر کار، لە ئاڵماندا دەسەڵاتیان بە شێوەی ئەستوونی دابەش کرد کە بووە هۆی دروستبوونی سیستمێکی فیدراڵ لە ئاڵماندا کە ئەم سیستمە ناهێڵێ دەسەڵات کۆجێ بێ و دەبێتە لەمپەرێك لەسەر ڕێی سەرهەڵدانی دیکتاتۆریدا.

لە کۆمەڵگایەکی فرەنەتەوەی وەك کۆمەڵگای ئێراندا، بە بەشداریی نەتەوەکانی ئێران لە دەسەڵاتداو، دامەزراندنی پێکهاتێکی هاوسەنگ کە هەرکام لە نەتەوەکانی ئێران دەسەڵاتی خۆجێیی خۆیان هەبێ و لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو یەکسان لە دەسەڵاتی ناوەندیدا بەشدار بن، بە کردەکی گرەنتییەکە بۆ چەسپاندنی دێموکراسی لە ئێراندا.

❊❊❊

# ئەنجوومەنی سینفیی مامۆستایانی شاری سەقز بۆ داخرا؟

کاتێ ئەنجوومەنی سینفیی مامۆستایانی ئوستانی کوردستان و بەتایبەت لقە بەهێزەکەی شاری سەقز لە بەفرانباری ساڵی ١٣٨١ی هەتاویدا، دامەزراو دەستی بەکار کرد، هێز و گڕوتینێکی زۆری خستە جەستەو ڕۆحی مامۆستایانی ئەم ناوچەیەوە. ئەم ئەنجوومەنە لە سایەی تێکۆشان و هەوڵی بێوچانی بنیاتنەرانی خۆیەوە زۆر زوو ناوی کەوتە سەرزاران و لە هەمان کاتیشدا بوو بە چقڵ و لە چاوی دەسەڵاتدارانی ترسەنۆك ڕۆ چوو. ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی ئەنجوومەن یەکگرتووانەو شارەزایانە توانییان لە ماوەیەکی کورتدا تاقمێکی بەرچاو لە مامۆستایانی بەهەڵوێست و ئازای ئوستانی کوردستان بۆ لای ئەنجوومەن ڕابکێشن و لەڕاستیدا ئەم ئەنجوومەنە بکەن بە بنکەیەکی خەبات و جووڵانەوە دژی نابەرانبەری و بێعەداڵەتی و بەئاشکرا بوو بە خەڵفێکی شۆخ و شەنگی بزووتنەوەی مامۆستایان.

هەروەك پێشتر باسمان کرد یەکێ لە لقە هەرە بەهێزەکانی ئەنجوومەنی سینفیی مامۆستایانی ئوستانی کوردستان، ئەنجوومەنی شاری سەقز بوو. ئەم ئەنجوومەنە گەلێك کاری باش و بەسوودی بە ئەنجام گەیاندو لە ماوەی کورتی ئیشوکاری خۆی زۆر گەڵاڵەی باشی داڕشت و زۆربەیانی بەڕێوەبرد کە لە خوارەوە ئاماژە بە چەند نموونە لەو کارانە دەکەین:

١ــ نووسینی بەیاننامەو ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لەسەر گیروگرفتەکانی ژیانی مامۆستایان و کاری پەروەردەو فێرکردن، هەروەها بەخشینی زانیاری بە مامۆستایان و هاندانیان بۆ هاتنە مەیدان بۆ لابردنی نابەرانبەری و دەستەبەرکردنی ژیانێکی بێکەندوکۆسپ و وەدەستهێنانی ئازادی.

٢ـ مەجبوورکردنی بەرپرسانی ناوەندی ئوستانی کوردستان و شارەکانیتر و شاری سەقز بەتایبەتی بۆ بەشداریکردن لە کۆڕو کۆبوونەوەکانی تایبەت بە مامۆستایان و وەڵامدانەوەیان بە پرسیارەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ.

٣ـ هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و خانوبەرەی مامۆستایان بە شێوەیەکی بەربڵاو ڕوون.

٤ــ ڕێکخستنی کۆڕو کۆبوونەوەو دروستکردنی کۆڕە ئیعترازییەکان لە ناوەندی ئەنجوومەن و لە قوتابخانەو لەبەر دەرکی ئیدارەی پەروەردەو فێرکردندا.

٥ـ بەڕێوەبردنی مانگرتن (تحصن) لە خوێندنگەکان بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ یاسای دژ بە مامۆستایان.

٦ـ هەوڵدان بۆ بەستنی کۆنگرەیەك لەسەر چۆینەتیی فێرکردن لە ناوچەکەو هۆی بەڕێوەنەچوونی ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتی ئێران و هەروەها تێکۆشان بۆ بەڕێوەچوونی یاسای خوێندن بە زمانی زگماکی لە کوردستانی ئێراندا.

٧ـ چاپ و بڵاوکردنەوەی کاتنامەیەك وەك گۆڤاری ئەنجوومەن بە ناوی "ڕچە" کە دوو ژمارەی لێ دەرچوو بە دوو زمانی کوردی و فارسی، کە زۆرتر پێوەندیی بە کێشەی ژیان و کاری مامۆستایانەوە هەبوو.

ئەم خاڵانەی باسیان لێکراو زۆر خاڵیتر کە وەك کاری پڕسوودی ئەنجوومەن ئەتوانین ناویان بەرین بوونە هۆ کە دەزگای ئەمنییەتی و ئیتلاعاتیی شاری سەقز لە ئەنجوومەن دڕدۆنگ بێ و زۆر بە وردی لە چاوەدێری هەڵسوکەوتی ئەندامانی ئەنجوومەن بکەن. هەر بۆیە هەرجار ناجارێك کەسێکی بانگ دەکردو دوای هەڕەشەو گوڕەشەیەکی زۆر ترسی دەخستە دڵیەوەو گفتی لێ ئەسەند کە ئیتر واز لە کاری سینفیی مامۆستایان بێنێ. ئەم کارەش نەیتوانی بە شێوەیەکی ئەوتۆ شوێن لەسەر ورەی ئەندامان دانێ و هەر بۆیە ئەنجوومەن درێژەی بە کارەکانی خۆی دا.

لەگەڵ بزووتنەوەی بەهێزی مامۆستایانی ئێران، ئەنجوومەنی سینفیی شاری سەقزیش زۆر ئازایانەو نەترسانە هەڵوێستی گرت و سەربەست هاتە مەیدانەوە. ئەم کارە بە هۆی بارودۆخی تایبەتیی کوردستان و ترسی زۆری دەزگای ئەمنییەتی کوردستان لە ئاگاداربوونەوەی جەماوەرو دروستبوونی حەرەکەتی ئیعترازیی خەڵك ترسێکی گەورەی بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز دروست کرد. کاتێ زانییان کە ترساندن و بانگکردن و تەلەفونکردن بۆ ئەندامانی ئەنجوومەن ناتوانێ بەر بەو حەرەکەتە بەهێزە بگرێ، بە ناچاری ڕاستەوخۆ هاتنە مەیدان و بوونە کۆسپ لە هەمبەر کاری ئەنجوومەنی سینفیی مامۆستایانداو، بە زۆر داوایان لە ئەندامانی ئەسڵیی ئەنجوومەن کرد کە دەست لە کار بکێشنەوە.

هەر بۆیە ئەندامانی ئەنجوومەنی سینفیی مامۆستایانی شاری سەقز هەموویان دەستیان لە کار کێشاوەو ئێستا ئەم ئەنجوومەنە داخراوە. بەڵام ئەوەی کە لەبیر ناکرێ وشیاریی و ئازایەتیی مامۆستایانی کوردستانە کە بەبێ ئەنجوومەنیش هەر ئازایانەو چاوکراوە لە مەیدانی خەباتدا دەمێننەوە. لە سەنگەری زانست و فێرکردندا بە ورەیەکی بەرزەوە منداڵانی ئێسك سووکی کورد بۆ دواڕۆژێکی ڕوون و ئازاد پەروەردە دەکەن و تۆوی ڕزگاری لە دڵیاندا دەچێنن.

❊❊❊

# ڕاپۆرتی کۆتاییهاتنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە

دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ٢١ی خەرمانانی ١٣٨٣ی هەتاوی، بەبۆنەی کۆتایی هاتنی دەورەی ١٦١ی سەرەتایی پێشمەرگەوە ڕێوڕەسمێك لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزبدا بەڕێوە چوو. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێکرد. پاشان هاوڕێ حەسەن قادرزادە بەرپرسی فێرگە وتارێکی پێشکەشی بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە کرد. کاك حەسەن لە وتارەکەیدا لەسەر دوو ئاستی نێونەتەوەیی و نێوخۆییدا ئاوڕێکی لە بارودۆخی ئێستای ئێران و ناوچەکەو بەتایبەتی بارودۆخی سیاسی دایەوە. ئەو لە سەرەتای وتارەکەیدا ئاماژەی بە چەند نموونەیەك کرد کە گرینگیی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە بریتین لە: چەکی ناوکی، تیرۆریزم، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و نەبوونی ئازادی و . . . کە وەك بەڵایەك داوێنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییان گرتووەو هەڕەشەیەکی ترسناکە لە سەر ئەمنییەت و تەبایی و ئاشتیی جیهانی، کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش وەك حیزبێکی بە ئەزموون و خاوەن هەڵوێست لەمەڕ هەمووی ئەو بابەتانە ڕوانگەو بۆچوونی خۆی هەیەو بە شێوازێکی تایبەتیشەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. هەروەها ناوبراو لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا ئاماژەی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕۆڵی ئەو ڕێژیمە لە ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کرد. ئەو فرتوفێڵە سیاسییەی لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتووو سەنعەتیی ئورووپاو وڵاتانی ئیسلامیدا کەڵکی لێوەرگرتوون بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئەوان، بۆ لای خۆی، چیدیکە ناتوانێ بەو شێوەیە درێژە بە ستراتیژییەکانی بداو ئەو قەیرانە نێوخۆیی و دەرەوەییانەی تووشیان هاتوە، لەوە قووڵترن کە بە ئاسانی و بەو شێوەیە بتوانێ لێیان دەرباز بێ. هەربۆیەش لە کۆتایی قسەکانی ڕووی لە بەشدارانی دەورەکە کردو گوتی ئێوە لە هەلومەرجێکدا هاتوونەتە نێو ڕیزەکانی خەباتی نەتەوایەتیی گەلەکەمان و ئەو ڕێبازەتان هەڵبژاردوە کە کۆماری ئیسلامی هەم لەسەر ئاستی دەرەوەدا بەرەو تەریك کەوتنەوە دەچێ و هەم لە نێوخۆشدا پێگەومەکان و جێگەیەکی قانوونیی نەماوە. هەربۆیەش ئەو وەزعە ئاسۆیەکی ڕوونی خستۆتە بەردەم ڕێبوارانی ڕێگەی ئازادی و دیموکراسی و زیاتر لە ڕابردوو دڵنیاو هیوادارمان دەکا.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا یەکێك لە مامۆستایانی فێرگە ڕاپۆرتی ئامووزشیی فێرگەی پێشکەش کرد. دوابەدوای ئەو، بەشدارێکی دەورە بە نوێنەرایەتی لە لایەن هاوڕێکانییەوە پەیامی کۆتایی دەورەی پێشکەش کردو لە پەیامەکەیدا وێڕای ئاوڕدانەوەیەك لەسەر بارودۆخی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی ئێران و کوردستان، سەبارەت بە پەیوەست بوونیان بە ڕیزی تێکۆشەرانی دیموکرات خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی و سوپاسی سەرجەم ئەو کەسانەیان کرد کە لەو دەورەیەدا هەوڵیان لەگەڵ داون و پێیانەوە ماندوو بوون. پاشان هەڵبژێردراوەکانی دەورە لە لایەن چەند هاوڕێ و کادری لەمێژینەی حیزبەوە خەڵاتیان بەسەردا دابەش کرا. دیارە نیوئاخنی ڕێوڕەسمەکە بەشێکی تەرخان کرابوو بۆ پێشکەش کردنی سروود و گۆرانیی نەتەوەیی و خوێندنەوەی شێعرو پەخشان و بابەتی ئەدەبی و . . .

❊❊❊

# ئەشكەنجەی ژنێكی پانزده ساڵه له دێگولان

ژنێكی گەنجی ١٥ ساڵه به ناوی شەریفه حودودی، خەڵكی گوندی كۆخانی سەر به شارۆچكەی دێگولانی نزیك قوروه، له ئوستانی كوردستان، بۆ ماوەی نۆ مانگ له دەسبەئاوی ماڵی خەزووریدا، به زنجیر بەستراوەتەوه و به نامرۆڤانەترین شێوه ئازار و ئەشكەنجه دراوه.

شەریفه تازەبووكێكی ١٠ مانگەیه كه تەنیا یەك مانگ له لای مێردەكەی ژیانی ئاسایی بووه. ماڵه خەزوورانی هەوڵ دەدەن به قەولنامەیەكی دەستكرد و ساختە، زەوییەكی ١٠ میلیۆن تمەنیی باوكی كچەكه داگیر بكەن و باوكه نەخوێندەوارەكه بەوه دەخەڵەتێنن كه ئەمه بەڵگەی وامی بانكییه بۆ جیازی و، تۆ دەبێ مۆری بكەی. باوكی كچەكه ئەو بەڵگەیه مۆر دەكات و نازانێ چی بەسەریدا هاتووه تا كاتێك زەوییەكەی دەفرۆشێ. دوای فرۆشتنی ئەو زەوییه، خەزوورەی كچەكه دەڕواته دادگا و دەڵێ كه زەوییەكه هی ئەوانەو به شێوەی ناقانوونی فرۆشتراوه. باوكی كچەكه دەگیردرێ و دادگا داوای شاهید دەكا. ماڵه خەزووران داوا له شەریفه دەكەن كه دژ به باوكی شاهیدیی درۆ بدا، بەڵام، شەریفه ئاماده نابێ شاهیدی بدا. هەر بۆیه دەیبەنه دەسبەئاوی ماڵەكەیان و شەوانه به زنجیر دەیبەستنەوه و زنجیرەكەش به گوڵ مێخ به دیوارەكەدا دەكوتن. به رۆژیش دار دەخەنه ژێر باخەڵ و قۆڵیو به پەتێكەوه لەبەر هەتاودا هەڵی دەواسن. هەر دوو باڵی شەریفه دەشكێن، بەڵام گوێی نادەنێ و ئێستا جێگای ئێسقانه شكاوەكانی كه خۆیان پێكەوه لكاونەتەوه دیاره. ئەوەنده به بێڵ ئاسنی بزمارڕێژ له قاچی شەریفەیان داوه كه قاچی شكاوه و بریندار بووه. برینەكان چڵكیان كردووه و كرمیان هەڵهێناوه. ئەوان بەشەریفەیان وتووه نابێ بخەوێ. بەڵام خەو زۆری بۆ دێنێو خەوی لێ دەكەوێ، كەچی لەتاو ئازاری سووتان دادەچڵەكێ. پاشان دەردەكەوێ كه ئەوه هێوەره پانزەساڵەكەی به ناوی سەلاح بووه كه ئاوی كوڵاتووی كردوه به شان و مل و سنگیدا.

شایانی باسه ماڵەخەزوورانی ئەو ژنه چارەڕەشه به تێكڕا بەدناوو موعتادنو هەر كاتێك تریاكیان كێشاوه پشتی شەریفەیان به سیخ داخ كردوه. ئەوەی زۆر جێگای سەرنجه بەشداریی ئافرەتانی ئەو بنەماڵەیه له ئازار و ئەشكەنجەی وەحشییانەی بووكەكەیان دا.

جارێك خەزوورەی شەریفه دەیگرێت و خەسووی به شیلەنگی ئاو دەستدرێژی



دەكاته سەرو ئاو به فشار دەكاته نێو پژدانو سكی ئەو ژنه بێ تاوانه. سەرەڕای ئەم ئەشكەنجەو ئازاره دڕندانەیەی ئەو بنەماڵەیه له تەواوی ئەم ماوەیەدا هەر كەس لەوێ دەست به ئاو دەگەیەنێ، پیسایییەكەیان بەسەرو رووی شەریفەدا دەكەن. تەنانەت شەریفه دەڵێت: هەر جارێك كه ئەوان هاتوون بۆ دەست به ئاو بەچەكوش له سەریان داوم و چەندین جار سەریان شكاندوم و ئێستاش تووشی سەرئێشەیەكی زۆر بووم.

هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین كه لەم ماوەیەدا، خۆراكی شەریفه تریتی نانەڕەقه، هەر دوو رۆژ جارێك بووه. له جیاتیی ئاویش له ئافتاوەكەدا میز و ئاویان تێكەڵاو كردوه و به زۆر به قوڕگیاندا كردوه.

هەر جارێك شەریفه هاواری كردوه، خەزوورەكەی هەڕەشەی دەستدرێژی له لایەن خۆیو سێ هێوەره كوڕەكەیەوه لێ كردوه، تا له بەرابەر ئەو ئازار و ئەشكەنجەیەدا هاوار نەكا و بێدەنگ بێ.

له ماوەی ئەو نۆ مانگەدا، هەر كات ماڵەباوكی به تەلەفۆن هەواڵی شەریفەیان پرسیوه، ماڵه خەزووران شەریفەیان ناچار كردوه كه جنێو به ماڵەباوكی بداو پێیان بڵێ ژیانی خۆشەو، باشتره ئەوان كاریان به ژیانی ئەمەوه نەبێ. باوكی شەریفه كرێكارەو له قەزوین ئیش دەكا، سێ برا و خوشكێكی هەیەو دایكیشی كوێره. شەریفه دەڵێ: باوەگەورەی (باوكی دایكی)، شەهیدی كۆمەڵەیه و دایكی ئەوەنده بۆ باوكی خۆی گریاوه كوێر بووه. مێردەكەی شەریفه ١٧ ساڵی تەمەنه، تریاك و ئارەق دەفرۆشێ و موعتادیشه. شایانی باسه كه شەریفه نەخوێندەواره، مێردەكەشی ١٠ كەلاسی خوێندوه.

دراوسێكان چەند جار گوێیان له هاواری شەریفه دەبێ، بەڵام هەر كات كه پۆلیس دەهێنن، ماڵه خەزوورانی له چاڵێكدا دەیشارنەوەو دەمی دەبەستن. دشی شەریفه كه ناوی چیمەنه دەچێت بۆ دادگا و دەڵێ من بووكی ئەو بنەماڵەیەم و هیچ كێشەم نیه، دراوسێكان دەیانەوێ ژیانم تێك بدەن.

دوایین رۆژ كه تەنیا دشەكانی له ماڵ دەبن، دراوسێیەك، پۆلیس دەهێنێو ئەو كچانەش فریا ناكەون شەریفه له چاڵەكەدا وەشارن، و پۆلیس شەریفەی زنجیركراوی بێهێز و برسی دەدۆزێتەوه.

هەروەها شایانی باسه، ماوەی یەك هەفته بەرپرسان هەوڵیاندا ئەم جینایەته وەشارن، بەڵام له ئاكامدا نەیانتوانی. لەراستی شاردنەوەی ئەم شتانه تەنیا یارمەتیی دەدا به پەرەسەندنی توندوتیژی دژ به ژنان. ئێمه وەك ئەندامانی "رێكخراوەی ژنانی كوردی پارێزەری ئاشتی و مافی مرۆڤ" هیچ كات ناتوانین له بەرابەر جەنایاتی وادا بێدەنگ بین.

❊❊❊

روئیا تلووعی

سەرچاوه: ماڵپەڕی peyamner

# هەواڵەكانی دەرەوەی وڵات

## ● سویس

### كۆبوونەوەی هاوبەشی كومیتەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران و پارتی دێموكراتی كوردستان

لەسەر بانگهێشتنی كومیتەی حیزب له سویس سەعات ٢ی دوانیوەڕۆی رۆژی سێشەممۆ ۲۰۰٤/۹/۱۲، كۆبوونەوەیەكی هاوبەش له نێوان كومیتەكانی حیزبی دێموكراتو پارتی دێموكرات له وڵاتی سویس پێك هات.

لەو كۆبوونەوەیەدا مەسەله پێوەندیدارەكانی ناوچەو كوردستانو پێكهاتنی كۆنگرەی ١٣ی حیزبی دێموكرات كەوتنه بەرباسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر كراو له كۆتاییشدا دوو لایەن لەسەر هاوكاریی زیاتر له نێوانیاندا پێیان داگرتەوه.

### كۆماری ئیسلامی رێگا نادا تەرمی كوردێك بگەڕێننەوه بۆ ئێران

خدر قادرپوور، خەڵكی شەڵماشی ناوچەی سەردەشته، له سەرەتای ساڵی ۲۰۰٤ەوه پەنای بردبووه وڵاتی سویسو وەك پەنابەر لەو وڵاته دەژیا، رێكەوتی ۲۰۰٤/۸/۱۰ له كاتی مەلەكردن له رووباری راین (Rein) دەخنكێو تەرمەكەی له وڵاتی فەڕانسه دەدۆزرێتەوه.

بنەماڵەی ناوبراو دوای وەرگرتنی موافقەتی دەوڵەتی سویس دەیانهەوێ تەرمەكەی بنێرنەوه بۆ كوردستانی ئێران تا لەوێ بەخاك بسپێردرێ، بەڵام كاربەدەستانی كۆماری ئیسلامی له لایەك لەگەڵ ئەو داوایه نارەزایەتی نیشان دەدەنو له لایەكیشەوه ژمارەیەك له مەئموورەكانیان دەنێرنه لای بنەماڵەی خدر قادرپوورو له بەرانبەر گەڕانەوەی تەرمی ناوبراو بۆ شاری سەردەشت داوای ٥ میلیۆن تمەن دەكەن.

شایانی باسه دوای ئەوەی بنەماڵەی قادرپوور بڕیار دەدەن تەرمی كوڕەكەیان له سویس بەخاك بسپێرن، كومیتەكانی حیزب لەو وڵاته به پێكهێنانی رێورەسمێكی شیاو كه لەودا ژمارەیەكی زۆر له ئەندامانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران ئاماده بوون ئەركی بەخاك سپاردنو پرسەی خدر قادرپووری بەڕێوه برد.

## ● ئیسپانیا

### دیدارو چاوپێكەوتنی نوێنەری حیزب له ئیسپانیا لەگەڵ "گووستابۆ ئاریستیگی"

رۆژی هەینی ۲۰۰٤/۹/۱۰، نوێنەری حیزب له ئیسپانیا سەردانی گووستابۆ ئاریستیگی، ئەندامی رێبەرایەتیی حیزبی گەل (PP)و وتەبێژی ئەوحیزبه له كومیسیۆنی دەرەوەی پارلمانی كرد.

ئەو خاڵانەی لەو دانیشتنەدا راگۆڕێنەوەیان لەسەر كرا بریتی بوون له وەزعی سیاسیی ئێرانو كوردستان، سیاسەتەكانی حیزبی دێموكرات، تیرۆریزم، بونیادگەرایی ئیسلامی. له پێوەندی لەگەڵ ئێران، ناوبراو ئاماژەی بەوه كرد كه گەڵاڵەیەكی ئاماده كردووەو دیهەوێ پێشكەشی دەوڵەتو پارلمانی بكا كه بەپێی ئەوه داوا له كۆماری ئیسلامی دەكرێ: دەست له بەرنامه ئەتۆمییەكانی بكێشێتەوەو رێزله مافی كەمایەتییه نەتەوەییەكان بگرێ.

## ● بریتانیا

### بەشداریی له كۆڕی وەبیرهێنانەوەی كوشتاری بەكۆمەڵی زیندانییانی سیاسیی ئێران له ساڵی ٦٧دا

رێكەوتی ١٢ی سێپتامبری ۲۰۰٤، كۆمەڵەی ئێرانییەكان له لەندەن له ١٦هەمین ساڵیادی كوشتاری بەكۆمەڵی زیندانییه سیاسییەكان له لایەن كۆماری ئیسلامییەوه، كۆڕێكی وەبیرهێنانەوەو رێزگرتنی بۆ قوربانییانی ئەو كارەساته پێك هێنا.

لەو كۆڕەدا كه نوێنەری ژمارەیەكی بەرچاو له حیزبو رێكخراوه سیاسییەكانو له نێو ئەوانیشدا نوێنەری حیزبی دێموكراتی كوردستان بەشدرا بوون به خوێندنەوەی پەیامو شێعرو گێڕانەوەی بیرەوەری، رێز له یادی قوربانییانی كوشتاره به كۆمەڵەكەی ساڵی ٦٧ی زیندانەكانی ئێران گیرا.

شایانی باسه لەسەر دیوارەكانی شوێنی پێكهاتنی ئەو كۆڕه لیستی ناوو ناوبانگی ١٤٣٢ كەس له قوربانییانی ئەو كارەساته كه سەر به حیزبو رێكخراوه سیاسییه ئێرانیو كوردستانییەكانن بەرچاو دەكەوت.

## ● فەڕانسه

### بەشداری له جەژنی "هۆمانیته"دا

جەژنی رۆژنامەی "هۆمانیته"، ئورگانی فەرمیی حیزبی كومونیستی فەڕانسه، ئەمساڵ له رۆژانی ١٠، ١١، ١٢ی سێپتامبردا له شارۆچكەی لاكوورنوو (Lacour Neure)ی دەوروبەری پاریسدا، بەڕێوەچوو. لەو رێورەسمەدا جگه له فیدراسیۆنەكانی حیزبی كومونیست له سەرانسەری فەڕانسه، به دەیان حیزبو رێكخراوی جیهانیی تێدا بەشدار بوون.

حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران كه پێوەندییەكی دۆستانەی توندوتۆڵی لەمێژینەی لەگەڵ حیزبی كومونیستی فەڕانسەدا هەیه، ئەمساڵیش وەك ساڵانو به بانگهێشتنی رەسمیی حیزبی كومونیست، لەم جەژنەدا بەشداریی كردو نوێنەری حیزب له دەرەوەی وڵات هاوڕێ خوسرەو عەبدوڵڵایی، رۆژی ١١ی سێپتامبر له رێورەسمی دەستپێكردنی جەژنەكەدا به ئامادەبوونی رێبەرایەتیی حیزبی كومونیستی فەڕانسەو نوێنەرانی شانده بیانییەكان له شوێنی بەڕێوەچوونی رێورەسمەكەدا، بەشداریی كرد. لەم رێورەسمەدا كه نزیكەی ٢:٣٠ی خایاند، نوێنەری حیزبەكەمان، وێڕای نوێكردنەوەی دیدار لەگەڵ رێبەرانی حیزبی كومونیستدا، لەگەڵ ژمارەیەك له شانده بیانییه بەشدارەكانی جەژنەكەشدا قسەی كرد. له بارەی دۆزو بابەته جۆراوجۆرەكانەوه بەتایبەت، رەوشی ئێران، كوردستانی ئێرانو ناوچەكه بیروڕای گۆڕییەوه. شایانی باسه كه جەژنی هومانیته كه بۆته دیاردەیەكی گشتی، هەموو ساڵێك به سەدان هەزار كەس له سەرانسەری فەڕانسەوه بەشداریی تێدا دەكەن، ئیمساڵ به بۆنەی هاوكاتبوونی لەگەڵ سەدەمین ساڵڕۆژی بڵاوبوونەوەی رۆژنامەكه زۆر گەرموگوڕتر بەڕێوەچوو. بابەته سەرەكییه باسكراوەكان لەم جەژنەدا، بریتی بوون له: تیرۆریزم، ئەركی بەرپەرچدەرانه، بەجیهانیبوونی نئۆلیبراڵ، بێكاری، یەكیەتیی ئورووپا بەتایبەت دەستوور (قانوونی بنگەهی)ی ئەم یەكیەتییه كه وا بڕیاره له چەند مانگی داهاتوودا بخرێته راپرسییەوه.

❊❊❊

## رزگاربوونی منداڵێك له كوشتاره خوێناوییەكەی قوتابخانەی "بیسلان" له زمانی خۆیەوه

روخساری پەشۆكاوی "جورجی فارنیف"ی ده ساڵان له فیلمیكی ڤیدیۆییدا دەبینرێ كه له سالۆنی وەرزشیی قوتابخانەكەی له پەنای یەكێك له تیرۆریستەكانەوه كه خەریكه ماددەی تەقینەوه به لاقیەوه دەبەستێتەوه، دانیشتوه.

جێی سەرسووڕمانه "جورجی" به شێوەیەكی پەرجووئاسا رزگاری دەبێ. ئەو ئێستا له باكووری "ئوستتاوه" بۆ مۆسكۆ بەرێ كراوه تا دەستو لاقی كه بەهۆی تەقینەوەی نارنجۆك بریندار بوون، چارەسەر بكرێن.

ئەو دەڵێ: ئەوەنده نەترساوم. "ئەوان وتیان: دانیشن! ئەگەر مەتقتان لێوه بێ، بیست منداڵ دەكوژێن. له حاڵێكدا كه ئەو بیست منداڵەی كه لەبەر دەستی یەكێك لەواندا بوون، كوژران. ئەوان هێندێك له مندالەكانیان كوشت كه یەكێك لەوان كچ بوو.

جورجی دەڵێ: "من به هەڵاتن له سالۆنه وەرزشییەكەوه بۆ شوێنێكی دیكەی قوتابخانەكەو خۆشاردنەوه له ناو كومێدی دیوی چێشت لێنان رزگارم بوو.

سەرچاوه: www. euronews.net

درێژەی لاپەڕەی ٥

شەیتانییەكانمان سزا داباو حیزبەكانیانمان هەڵوەشاوه راگەیاندباو ئەوانمان له مەیدانی شارەكاندا له سێداره بدایه وڵاتەكەمان لەو گەندەڵانه خاوێن دەبوو و ئێستا ئەو گرفتەمان نەدەبوو[٣]. من داوای لێبوردن له خواو خەڵكی خۆمان دەكەم بۆ ئەو هەڵەیه، ئەگەر به شێوەی شۆڕشگێڕانه رەفتارمان بكردایه، ئێستا ئەو حیزبانەمان نەدەبوو و هەموو حیزبەكانمان قەدەغه دەكرد. [ئەگەر شۆڕشگێڕانه رەفتارمان بكردایه] هەموو هێزو رێكخراوەكانمان قەدەغه دەكردو تەنیا یەك حیزب ئەویش حیزبوڵڵامان دادەمەزراند كه حیزبی چەوساوەكانه. من گفت دەدەم كه ئیتر ئەو هەڵەیه دووپات نەكرێتەوه. من هەموو ئەو هێزه شەیتانییانه ئاگادار دەكەمەوه، كه ئەگەر كارو چالاكیی خۆیان تەواو نەكەن، ئێمه شۆڕشگێڕانه رەفتار دەكەین. ئێمه گوێ نادەینه ئەوه كه رۆژنامەكانی رۆژئاواو بڵاوكراوەكانی سەر به حكوومەتی پێشوو، چیمان له دژ دەنووسن. ئێمه پێویستمان بەوه نیه له نێو ئێران، له وڵاتانی ئیسلامیو جیهاندا رێزمان لێ بگرنو تێمان بگەن. ئەو پیلانگێڕانه بێدینن. ئەو پیلانگێڕانەی كه له كوردستانو شوێنەكانی دیكه كار دەكەن، سەر به هێزه بێدینەكانن. دەبێ دژی ئەوانه هێز بەكار ببردرێ. دەوڵەت دەبێ به توندی لەگەڵ ئەوانه رەفتار بكا. پۆلیس دەبێ هەموویان لەناو ببا. ئەرتەش دەبێ ئەوانه له رووی زەوی نەهێڵێ. ئێمه به توندی لەگەڵ ئەوانه رەفتار دەكەین. ئێمه هەموو ئەوانەی كه دەیانەوێ لەگەڵ بێدینان گفتگۆ بكەن، لەناو دەبەین. شوورای نیگەهبان دەبێ هەموو ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی كه بێدینو دوژمنی خەڵكین دابخا. قازیی ئیسلام دەبێ هەموو ئەو كەسانەی، حیزب پێك دێنن مەحكووم بكاو رێبەرانیان سزا بدا. شكو گومان دوور فرێ بدەن. بڕۆن هێزه شەیتانییەكان لەناو بەرن"[٤].

پەراوێزەكان:

١ـ دفاع پیشگیرانه

٢ـ ئایەتوڵڵا خومەینی ۱۹۷۹/۸/۲۰

٣ـ ئاماژەی خومەینی به بەستنی رۆژنامەكان له سێپتامبری ۱۹۷۹

٤ـ ئایەتوڵڵا خومەینی، ۱۹۷۹/۸/۱۷

❊❊❊

# دەقی قسەکانی هاوڕێ دوکتور میرۆ عەلیار

## لە سمیناری "پرۆسەی گۆڕانکاری لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا، هەل و دەرفەتی بینای فیدراڵی و دێموکراسی لە ئێران و ئاسۆی داهاتووی کوردو ئەنجام و بڕیارەکانی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری "بۆن"ی ئاڵمان لە ڕۆژی شەممە ٤ی سێپتامبری ٢٠٠٤"

بەڕێزان!

پێشەکی ئیزن دەخوازم سوپاسی بەڕێوەبەریی "ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی لە بۆن" بکەم کە ئەو سمینارەی ڕێك خستوە بۆ باس لەسەر سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرامبەر بە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەروەها هەڵسەنگاندنی ئاکامەکانی کۆنگرەی ١٣ی حیزب، پێك هێناوە.

بەخێرهاتنی هەموو ئێوەی بەڕێز دەکەم کە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداریتان کردوە. سوپاس بۆ برای بەڕێز کاك جەلیلی حەسەنپوور کە باسەکان بەڕێوە دەبا.

زۆر خۆشحاڵم لەوەی ئەوڕۆ ئەو هەلەم بۆ ڕەخسا لە نزیکەوە لەگەڵ بەڕێزان خاتوو پەروانەی قورەیشیو کاك دوکتور تاهیری حیکمەت ئاشنا بم.

ئەو مەتڵەبەی "ناوەند" بۆ سمیناری ئەمڕۆی دیاری کردوە، باسێکی بەربڵاوو هەمەلایەنەیە، بەڵام پێم وایە دروست هەڵبژێردراوە. چون حیزبێك و بەتایبەتی حیزبێکی بەرپرسی کوردستانی، کاتێك دروشمی ستراتیژیکیی خۆی دەگۆڕێ، قاعیدەتەن دەبێ دوای لێکدانەوەی وردی هەلومەرجی جیهانی، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژی و هەروەها ئاستی مەسەلەی کورد، ئەو هەنگاوە گرینگە هەڵبێنێتەوە.

باسەکانی کۆنگرە زۆرن و ناکرێ بەسەر هەموویاندا بێینەوەو هەروەها بۆ ئەوەی کاتی پێویستمان بۆ باسکردنی دوایەش بۆ بمێنێتەوە، من هەوڵ دەدەم بە گوێرەی پێداویستی تەنیا لەسەر هێندێك مەسەلە بە کورتی بدوێم و ئەگەر پاشان پرسیاریان لەسەر هاتە گۆڕێ، بە پێی تواناو کات، وردتر وەڵامیان بدەمەوە.

لە قسەکانمدا باسەکان بریتین لە: ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، مەسەلەی کوردو دروشمی ستراتیژیی حیزب.

**ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست**

بۆ لێکدانەوەی وەزعی ئێستاو هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکانی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ناچارین بە کورتی ئاوڕێك بۆ سەر ڕابردووی ئەو ناوچە گرنگە بدەینەوە: لە سەردەمی شەڕی ساردا وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەسەر ئەمریکاو شووڕەویدا دابەش کرابوون. ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی ئەو وڵاتانە لە ژێر باڵی ئەم یان ئەو زلهێزدا، گەلانی وڵاتەکانی خۆیان دەچەوساندەوەو بە دوور لە بیروڕای گشتیو بە بێ ترس لە ئاکامی کردەوەکانیان هەر چەشنە دەنگێکی ئازادیخوازانەیان بە هاسانی سەرکوت دەکرد. بەکورتی، ئەو دوو زلهێزە ببوونە پارێزەری دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکانی ناوچەو ئەوانیش ئەوەندەیان لەسەر بوو بەرژەوەندییە گەورەکانیان بپارێزن. (هەر ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، عێراق و سووریە بە "ئەقمار"ی شووڕەویو تورکیەو ئێران (هەتا ١٩٧٩) بە "ئەقمار"ی ئامریکا دەناسران.)

هەرەسهێنانی بەرەی سوسیالیستیو یەکیەتیی سۆڤییەتیو پاشان کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، هێندێك ئاکامی گرنگیان بەدواوە بوو:

١ـ پەرەگرتنی دێموکراسیو هەستی ئازادیخوازی

٢ـ بەرزتربوونەوەی هەستی نەتەوایەتیو داخوازی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانو زەقبوونەوەی مەسەلەی نەتەوایەتی

٣ـ گەورەبوونەوەی مافی مرۆڤ

ئەو سێ دیاردەیە شوێنەواری بەرچاویان لەسەر پێوەندییە نێونەتەوەیییەکان دانا:

ئەسڵی "دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان" کە هەتا ئەو کاتە دیکتاتۆرەکان بە بیانووی "پاراستنی سەروەریی نیشتمانی"، خۆیان لە پەنایدا حەشار دەداو بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلانیان پێ لەنێو دەبرد، کەوتە ژێر پرسیارو جێی پێ لەق بوو. پاشان بۆ داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤو بەرگری لە جینایەتی دیکتاتۆرەکان، مەسەلەی پێویستیی "دەستێوەردانی مەشرووع" هاتە گۆڕێو لە شووڕای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پەسند کرا. وە چەند هەنگاوی دیکەی لەو بابەتە هاوێژران.

ئاکامو ئاڵوگۆڕەکانی دوای نەمانی شەڕی سارد، بوونە هۆی ئەوە کە ئازادیخوازانی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە ورەو هیوایەکی زیاترەوە بۆ وەدەستهێنانی مافە دێموکراتیکەکانیان تێبکۆشن. لە هەمان کاتدا ئەو وەزعە ترسی وەبەر حکوومەتە زۆردارەکان نا کە دەکرێ ڕۆژێك بێو ئەوانیش ناچار بن وەڵامدەرەوەی کردەوەکانیان بن.

کردەوەی سامناکی تیرۆریستیی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ لە نیۆیۆرك و واشنگتۆن، ڕەنگە لە چەند دەیەی ڕابردوودا پتر لە هەموو ڕووداوێکی دیکە شوێنی لەسەر سیاسەتی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی سیاسەتی ئامریکا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دانابێ. پرێزیدێنت جۆرج بووش ڕۆژی ٧ی نوامبری ٢٠٠٣، بە ڕاشکاوی ڕەخنە لە سیاسەتی ڕابردووی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەگرێو دەڵێ: "بۆ ماوەی ٦٠ ساڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا کەموکوڕییەکانیان لە بواری ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پاساو دەدانەوەو خۆیان لەگەڵی ڕێك دەخست، [بەڵام ئەم سیاسەتە] ئەمنییەتی بۆ بەدیاری نەهێنایین. لە درێژخایەندا، سەقامگیری ناتوانێ لەسەر حیسابی ئازادی بکڕدرێ." (ڕۆژنامەی بێرلینەر تساتیوونگ Berliner Teitung ، ٢٠٠٣/١١/٨)

دەزانین کە زۆر لە سیاسەتوانو شارەزایانی سیاسی لە ڕۆژئاوا، لەو هەڵوێستەو بۆچوونەدا لەگەڵ سەرۆك کۆماری ئامریکا هاودەنگن.

جینایەتی ١١ی سێپتامبر، وڵاتانی ڕۆژئاوای هان دا کە بەشێوەیەکی جیددی بە سیاسەتی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بچنەوە. سیاسەتێك کە لەسەر بناخەی دۆستایەتیو پشتگیریی حکوومەتە نادێموکراتو زۆردارەکان لە پێناوی دابینکردنی بەرژەوەندییە سیاسیو ئابوورییەکانی ڕۆژئاواو بەبێ لەبەرچاوگرتنی ویستو داخوازو هەستی گەلانی وڵاتانی ناوچەکە، بەڕێوە دەچوو. ئەو سیاسەتە بە ئیقراری زۆربەی ڕێبەرانو کەسایەتییە ناسراوە ئامریکاییو ئوروپاییەکان ببووە هۆی ئەوە کە گەلانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ڕۆژئاوا بە پشتیوانو تەنانەت شەریکە تاوانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی وڵاتانی خۆیان دابنێنو وەك بەرپرسی سەرەکیی هەژاریو بێدەرەتانیی خۆیان سەیری بکەن.

بەکورتی، ڕۆژئاوا ئێستا ئەو ڕاستییەی سەلماندوە کە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان ناتوانن لە درێژخایەندا بەرژەوەندییەکانی بپارێزنو ڕۆژئاوا دەبێ بۆ ڕاکێشانی متمانەی خەڵکی وڵاتەکان تێبکۆشن. لە ئاکامی لێکدانەوەی ئەو وەزعەدا، گۆڕانێکی بەرچاو بەسەر سیاسەتی ئامریکاو بەشێك لە وڵاتانی ئورووپایی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هاتوە کە لە "پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست"دا ڕەنگ دەداتەوە. سیاسەتی ڕاگەیەندراوی ئەوڕۆی ئامریکاو هاوپەیمانەکانی بریتییە لە "خەبات دژی تیرۆریزم"و پەرەپێدانی دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا."



ئەوە کە ئامریکاو هاوپەیمانەکانی لە بەڕێوەبردنی ئەو سیاسەتەدا چەندە شێلگیرو لێبڕاو دەبن، داهاتوو نیشانی دەدا، بەتایبەتی داهاتووی عێراق کە وەك نوختەی دەستپێکردنی دابەزاندنی ئەو پرۆژەیە چاو لێ دەکرێ. بەڵام یەك شت ڕوونە، خاشەبڕکردنی تیرۆریزمو دامەزراندنی سیستمی دێموکراتیك کاری چەند مانگو ساڵو دوو ساڵ نییەو خەباتێکی بەردەوام، درێژخایەنو هەمەلایەنەی هێزە دێموکراتەکانی پێویستە.

بۆ سەرکەوتن لەو ئەرکەدا، پێویست بە ڕێککەوتنو ساغبوونەوە لەسەر هێندێك پرنسیپو میکانیزمی حقووقیو قانوونی لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەیە:

١ـ تیرۆریزم پێناسە بکرێو بە پێی ئەو پێناسەیە هەرکەسو لایەنو ڕێژیمێك بۆ سەلماندنی خۆی پەنای بۆ ئەو دیاردەیە برد ـ بەبێ لەبەرچاوگرتنی قازانجی سیاسیو ئابووری ـ بە تیرۆریست بناسرێو وەك تیرۆریست هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ. لە خەبات دژی تیرۆریزمدا بەکارهێنانی زۆرو هێزی نیزامی وەك تەنیا ڕێگاو وەسیلە سەیر نەکرێ، بەڵکوو هەوڵ بدرێ هۆکارو سەرچاوەکانی سەرهەڵدانی تیرۆریزم بدۆزرێنەوەو بەشێوەی سیاسی چارەسەر بکرێن.

٢ـ دێموکراسیو مافی مرۆڤ گشتگیر (Universal)ن. پێویستە بۆ پاراستنو ڕێزلێنانیان یەك پێوانە هەبێ. دێموکراسیو مافی مرۆڤ نابێ وەك ئامرازێك بۆ دابینکردنو داسەپاندنی بەرژەوەندی سیاسیو ئابووری سەیر بکرێنو کەڵکی خراپیان لێوەرگیرێ. بۆ ئەوەی خەڵکی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پرۆژەی ڕاگەیەندراوی ڕۆژئاوا بۆ ناوچەکەیان بە پرۆژەی خۆیان بزانن و بڕوای پێ بکەن، پێویستە دانەرانی ئەو پرۆژەیە بە هاوکاریی هێزە دێموکراتەکانی ناوچە بۆ دابینکردنی دێموکراسی لە هەموو وڵاتەکاندا تێبکۆشنو ئازادیو مافی مرۆڤ بەهەر گەلێکی ناوچەکە ڕەوا ببینن. لەو پێوەندییەدا پێویستە گرینگی تایبەتی بدرێ بە یارمەتیو پشتیوانی لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوە ژێردەستەکانی ناوچە ـ یەك لەوان نەتەوەی کورد ـو ڕێگاچارەی سیاسیو دێموکراتیك بۆ کێشەکانیان بدۆزرێتەوە.

ڕێژیمەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبێ ناچار بکرێن مل بۆ ویستی خەڵك ڕابکێشن، ڕێز لە ئازادیو مافی مرۆڤ بگرنو مافە سیاسیو ئینسانییەکانی گەلانی زۆرلێکراو بەڕەسمی بناسن، دەنا پێویستە بە پشتیوانیو یارمەتیدان بە ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتیکی ڕێژیمە سەرەڕۆکان، دەسەڵاتی سیاسییان لێ بستێندرێتەوەو بەو جۆرە بەرگری لە ئیستبدادو دیکتاتۆری بکرێ.

تەنیا بەو شێوەیە سیاسەت یان پرۆژەی "خەبات دژی تیرۆریزمو دابینکردنی دێموکراسی" لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شانسی سەرکەوتنی دەبێ.

**مەسەلەی کورد**

ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ١٣، لەم پێوەندییەدا دەڵێ: "دیاردەی کۆچ بۆ وڵاتان لەلایەك و پەرەئەستاندنو پێشکەوتنی ئامرازەکانی پێوەندی لەلایەکی دیکەوە خەباتی کوردی لە چوارچێوەی تەسکی چوار وڵاتی کوردنشین ترازاندوەو کێشەی کورد قۆناغێکی گرنگی لە ناساندنو سەلماندنی خۆیدا بڕیوەو خەڵکێکی زۆری لە چوار قوژبنی جیهاندا لەگەڵ خۆی ئاشنا کردوە.

وشیاریی سیاسی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا گەیوەتە پلەیەکی بەرزتر لە هەموو دەورانێکی پێشترو خەباتی بەکردەوە بۆ وەدەستهێنانی مافو ئازادییەکانیش قۆناغێکی پێشکەوتووتری بڕیوە.

دەکرێ بڵێین لە مێژووی وڵاتانی کوردنشیندا قەت وەك ئێستا ڕێ نەکەوتووە کە خەباتی کورد هاوکات لە چەند بەشی کوردستاندا لە گەشەو پێشکەوتندا بێ."

ماوەی ١٣ ساڵ دەسەڵاتداریی کورد لە کوردستانی عێراقو دامەزراندنی سیستمێکی ڕێکوپێکی ئیداریو کۆمەڵایەتی، دابینکردنی بەشێکی بەرچاو لە ئازادییە دێموکراتیکەکانو هەروەها وشیاریو لێوەشاوەیی خەڵك و هێزە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق بەتایبەتی پارتیو یەکیەتی، بە دنیای سەلماندوە کە کورد ئەگەر ئازادیو دەرەتانی بێ، چی لە گەلانی دیکە کەمتر نییەو لێهاتوویی بە دەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆی هەیە.

بەتایبەتی پەسندکرانی سیستمی فیدراڵی بۆ عێراق لە قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لە ٨ی مارسی ٢٠٠٤دا، کە حکوومەتی کوردستان بەهەر سێ دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن، دادوەریو قانووندانانەوە بەڕەسمی دەناسێ، بە گەورەترین دەسکەوتی خەباتی گەلی کورد دەژمێردرێ (لەگەڵ ئەوەش کە دەسەڵاتی هەرێم تەواوی ناوچە کوردنشینەکان ناگرێتە خۆیو بۆ پەسندکردنی سیستمی فیدراڵیزم لە یاسای هەمیشەیی عێراقدا کارێکی زۆر لە پێش دایە).

وەڕێخستنی ڕێوڕەسمی شادیو هەڵپەڕکێو خۆپیشاندانو پیرۆزبایی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لە: تورکیە، ئێرانو سووریە بە بۆنەی دەسکەوتی مێژوویی گەلی کورد لە عێراق لەلایەکەوە پێشاندەری هەستی بەرزی نەتەوەیی کورد بووو، لەلایەکی دیکەوە جارێکی دیکە سەلماندی کە کورد لە هەر کوێیەك بێ یەك نەتەوەیەو دابەشکردنی ئیستعماریی کوردستان هیچی لەو ڕاستییە نەگۆڕیوە.

لە کۆتایی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیدا هاتوە کە: "چوونە سەری وشیاری نەتەوەیی لەنێو کۆمەڵانی گەلی کورد لەلایەك و ناسرانی بزووتنەوەی کوردو داخوازە ڕەواکانی لەلای بەشێکی گەورە لە بیروڕای گشتیی جیهانیو کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان لە لایەکی دیکە، ئەو هیوایە بەهێز دەکەن کە ئەو بزووتنەوەیە زیاتر بەرەوپێش بچێو بە زوویی جێگای خۆی لە لێکدانەوەی هێزە ناوچەییو نێونەتەوەییەکاندا بکاتەوە.

بەڵام ئەوە ئەرکی هێزە سیاسییەکانی کورد قورستر دەکاو لێیان دەخوازێ چ لە یەك یەکی پارچەکانی کوردستانو چ لە ڕادەی سەرانسەری کوردستاندا پتر لێك نزیك ببنەوە، زیاتر هاوکاریی یەکتر بکەنو لە باری سیاسییەوە هەنگاوەکانیان ڕێك بخەن.

**دروشمی ستراتێژی**

ئاگادارن کە هەتا کۆنگرەی ١٣، دروشمی ستراتیژی ح.د.ك.ئـ، "دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان" بوو. هەروەها ئەوانەی لە نزیکەوە شارەزای سیاسەتەکانی "ح.د.ك.ئـ"ن، دەزانن کە حیزب سەرەڕای دروشمی "خودموختاری" هەمیشە سیستمی فیدراڵی بە باشترین سیستمی حکوومەتیو بەڕێوەبەری ئێرانی فرەگەلی زانیوە. زۆر بەڵگە لە دەستدان کە دەسەلمێنن ڕێبەریی حدکا، بەر لە شۆڕشی ١٩٧٩، سەرەتای شۆڕشو هەتا ئێستاش لە هەر دەرفەتێکدا پێی لەسەر ئەو بۆچوونە داگرتۆتەوە (بۆ وێنە: لە کتێبی "کوردستانو کورد"ی د.قاسملووی نەمردا، لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزب لە ساڵی ١٩٧١و لە نامەی خاکەلێوەی ساڵی ١٩٧٩ی حیزبدا بۆ ئایەتوڵڵا خومەینیو دەیان وتارو وتووێژی ڕێبەرانی حیزبدا).

بەڵام حیزبێکی سیاسی بەر لەوەی دروشمێك هەڵگرێ، پێشەکیدەبێ بیری لێ بکاتەوە کە تا چ ڕادەیەك هەلومەرجی سیاسیی وڵات بۆ هێنانەگۆڕی ئەو دروشمە ئامادەیەو چەندە ئیمکانی وەدیهێنانی ئەو دروشمە لە ئارادایە؟

بەو هۆیانەوە کە ئێستا دەچمە سەریانو هەروەها لەسەر بناخەی لێکدانەوەی ئاڵوگۆڕەکانی چەند ساڵی ڕابردوو لە ڕادەی نێونەتەوەیی، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئێرانو باروودۆخی مەسەلەی کورد، حدکا لە دوا کۆنگرەکەیدا بەو ئاکامە گەیشت کە هەلومەرج بۆ گۆڕانی دروشمی ستراتیژیو بەرزکرانەوەی دروشمی "فیدرالیزم" پێك هاتوە: سەرەتا، بۆ فیدرالیزم بۆ ئێران بە باشتر دەزانین لە خودموختاری:

ـ بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی جیهان بە شێوەی فیدراڵی بەڕێوە دەچن، فیدرالیزم بە ئەزموونێکی سەرکەوتوو ناسراوە.

ـ فیدرالیزم لەسەر بناخەی نەتەوەیی ـ جوغرافیایی جیا لەوە دەتوانێ گەلانی ئێران بە مافە نەتەوایەتییەکانیان بگەیەنێ، بەڕێوەبردنی وڵاتی پانوبەرینی ئێران هاسانترو کاریگەرتر دەکا.

ـ فیدرالیزم دەتوانێ هەم مافە سیاسیو ئینسانییەکانی گەلان لە ئێراندا دابین بکا، هەم بەیەکەوە ژیانی گەلانی پێکهێنەری وڵاتەکە بە شێوەی دڵخوازانە مسۆگەر بکاو هەم لە دەسەڵاتی ناوەندیدا بەشداریان بکاو بەو شێوەیە یارمەتییەکی گەورەو شوێندانەر بە دێموکراتیزەکردنی کۆمەڵی ئێران بدا.

ـ فیدرالیزم لە وڵاتێکی وەك ئێراندا گرنگترین دەستەبەر بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلانی بن دەستە. لە سیستمی فیدراڵیدا کوردستان بە تەنیا نامێنێتەوەو گەلی کورد ناچار نابێ بە تەنیا داکۆکی لە خۆیو دەستکەوتەکانی لە بەرامبەر حکوومەتی ناوەندیدا بکا.

هەر لە ٦٠ ساڵی ڕابردوودا زۆر نموونەمان هەن کە کورد لە ئێرانو عێراق دەسەڵاتی خۆی دامەزراندوە یان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی ڕێککەوتوە، بەڵام کاتێك دەوڵەتی ناوەندی لە باری نیزامییەوە لە خۆی ڕادیوە، دەستکەوتەکانی گەلی کوردی خستۆتە ژێر پرسیار، لە ڕێککەوتنەکانی پاشگەز بۆتەوەو هێرشی کردۆتە سەر کوردستانو دەسەڵاتی کوردی لەنێو بردوە (کۆماری کوردستانو هەروەها هێرشی کۆماری ئیسلامیو داگیرکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان لە سەرەتای شۆڕشدا. لە عێراقیش، ڕێژیمی عێراق لە دابینکردنی بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، پەشیوان بۆوەو هێرشی کردەوە سەر کوردستان).

لە ئێرانی فیدراڵیدا گەلانی پێکهێنەری دەوڵەتی فیدراڵ بەرژەوەندی هاوبەشیان دەبێو هێرشکردن بۆ سەر هەریەك لەو گەلانە ـ لە لایەن هەر کەسێکەوە ـ وەك هێرش بۆ هەموو گەلانی ئێران چاو لێدەکرێو بە یەکەوە دەستکەوتەکانیان دەپارێزن.

ـ فیدرالیزم وەك دروشمی هاوبەشی هێزەکانی کوردستانی ئێران بزووتنەوەی کورد لە بەرامبەر حکوومەتی ناوەندی بەهێزتر دەکاو جێگای شیاوی خۆی لە نێو ئۆپوزیسیۆنی سەرانسەریدا دەکاتەوە. بەپێی ئەزموون، لە ڕادەی نێونەتەوەییشدا زۆر گرنگە کورد بە زمانێك بدوێو داوایەکی هەبێ.

ـ فیدرالیزم سەرەنجام دەتوانێ ببێتە دروشمو زمانی هاوبەشی گەلانی ستەم لێکراوی ئێرانو هەڵوێستی وان بەرامبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی تەواو بەهێز بکا. هەروەها لە بیروڕای گشتیو پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوەشدا حزووروو هەوڵی هاوبەشیان بێگومان شوێنی لەبار لەسەر هەڵوێستی دەوڵەتان بەرامبەر بە مەسەلەی نەتەوەکان لە ئێراندا دادەنێو ناچاریان دەکا حیسابێکی زیاتریان بۆ بکەن.

ئێستا ڕەنگە پرسیار بکرێ، بۆ مەگەر پێش کۆنگرەی ١٣ ئەو شتانەتان نەدەزانی؟ وەڵامەکە ئەوەیە، بەڵێ دەمانزانی، بەڵام هەلومەرجی ساڵانی پێشوو ڕێگای هەڵگرتنی دروشمی فیدرالیزمیان نەدەدا. ئەوڕۆ باروودۆخێکی دیکە لە گۆڕێ دایە.

ئیزنم بدەن ئاماژە بەو ئاڵوگۆڕو فاکتۆرانە بکەم کە شانسو ئیمکانی دامەزرانی سیستمی فیدراڵی لە ئێراندا پێك دێنن:

**شانسو ئیمکانی سیستمی فیدراڵیو دێموکراسی لە ئێراندا**

پێشەکی پێم خۆشە ئاماژە بەوە بکەم کە موشکیلاتو کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگای دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی غەیرەفارس لە ئێراندا، باری سیاسی، ئابووری، ژێئۆپۆلیتیکی، ڕەوانیو کەلتووریی هەیە. ئەگەر سەیری مێژووی ئێران بکەین، زۆر ئاڵوگۆڕ بەسەر شێوەی حکوومەتی تێدا پێك هاتوە، بەڵام هەر سیستمێك لەسەر کار بووبێ ـ پاشایەتی، نەتەوەییو سکۆلار یان مەزهەبی ـ زمانو کەلتوورو مەزهەبی نەتەوەی فارس بەسەر ئێراندا زاڵ بووە.

حاکمانی ئێران بۆ پاراستنی دەسەڵاتی

بۆ لاپەڕەی ١١

# پەیامی حیزب و کەسایەتی‌یە بیانی‌یەکان بۆ کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب

## پەیامی بەڕێز خاتوو کلۆدیا ڕۆت

بەشدارانی زۆر بەڕێز! دۆستانی خۆشەویست!

ئەوە نیشانەیەکی باشە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو کاتەشدا هێزو تواناو ویستی گرتنی سێزدەهەمین کۆنگرەی مێژوویی خۆی هەیە. ئێوە ئەرکێکی گەورەتان لە پێشە، چونکە ئێوە دەبێ ئەو وریایی‌و زانایی‌یە بکەنە ئەساسی سیاسەتی داهاتووتان کە بناخەی سیاسەت‌و بڕیارەکانی کەسایەتیی وەك دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووو دوکتور سادق شەرەفکەندی لە رابردوودا بوو.

من زۆر خۆشحاڵم کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوختانی[جیایی‌خوازی] پووچەڵ کردۆتەوەو شێلگیرانە لەسەر داخوازیی "دێموکراسی بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستان" ماوەتەوە.

جووڵانەوەی کورد بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس، دێموکراسی، حاکمیەتی قانوون‌و مەشرووعییەت، سەرکەوتووانە بەرەوپێش دەچێ. گۆڕانکاری‌یەکان لە باکووری عێراق‌و بەتایبەتی لە تورکیە هانمان دەدەن کە لە بەرەسمی ناسینی واقیعییەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا گەشبین بین. بەڵام لە هەمان کاتدا وەزعی دژواری سەرجەمی عێراق‌و شکست‌و پاشەکشەکانی حەرەکەتی ریفۆرمخوازی لە ئێراندا، نیشاندەری بوونی موشکلاتێکی گەورەن کە ئێستاش لەسەر ڕێگا بەدی دەکرێن. ئێمە لە داهاتووشدا بە جیددی‌و بەردەوام بۆ چارەسەری‌یەکی ئاشتیخوازانەو سیاسیی مەسەلە کۆنەکان تێدەکۆشین.

ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سیاسەتی نێوخۆی ئێراندا لەوەش گرنگتر دەبێ، ئەگەر لە ژوورەوەو لە دەرەوەی ئێران لەگەڵ ئەو هێزانە هاوکاری بکا کە بۆ مافی مرۆڤ، دێموکراتی‌و حاکمیەتی قانوون تێدەکۆشن.

دەوڵەتی فیدراڵی ئاڵمان هەست بەو لێپرساوی‌یە دەکا کە لە سیاسەتی دەرەوەدا دەکەوێتە سەرشانی. ئەو لە چوارچێوەی مافی گەلان‌و ڕێککەوتننامەی ژنێڤدا هەوڵ دەدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکەو لەنێوبردنی هەر چەشنە پێشێلکاری‌یەکی مافی مرۆڤ‌و جیاوازیدانانێك. هاوئاهەنگی لە سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئوروپادا، شانسێکی تازە پێك دێنێ کە کێشە کۆن‌و نوێ‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست باشتر چارەسەر بکرێن.

سەرکەوتن‌و بڕیاراتێکی ئایندەساز بۆ کۆنگرەکەتان‌و هومێدی زۆری کوردی لە دڵان بۆ هەموو لایەکتان بە ئاوات دەخوازم

**لەگەڵ سلاوی دۆستانەم**

**کلۆدیا رۆت، بەرپرسی کاروباری مافی مرۆڤی دەوڵەتی ئاڵمان، ئەندامی کۆمیسیۆنی کاروباری دەرەوەی پارلمانی ئاڵمان**

**

## پەیامی بەڕێز دوکتور ئۆستیلی والبێك مامۆستای کۆمەڵناسی لە زانکۆی تورکۆی فینلاند

بۆ من جێگای شانازی‌یە کە بۆم هەیە پەیامی پیرۆزبایی بۆ کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بنێرم. ئەوپەڕی پشتیوانی‌و هەستی دۆستایەتیم لە بەرامبەر کوردستاندا دەردەبڕم.

**لەگەڵ سلاوی گەرم**

**دوکتور ئۆستیلی والبێك**

**مامۆستای کۆمەڵناسی لە زانکۆی تورکۆی فینلاند**

**١٩ی ژووئەنی ٢٠٠٤**

**

## پەیامی بەڕێز بیرگێتا ئولسۆن

بەڕێز عەبدوڵلا حەسەنزادە!

بەڕێزان ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

زۆر جێگای خۆشحاڵی‌یە کە دەبینم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی سێزدەهەمی خۆی لەژێر ناوی دێموکراسی، پێکەوەکارکردن بۆ نەهێشتنی زوڵم‌و زۆرو وەدیهێنانی مافەکانی خەڵکی کورد لە ئێراندا، دەبەستێ. دێموکراسی بنەمایەك دروست دەکا کە دەکرێ لەسەر ئەو بنەمایە مافەکانی مرۆڤ بەدی بێن. هەربۆیە دەبێ بیری دێموکراتیك لە سەرانسەری جیهاندا بڵاو بکرێتەوەو ببینرێ‌و ببیسرێ. کۆنفرانسی حیزبی ئێوە بەشێکی گرنگی ئەم مەسەلە لە خۆ دەگرێ.

هەر تاکێك ئازاد لە دایك دەبێ‌و ئازادیشە مافی یەکسانی هەبێ. ئازادی‌و مافی وەك یەك، بەبێ جیاوازی‌و بەبێ لەبەرچاوگرتنی رەگەز، جینس، ئایین، بیروباوەڕی سیاسی‌و هتد، هەموو خەڵك دەگرێتەوە. بۆ ئەوە ئەم قسانە بخرێنە بواری جێبەجێ‌کردنەوە، هەروەها لەوەی‌دا کە پێوەندی بە مافەکانی کوردەوە هەیە، ئێجگار گرنگە جیهان لە بەرامبەر لەژێرپێ‌نانی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لەلایەن ئێران‌و ئیعترافنەکردنی ئەو وڵاتە بە مافی کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکان نارەزایی دەردەبڕێت. تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە "سوئێد"ەوە هەیە، خەبات لە پێناوی مافەکانی مرۆڤدا پێویستە هەمیشە بەشێکی گرنگ لە سیاسەتی دەرەوەی ئێمە پێك بێنێ.

**لەگەڵ ڕێزی دووبارە**

**بێرگیتا ئولسۆن، ئەندام پارلمان**

**لە حیزبی لیبرالی سوئێد**

**

## پەیامی بەڕێز هووبێرت تسوور کیندێر

بەشدارانی بەڕێزی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

پارتی سەوزی سویس بە هۆگری‌یەکی تەواوەوە چاوەدێریی ڕووداوەکانی ئێران دەکا.ئێمە پشتیوانیی خۆمان لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ وەدەسهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کوردو هەروەها دەستەبەرکردن‌و پێکهێنانی کۆمەڵێکی پڕ لە ئاشتی‌و دادپەروەری‌و دێموکراتیك دەکا.

ئاواتی سەرکەوتن بۆ سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبەکەتان دەخوازین.

**لەگەڵ سلاوی هاوپێوەندیمان**

**هووبێرت تسوور کیندێر، سکرتێری گشتیی پارتی سەوزی سویس**

**٢٠٠٤/٦/١٩**

**

## پەیامی بەڕێز "تیلمەن تسووێلخ"

دۆستانی خۆشەویست!

هەرکەس نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ببیستێ، دەکەوێتە بیری هەورازو نشێوی، زۆری ژیانی حیزبەکەتان. ئەوە کۆماری کوردستان لە مەهابادە، ئەوە سوننەتە دێموکراتیکەکانیەتی کە بناخەی هاوبەشی هەموو حیزبە دێموکراتەکانی کوردە، بەڵام پیاو خێرا دەشکەوێتە بیری کۆتایی‌یە ترسناکەکەی (کۆمار)و، دڕندەیی ڕێژیمی شا، ئیعدامی پرێزیدێنت قازی محەممەدو دەرچوونی ئەفسانەیی یەکێك لە ژنراڵەکانی واتە مستەفا بارزانی‌و هێزەکانی بۆ یەکیەتیی سۆڤییەت. دەکەوینەوە بیری خەبات دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری مەلاکان‌و دەیان هەزار ژن‌و پیاوی کوردی قوربانی، دەکەوینەوە بیری عەبدولڕەحمان قاسملوو کە خەبات لە پێناوی "دێموکراسی بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران"ی، ڕێبەریی دەکرد.

لێرە لە دەفتەری ئێمە لە شاری "گوێتینگێن" Gottingen پلاکاردێك هەڵواسراوە کە مەلاکان بۆ هەموو کاتێك لە بەرامبەر هەموو جیهان بەهۆی دڕندەیی‌و خوێنڕێژییان، ڕیسوا دەکا. ئەو وێنەیە چەند کوردی بە توندی بریندارو ریزکراو لەبەر جووخەی ئیعدامی پاسدارانی ئێران نیشان دەدا. هەر چەند حەوتوو پێش ئەوە ژمارەیەکی تایبەتیی گۆڤارەکەمان "پۆگرۆم" Pogrom مان بۆ خەباتی رزگاریخوازانەی کوردستانی ئێران تەرخان کردبووو سەرتیتری پڕ لە هیوای "بەهاری کورد لە ئێران"مان بۆ دیاری کردبوو. بەهار بوو بە زستانێکی ساردو سڕ. بەدوای سەرکوتکردنی بەرهەڵستی‌یەکی، تیرۆری ترسنۆکانەی هەردوو سەرکردەکانتان لە وییەن‌و بێرلیندا هات.

لەو ماوەیەدا وەزع لە دنیای کوردان بەشێوەی دراماتیك گۆڕانی بەسەردا هاتوە. ئەسەدی چکۆڵە فەرمانی کوشتنی کوردان دەدا، بەڵام لەبەرئەوەی ناتوانێ جووڵانەوە دێموکراتیکەکەیان سەرکوت بکا، ناچار بوو چەند ڕۆژ دواتر تابعییەتی دەیان هەزار کورد رابگەیەنێ کە دەیان ساڵە تابعییەتی سوورییان لێ دەریغ دەکرێ.

لە تورکیە کوردەکان بەهەر حاڵ تەنیا لەسەر کاغەز مافی کەمایەتی وەردەگرن. لە باکووری عێراق خودموختاریی کوردان گەشە دەکا. میلیۆنێك منداڵی کورد بە زمانی کوردی دەخوێنن، سێ زانکۆی کوردی‌و سێ هونەرستانی تیکنیکی کوردی دامەزراون‌و لە پەرەسەندندان. بیری دێموکراسی، مافی مرۆڤ‌و کۆمەڵگای مەدەنی مەسەلەی سەرەکیی لاوانی ئێرانن کە ٧٠٪ نفووسی ئێران پێك دێنن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك قسەکەری ١٠ میلیۆن کورد، بەشێکی ئەو جووڵانەوە دێموکراتیکەیە. ئامانجی لەمێژساڵەی ئێوە، دێموکراسی بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران، مەسەلەو ویستی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێمەشە کە ٣٤ ساڵە پشتیوانی لە مەسەلەی کورد دەکا.

**سەرکەوتنی کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئاوات دەخوازین.**

**تیلمەن تسووێلخ، سەرۆکی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی داکۆکی‌کردن لە گەلانی لە مەترسی‌کەوتوو**

***

# درێژەی قسەکانی هاوڕێ میرۆ عەلیار

خۆیان گەلی فارسیان وا تێ‌گەیاندوە کە هەوڵدان بۆ ئازادیی زمانێکی دیکە، مەزهەبێکی دیکەو کەلتوورێکی دیکە تەنانەت لە پەنا زمان‌و مەزهەب‌و کەلتووری فارسدا، پیلانی دوژمن‌و دەستی بێگانەی تێدایە بە مەبەستی لاوازکردن‌و خستنە پەراوێزی ناسنامەی فارس‌و ئاکامەکەشی لەبەریەك هەڵوەشانی ئێرانە!

زۆر جاران مەزهەب، مەزهەبی شیعە کراوەو دەکرێتە وەسیلەی درێژەپێدانی ئەو سیاسەتە، بەو مانایە کە نەتەوەی فارس‌و وڵاتی ئێران‌و مەزهەبی شیعە وەك تاقە یەك ناسنامەو تاقە یەك چارەنووس نیشان دەدرێن. فورمولەکە ئاوای لێ دێ:

دابینکردنی مافەکانی گەلانی ژێردەست یانی لاوازکردنی نەتەوەی فارس‌و لاوازکردنی نەتەوەی فارسیش یانی نەمانی وڵاتی ئێران‌و مەزهەبی شیعە!

دەزانین کە نەتەنیا زۆربەی هەرە زۆری فارسەکان شیعەن، بەڵکوو لە نێو گەلانی دیکەی ئێرانیشدا بەشێکی شیعە مەزهەبی تێدایە.

بەو جۆرە دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری ئێران لە مەزهەب‌و هەستی مەزهەبیی خەڵك کەڵکی خراپیان وەرگرتووە‌و ئێستاش وەری دەگرن‌و دەیکەنە وەسیلەی درێژەپێدانی دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان.

پاشان سوننەت‌و رابردووی دوورو درێژی ئیستبدادو دیکتاتۆری‌و سانترالیزم لە لایەکەوەو نەبوونی سوننەتی دێموکراسی‌و ئازادی لە لایەکی دیکەوە بۆتە هۆی ئەوە لە جیاتیی کولتووری دیالۆگ‌و پێکهەڵکران (Toleranse)، فەزایەکی لێك دڕدۆنگ بوون‌و بڕوا بەیەك نەبوون لە ئێراندا زاڵ بێ‌و کۆنەپەرستان بە قازانجی خۆیان کەڵکی لێ وەرگرن‌و نایەڵن لە کەشوهەوایەکی ئازاددا ڕووناکایی بخرێتە سەر فڕو فێڵ‌و سیاسەتی دژی گەلی‌یان.

ـ بەڵام ئێستا هەلومەرجەکە لە ئێراندا گۆڕاوەو ڕەوتەکەی درێژەی هەیە، پتر لە نیوەی خەڵکی ئێران تەمەنیان لە ٣٥ ساڵ بەرەوژێرە. ئەوانە لە دنیای ئەورۆ دنیای ئینترنێت‌و ئامرازی پێشکەوتووی پێوەندی‌یەکاندا دەژین‌و لەو ڕێگایەوە لەگەڵ دنیای دەرەوە لە پێوەندی دان، دەستیان بە زانیاری‌و ئەنفۆرماسیۆن را دەگاو لەگەڵ بیروبۆچوونی جیاواز ئاشنا دەبن‌و ئیمکانی فێربوون‌و هەڵسەنگاندنیان هەیە:

مرۆڤی ئەورۆ تینووی فێربوونەو بە چاوی رەخنەو گومانەوە سەیری ڕووداوەکان‌و دەوروبەری خۆی دەکاو بە هاسانی ناچێتە ژێر باری بیروباوەڕی کۆنەپەرستانەو مرۆڤی ئێرانیش هەروەها. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ خۆی دەڕوا، بەڵام پێشی ئەو ڕەوتەی پێ ناگیرێ.

ــ سەردەمی ئێمە سەردەمی بڵاوبوونەوەو بەرەوپێشچوونی بیری ئازادی‌و دێموکراسی‌و مافی مرۆڤ‌و مافی دیاریکردنی چارەنوسی گەلان بە دەستی خۆیانە.

دابینکردن‌و ڕێزگرتن لەو چەمك‌و بایەخانە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پتر دەبنە پیوانەی پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکان.

سەردەمی گلوبالیسم گەلان‌و وڵاتان بە سەدان هەوداوە پێکەوە گرێ دەداو پێکیان وابەستە دەکا، هیچ وڵاتێك ـ هەرچەندەش دەوڵەمەند بێ ـ بەبێ بەشداریی چالاکانەی خەڵکەکەی لە ژیانی وڵاتەکەی توانای خۆڕاگرتن‌و هەوڵدان‌و پێشکەوتنی لە دنیای ڕەقابەتی ئەورۆدا نابێ.

بەڵام بەشداریی بەربڵاوی خەڵك لە ژیانی هەر وڵاتێکدا بەستراوەتەوە بە فەزای ئاوالەی سیاسی، بوونی ئازادی‌و عەدالەت لە مەجالی خۆپێگەیاندندا.

وە سەرەنجام ئاشکرایە کە سەقامگیریی سیاسی، دابینکردنی ئازادی، عەدالەت‌و دەستەبەرکردنی بەشداریی هەرای خەڵك لە وڵاتێکی فرەگەلیدا، بەستراوەتەوە بە دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌و ئینسانی‌و کولتووری‌یەکان هەموو گەلانی نیشتەجێی ئەو وڵاتەوە. ئێرانی فرەنەتەوەیش بۆ ئەوەی لە کاروانی دنیای پێشکەوتوو بەجێ نەمێنێ‌و تووشی ئاڵۆزی‌و شەڕی نێوخۆ نەبێ، ناچارە خۆ لەگەڵ داخوازو پێداویستی‌یەکانی ئەو سەردەمە ڕێك بخاو مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلانی ئێران دابین بکا. بۆ ئەو مەبەستە دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵی گونجاوترین ڕێگاچارەیە.

ـ خەباتی بەردەوام‌و پڕ لە فیداکاریی گەلی کورد لە دەیەکانی رابردووداو هەروەها بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتیی گەلانی دیکەی غەیری فارس‌و پەرەئەستاندنی خێرای تێکۆشانیان لە چەند ساڵی رابردوودا، راستیی گەلانی ئێرانی وا سەلماندوە کە حاشالێکردنی بۆ تەنانەت توندوتیژترین بەشی ناسیونالیستی نەتەوەی حاکمیش بۆتە کێشەیەکی جیددی‌و ناچاریی کردوون سەریان بە پرسی "ئەقوامی ئێرانی"یەوە بێشێنن.

راستە دەڵێن، هیچ هێزێك بەرگریی پێ لە هاتنەگۆڕی مەسەلەیەك ناکرێ کە کاتی هاتنەگۆڕی هاتبێ!

ـ مەسەلەی "ئەقوامی ئێرانی" وا زەق‌و گەورە بۆتەوە کە ئیدی تەنیا باسی سمینارەکانی دەرەوەی وڵات نیەو تەنیا لە لایەن نوێنەران‌و ڕووناکبیرانی گەلانی ژێردەستەوە نایەتە گۆڕێ. ئەو باسە گەیشتۆتە نێوخۆی ئێران. بەتایبەتی لە ٢ـ٣ ساڵی رابردوودا لەسەری دەنووسرێ، سمینارو کۆبوونەوەی بۆ دەگیردرێ‌و ڕێگاچارەی جۆراوجۆرو یەك لەوان لە ڕێگای دامەزراندنی سیستمێکی فیدراڵی‌یەوە، جا هەر کەس بە ویست‌و لێکدانەوەی خۆی، بۆ پێشنیار دەکرێ.

سیاسەتوان، ژوورنالیست‌و ڕووناکبیری نەتەوەی فارسیش لەو باسەدا دیارە بەشدارە، بە لایەنگری‌و بە دژی ئەو ڕێگاچارەسەری‌یە. بەڵام باسی دەکرێ.

لەو پێوەندی‌یەدا پێم خۆشە ئاماژە بە هەڵەیەکی ئەوانەی خۆ بە تەنیا خاوەنی ئێران دەزانن‌و دابینکردنی مافەکانی گەلانی ژێردەست بە جیایی‌خوازی "تەجزیە تەلەبی" دادەنێن، بکەم. ئەوانە کە خۆ لە خەڵك بە زلتر دەزانن باڵادەستی‌خوازن‌و لە نێو هەستی شوینیستیی خۆیاندا قەتیسن‌و ئەو ڕاستی‌یە نابینن کە هەموو گەلانی غەیری فارسی ئێران، بەشێکیان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران خاوەنی وڵاتی سەربەخۆن‌و ئەگەر مافە نەتەوایەتی‌یەکانیان لە ئێراندا دابین نەکرێن‌و هەروا بە هاووڵاتی دەرەجە دوو، سەیر بکرێن، زۆر سروشتی‌یە کە هەستی جیابوونەوەیان تێدا پێك دێ‌و بەهێزتر دەبێ‌و بیری یەکگرتنەوە یان خۆلکاندن بە بەشە سەربەستەکانیان تێدا ساز دەبێ.

کەوایە بە پێچەوانە، مەترسی لەبەریەك هەڵوەشانی ئێران لەو حاڵەتەدا واقعی‌ترە کە داخوازەکانی گەلانی ئێران وەپشت گوێ بخرێن‌و وەدی نەهێندرێن.

بەڵام، ئەورۆ لە نێو شارەزایان‌و ڕووناکبیرانی هاووڵاتیانی فارسیش ژمارەی ئەو کەسانەی ئەو ڕاستی‌یە دەبینن، لە زیادبوون دایە.

ـ کۆماری ئیسلامی ئەورۆ تووشی قووڵترین قەیرانی مێژووی خۆی هاتوە. قەیرانی سیاسیی لە نێوخۆداو لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا، قەیرانی ئابووری، قەیرانی کۆمەڵایەتی‌و قەیرانی پێکهاتەیی ئەورۆ ئەگەری ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی لە هەموو کاتێك بەهێزترەو بێگومان یەکێك لە هۆیەکانی ڕووخانی ئەو ڕێژیمە بە چارەسەرنەکراوی هێشتنەوەی پرسی نەتەوەکان‌و دابین نەکردنی پێوەندی‌یە دێموکراتیکەکان لە ئێران دایە.

هەر هێزێك لە داوڕۆژی ئێراندا دەسەڵات بەدەستەوە گرێ، بە دەرس وەرگرتن لە چارەنووسی کۆماری ئیسلامی، تەنانەت بۆ مانەوەی خۆیشی بێ، ناچارە پرۆژەیەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلانی ئێران هەبێ، دەنا ئێران تووشی کێشەیەك دەکا ئەوسەری دیار نەبێ.

ـ ئەورۆ ئامانجی سیاسەتی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەپێی مەنتیق دەبێ یارمەتیدان بە پرۆسەی دێموکراسیزاسیۆن‌و بە تایبەتی دامەزراندنی حکوومەتی گەلی بە دەسەڵاتی بەرتەسکی ناوەندی لە وڵاتەکاندا بێ. بۆ ئەوەی وەك دەگوترێ، چی دی هیچ دیکتاتۆرو یاغی‌یەك نەتوانێ سەر هەڵبداو هێمنایەتیی ناوچەو نەزمی جیهانی بخاتە مەترسی‌یەوە. ئەو پرۆژەیە تەنیا لە ڕێگای دابەشکردنی دەسەڵات لە وڵاتەکاندا دێتە دی. کەوابوو فیدرالیزم کە بە تەعریفێك بۆخۆی یانی دابەشکردنی دەسەڵات، لەگەڵ ڕەوتی ئێستای سیاسەتی جیهانی لە ناوچەشدا دەگونجێ. لە دنیای دوو تەوەری‌دا ئێران بە قەڵایەکی قایم‌و دژوار لە بەرامبەر پەرەگرتنی کۆمۆنیزم دەناسراو بۆ بەجێ‌گەیاندنی ئەو ئەرکەو پاراستنی بەرژەوەندی‌یەکانی ڕۆژئاوا، بوونی ڕێژیمێکی ناوەندی‌و بەهێز لە ئێراندا بە پێویست دەزانرا.

ئەورۆ یەکیەتیی سۆڤیەت‌و کۆمۆنیزم نەماون کە ڕۆژئاوا بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ مەترسی‌یەکەیان پێویستیی بە دەوڵەتێکی بەهێزی ناوەندی لە ئێران بێ.

بێجگە لەوەش، ئەورۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوکی، دژایەتیی بەکردەوە لەگەڵ پرۆسەی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پشتگیری‌و پەرەپێدانی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی‌و ئاژاوەنانەوە لە وڵاتەکانی دیکەی ناوچەکەدا، بۆتە یاخی‌و مەترسیی جیددی بۆ هێمنایەتی‌و سەقامگیری لە ناوچەو جیهاندا. بۆ ئەوەی ڕێژیمێکی دیکەی کۆجێ‌و بەهێزو موشکیلەخوڵقێن جێگای کۆماری ئیسلامی نەگرێتەوە، دامەزراندنی سیستمی فیدراڵی‌و دابەشکردنی دەسەڵات تەنیا ڕێگاچارەیە. کۆمەڵگای نێونەتەوەیی رەنگە دژی پارچەپارچەبوونی ئێران بێ، بەڵام ناتوانێ لایەنگری دەوڵەتێکی کۆجێ "موتەمەرکز"و دیکتاتۆر لە ئێراندا بکا.

هەر لەو پێوەندی‌یەدا پێویستە ئاماژە بە فاکتۆرێکی سەرکەوتووی دەسەڵاتدارەتیی کورد لە کوردستانی عێراق‌و هەروەها پەسندکرانی سیستمی فیدراڵی بۆ عێراق لە "یاسای بەڕێوەبەریی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گوازتنەوە" لە ٨ی مارسی ٢٠٠٤دا بکەم کە یارمەتی‌یەکی زۆری داوە بە ناساندنی وشەو ناوەڕۆکی فیدرالیزم لە ناوچەو بە تایبەتی لە ئێراندا.

گومان لەوەدا نیە کە سەرکەوتنی ئەزموونی عێراق‌و بەتایبەتی پەسندکردنی سیستمی فیدراڵی لە یاسای بنەڕەتیی هەمیشەیی ئەو وڵاتەدا، شوێنی زۆر لەبار لەسەر ڕووداوەکان لە ئێراندا دادەنێ‌و زەمینەی پەسندکردنی فیدرالیزم وەك شێوەی حکوومەتی لەبارترو گونجاوتر دەکا.

باسەکە درێژ بۆوە. لە کۆتاییدا دەمەوێ لەسەر ئەوە پێ داگرم کە ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی ویستی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران‌و هەموو ئەو هۆیانەی باسیان کرا، دروشمی "دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتی فیدراڵی"، وەك دروشمی ستراتیژیی خۆمان هەڵبژاردوەو دەستی هاوکاری بۆ هەموو ژن‌و پیاوێکی نیشتمانپەروەرو ڕووناکبیری کورد درێژ دەکەین کە پێکەوە بۆ وەدی‌هێنانی ئەو دروشمە تێبکۆشین.

حیزبی دێموکرات بە هەموو کەموکوڕی‌یەکانی‌یەوە، حیزبێکە سادقانە بۆ بەختەوەریی گەلەکەی تێدەکۆشێ، دەکرێ بڕواو هیوات پێی بێ‌و هەڵدەگرێ پشتی بگری.

سوپاستان دەکەم، هەر خۆش بن

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 397 21 Sep 2004

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیو بڵاوکراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

ماڵپەڕی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران:
www.rdki.com


## بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانیی کوردی، بنکەی ژین پێك هات

لە ٢٥ی مارتی ٢٠٠٤دا کۆمەڵێك کەسایەتیی فەرهەنگیو نووسەرو لێکۆڵەری کورد لەگەڵ بانگەوازێکدا، پێڕەووپرۆگرامی "بنکەی ژین"یان بڵاو کردەوە. لە پێشەکیی ئەو پێڕەوو پرۆگرامەکەدا مەبەست لە پێکهێنانی ئەم بنکەیە بەمجۆرە باسی لێکراوە: "سامانی بەڵگەنامەو رۆژنامەوانیی کوردی، لەبەر هەلومەرجی نالەباری کوردستانو نەبوونی ناوەندێك بۆ کۆکردنەوەو تێدا پاراستنو بووژاندنەوەیان، دووچاری فەوتانو لەناوچوون بووەو، لێرەو لەوێ نارێكو پێكو بە کەموکووڕیو پەرشو بڵاوی ماوەتەوە. دامەزراندنی ئەم بنکەیە بۆ رزگارکردنو سەرلەنوێ زیندوو کردنەوەو خستنەوەبەرچاوی ئەو سامانەو پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە رۆشنبیرییە بە پێویست زانرا".

بنکەی ژین"ئەم ئامانجانە بەدی ئەهێنێ":

١ـ کۆکردنەوەی گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوە کوردییەکان: وێنەگرتنو خستنیانە سەر CD، پاشانیش لە چاپدانو بڵاوکردنەوەیان بە کتێبو ساخکردنەوەو لێکۆڵینەوەی پێویست.

٢ـ کۆکردنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەی کوردی، بەدەنگو رەنگو نووسینەوە، بۆ لەچاپدانەوەیانو بڵاوکردنەوەیان.

٣ـ سازکردنی بیبلیوگرافیای تەواوو جیاجیای رۆژنامەوانیو کتێبو دەسنووسی کوردیو لەچاپدانیان بە کتێب.

٤ـ سوود وەرگرتن لە هەموو هۆکارێك بۆ ناساندنو بڵاوکردنەوەی بەرهەمو چالاکییەکانی بنکە، بە چاپەمەنیو ئیزگەو تەلەفزیۆنو ئینتێرنێتەوە.

پێکهێنەرانو بەڕێوەبەرانی بنکەی ژین (رەفیق سالح ئەحمەد، سەدیق سالح ئەحمەد، عەبدوڵڵا زەنگەنە، فازڵ کەریم (مامۆستا جەعفەر)و عەبدولرەقیب یوسف) لە بانگەوازەکەیاندا، هیواداریبیان دەربڕیوە: شارەزایانو خەمخۆرانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان، بەرێنوێنیو بەرهەمی شایانو کۆمەکی ماددیو مەعنەوی، بە پیر بانگەوازەکەیانەوە بچنو هاوکارو پشتگیریان بن تا بە هەوڵی پێکەوەی هەمووان بتوانن خزمەتی گەلەکەیان بکەنو ئەم کەلەپوورە گرانبەهایە بژیەننەوە.

## لە پێشوازی هاتنی "مێرگژان" بۆ نێو گۆڕەپانی رۆژنامەنووسیی کوردیدا

لە سەرەتای خەرمانانی ئەمساڵدا، یەکەم ژمارەی "مێرگژان" بڵاو بۆوە. "مێرگژان" پاشکۆی حەوتوونامەی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتیو ئابووریی "فردای ما"یەو لە پیرانشار بڵاودەکرێتەوە. وەك لەسەر وتاری یەکەم ژمارەی دا هاتوە: جارێ مانگانەیەو ئەگەر بکرێ دەبێتە دوو حەوتووو ئینجا حەفتانە". سەپەرستی "مێرگژان" کەماڵ حەسۆو سەرنووسەرەکەشی، سلێمان دڵسۆزە. شوورای نووسەرانیشی لە : سەید سمایل سەید شوکری، خدر محەممەدیو عومەری ئیمام پێك هاتوون.

لەیەکەم ژمارەدا جگە لە "وتەی مێرگژان" کە لەودا باسی ئامانجو رێبازی ئەم بڵاوکراوەیەو هۆی هەڵبژاردنی ناوی "مێرگژان" کراوە، چەندین بابەتی جۆراوجۆر بە دوو زمانی کوردیو فارسی بڵاوبوونەتەوە. راپۆرتێك لە بارەی دیاردەی قاچاخچییەتی لە پیرانشارو هێنانی شتومەك لە دیوی کوردستانی عێراقەوە بۆ ئێران بە کۆڵکێشیو وڵاغی باری، وتووێژێك لەگەڵ خالید فاتیحی شاعیری ئەڤینو دڵداری، باسێك لە بارەی چەند چیرۆکی مینی ماڵو نیگەرانییەکانو هومێدەکان (لەبارەی کێشەی کورد لە عێراقدا)و، ناوچەی پیرانشار لە کتێبی "ژاك دومرگان"دا، لە بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی مێرگژانن.

یەکەم ژمارەی "مێرگژان" هەروا کە



لە نێوەرۆکی بابەتەکانیدا، جێگای دڵخۆشیو هومێد پێبەستنە، لە رووی فۆرمیشەوە جوانو دڵگرە.

بەبۆنەی بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی "مێرگژان" پیرۆزبایی لە بەڕێوەبەرانو نووسەرانیو، ئۆگرانو تامەزرۆیانی پەرەگرتنی رۆژنامەنووسیی سەربەخۆ لە کوردستاندا دەکەینو سەرکەوتنی "مێرگژان" لە بڕینی ئەو رێبازەدا کە لەسەر وتاری یەکەم ژمارەیدا هاتوە، بەئاوات دەخوازین. **"کوردستان"**

## حەوتووی رووناکبیری هونەرمەندانی کوردستانی ئێران لە سلێمانی



" لە رۆژی ٢٥یخەرمانانەوە تا ٣١ی ئەم مانگە، حەوتووی رووناکبیریی سنە لە سلێمانی" بۆ ١٥٠ هونەرمەندی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو. پێشتریش هونەرمەندانی سلێمانی حەوتوویەکی رووناکبیرییان لە شاری سنە و لە چوارچێوەی هاوکاریو پێوەندیی نێوان دەزگا فەرهەنگییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی)و ئوستانی کوردستان (سنە)دا، بەڕێوە بردبوو.

حەوتووی رووناکبیریی هونەرمەندانی ئوستانی کوردستانی ئێران لە شاری سلێمانی لە کۆمەڵێك بەرنامەو کاری هونەری و فەرهەنگی پێك هاتبوو کە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵکی هونەردۆستی ئەو شارەو بینەرانی شارەکانی دیکەی کوردستانی باشوور، بەرەوروو بوو. بەشێك لە بەرنامەو کارە هونەریو فەرهەنگییەکان بریتی بوون لە کۆڕی شێعر خوێندنەوە، پێشاندانی کورتە فیلم، بەڕێوە بردنی ئاهەنگی گۆرانیو هەڵپەڕکیی کوردی (لە دوو ئاستی گەورەکان و منداڵان دا)، پێشانگای جۆراوجۆر وەك پێشانگای کتێب، تابلۆی نەققاشی، خۆشنووسی وهتد. بە گشتی بەرهەمەکانی هونەرمەندانی بەشدار لەم رێوڕەسمەدا، هێمایەکی نەتەوەیی و گیانێکی ئازادیخوازانەیان پێوە دیار بوو. بەرهەمەکان هەر کام بە زمانێکی تایبەتەوە تیشکیان دەخستە سەر بارۆدۆخی کۆمەڵگاو، زمانحاڵی کێشەکانی نەتەوەی کورد بە تایبەت لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بوون.

بەڕێوە چوونی ئەم حەوتووە رووناکبیرییەش، دەرفەتێکی دیکە بوو بۆ چاو پێکەوتنی هونەرمەندانی ئەم دیوو ئەو دیوی کوردستان. ئەگەر چی ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندە ناسراوەکانی ئوستانی کوردستان و هەروەها هونەرمەندانی شارەکانی دیکەی کوردستانی ئێران، بە هەر هۆیەك ـ هەڵاواردرابوونو لەم گەشتو دیدارو چالاکی نواندنانە بێ بەش کرابوون. ئەوەی کە لە پەراوێزی ئەم رێوڕەسمەدا هەستی پێ دەکرا چاوەدێریی توندی بەکریگیراوانی دەزگا ئەمنیەتییەکانی رێژیم بە سەر هەڵسوکەوت و پێوەندییەکانی هونەرمەندە میوانەکان دا بوو.

پێویستە بگوترێ لە ماوەی بەڕێوە چوونی حەوتووە رووناکبیرییەکە دا "بڵاوکراوەیەکی رۆژانەی هەفتەی رووناکبیریی شاری سنە لە سلێمانی" لە ژێر ناوی "ئەردەڵان"دا دەرچوو کە وتووێژو هەواڵ و راپۆرتی تایبەت بە چالاکییەکانی ئەم حەوتووە رووناکبیرییەی بڵاو دەکردەوە.

## یەکەمین ناوەندی نادەوڵەتیی پاککردنەوەی مین لە ئێران دا

بە ئامانجی بەشداری لە پاکردنەوەی مینو کەمکردنەوەی زیانەکانی سەرچاوەگرتوو لەو بەڵایە، هەروەها بە مەبەستی پشتیوانی لە زیان وێکەوتوان بە هۆی مینەوە، لە نێوەراستەکانی هاوینی ئەمساڵدا رێکخراوی نادەوڵەتیو لەحاڵی دامەزرانی "ناوەندی بەشداری لە پاکردنەوەی میندا"، یەکەم کۆبوونەوەی گشتیی خۆی لە تاران بەڕێوەبرد.

لەم کۆبوونەوەیەدا، لە دوای ناسێندرانی دامەزرێنەرانی ناوەند، لەپێشدا خانمی شیرین عیبادی وەك سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەر قسەی کرد. بەدوای خانمی عیبادیدا، خانمی عەزیزپەنا، کە لە ئەندامانی دامەزرێنەری ناوەند بوو، ئامانجە سەرەکییەکانی ناوەندی بەمجۆرە ناوبرد:

ـ بەشداریو هاوکاری لە پاکردنەوەی ناوچە مینرێژکراوەکاندا ـ پشتیوانی لە هاووڵاتانی سقیلی زیان پێگەیشتوو بە هۆی مینەوە ـ فێرکردنو راهێنانی دانیشتووانی ناوچە مینرێژەکراوەکان بە مەبەستی خۆپاراستنو دابینکردنی سلامەتییان.

لە درێژەی بەرنامەکەدا کورتەفیلمی "بە ئەسپایی هەنگاو بنێ" کە دوکتور قوتبەدینی سادقی دروستی کردوە، پێشان درا. ئەندامانی دامەزرێنەری ئەو ناوەندە بریتین لە بەڕێزان: دوکتور ئەسعەد ئەردەڵان، خاتوو لەیلی ئەرشەد، مێهدی ئەفرووزمەنیش، دوکتور عەبدوڵڵا جەهانبین، خاتوو مینا رەبیعی، خاتوو حوجەت پەنا، خاتوو شیرین عیبادی، خاتوو عەزیزپەناو بایەزید مەردوخی.

**گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ٤١**

## دڵتەزێنترین پەروەندی جینایی ئێران لە ماوەی ٧١ ساڵی رابردوودا

پۆلیسی ئێران دوو کرێکاری کوورەخانەیەکی خاتوون ئاباد لە باشووری تارانیان بە تاوانی دەستدرێژی بۆ سەر ٢٢ کوڕی مێرمنداڵو کوشتنی ئەوان لە ماوەی ساڵی رابردوودا و، هەروەها کوشتنی دوو کرێکاری ئەو کوورەخانەیەو ژنێکی وێڵیشەقامەکان، خستە زیندان. تاوانباران کە ددانیان بە تاوانەکانیاندا ناوە، منداڵانی خاتوون ئابادی پاکدەشت، قەیامدەشتو گەڕەکەکانی نزیك بەم دوو ناوچەیەیان کە لە باشووری تاران هەڵ کەوتوون، دەڕفاندو پاش دەستدرێژی بەوان، دەیانکوشتن. تەنیا دوو منداڵ لەوانەی بە هۆی ئەوانەوە رفێندرابوون، توانیویانە لە دەستیان رزگار بن. یەکێك لەوان بە بێهۆشی لە نەخۆشخانە کەوتوەو ئەوی دیکەش لە کاتێکدا گەیاندیانە نەخۆشخانە، کە تا سنووری مردن لێی درابووو یەك حەوتوو لە بەشی چاوەدێریی تایبەتدا، لە نەخۆشخانە خستیان.

پەروەندەی ئەم دوو تاوانبارە، دڵتەزێنترین پەروەندەی جینایی لە ماوەی ٧١ ساڵی رابردوودایە. یەکێك لە تاوانباران ددانی بەوە داناوە کە بۆ خۆی بە منداڵی کەوتۆتە بەر دەستدرێژیو ویستویەتی بەمجۆرە تۆڵەی خۆی لە کۆمەڵ بستێنێتەوە. تاوانبارەکەی دیکەش باسی ئەوەی کردوە کە لە تەمەنی منداڵیدا دایکی لەدەست داوەو بە دەست بێبەشی لە موحیببەتی دایك، ئازاری چێشتوە.

زۆربەی قوربانییەکان منداڵانی ئەو بنەماڵە کۆچەرو پەنابەرانە بوون کە بە شێوەی ناقانوونی لە ئێران دەژین. ئەوان کاتێك منداڵەکانیشیان بێسەروشوێن بووە، نەیانوێراوە مەسەلەکە لەگەڵ داموەدەزگا پێوەندیدارەکان باس بکەن. چونکە ترسی ئەوەیان هەبووە ئاشکرا بنو لە ئێران وەدەریان بنێن. ئەمە یەکێك لە هۆیەکانی درێژەکێشانی جینایەتەکانی تاوانبارانو درەنگ گیرانیان لە لایەن پۆلیسەوە بووە.

**ماڵپەڕی BBC**




بەرلەماڵاوایی

## راهاتن بە دیتنی دڵڕەقیو وەحشیگەری!

ع. وریا

دووپاتبوونەوەی کردەوەیەك، رووداوێك یا دیاردەیەك ـ بەهەر رادەیەکیش ناخۆش بێ ـ لەلایەكو، لە لایەکی دیکەوە بڵاوبوونەوەی پەیتا پەیتای هەواڵو راپۆرتو دیمەنەکانی ئەو جۆرە رووداوو کردەوانە لە راگەیەنە گشتییەکاندا، وا لە مرۆڤ دەکەن ئەو رووداوانەی پێشتر جاروبارو بە دەگمەن روویان دەداو هەر بەم بۆنەیەوە، بە توندی دەیان هەژاند، ئەو کاریگەرییەی جارانیان لەسەر هەستو بیری نەمێنێ. وای لێ دێ بەرە بەرە، ئەوانەی پێشتر هەستو ویژدانیان بەم جۆرە رووداوانە بە توندی بریندارو نارەحەت دەبوو، تەنانەت ئەوانەش کە مەترسیو هەڕەشەو ئاکامەکانی ئەو جۆرە دیاردەو رووداوانە، رووی لەوانە، پێیان ڕابێنو، وەك واقیعییەتێکی لەچارنەهاتووی ژیانی خۆیان سەیریان بکەنو خۆیانیان لەگەڵ بگونجێنن. کۆمەڵگەیەك کە ئەم کارەساتانەشیان تێدا روو دەدا، هەروەها بیروڕای گشتییش، کەم کەم پێیان رادێنو، ئەو لەسەر هەست بوون، بێزاری، دژکردەوەو هەڵوێستەی جاران لەم پێوەندییەدا دەیان نواند، لە کەمیی دەدا.

ئێمە لە حیزبی دیموکراتو تێکۆشەرانی دیکەی کوردستانی ئێران کە چەندین ساڵە پەڕیوەی کوردستانی عێراق بووین، دەتوانین تیرۆرو بەناهەقکوژرانو مەرگی مەزلوومانەی هاوبیرانو هاوڕێیانمان لەم بەشەی کوردستان لە نەوەدەکانی دەیەی رابردوودا وەك نموونە بێنینەوە کە ئەگەر پێشترو لە یەکەم جارەکاندا، شەپۆلێك لە نەفرەتو بێزاریی لە نێو رێکخراوە سیاسییە نیشتمانپەروەرەکانو کۆمەڵانی خەڵکدا وەڕێ دەخستو سۆزو هاودەردیو هاوپێوەندیی ئەوانی بۆ لای ئێمەو بنەماڵەی قوربانییەکان رادەکێشا، دواتر بە هۆی دەیانو سەدان جار دووپاتبوونەوەی تیرۆرو تەقە لێکرانی ئازادیخوازانی کوردی ئێرانی، کارەساتەکە وەك شتێکی ئاسایی، سەیری دەکراو کەفوکوڵی بێزاری دەربڕینو مەحکوومکردنو هاودەردیو هاوپێوەندی لەگەڵ قوربانییەکان، نیشتبۆوە.

هەر لە دەیەی رابردوودا، لە ئەلجەزایریش، ئەوکات کە کەم شەو هەبوو ئیسلامییە توندڕەوەکان بەسەر دێیەك، یا ماڵە نووسەرو هونەرمەندێکدا نەدەنو بە ناوی پیرۆزی ئەڵڵاوە، لەبەرچاوی بەمۆڵەق وەستاو زمانی شکاوی منداڵان، دایکو بابەکانیان سەرنەبڕن، لە سەرەتادا هەر کە هەواڵێك لە بارەی ئەم چەشنە وەحشیگەرییانە، لە رادیۆو تەلەویزیۆنو رۆژنامەکان بڵاو دەبۆوە، مرۆڤ مچوڕکی بە لەش دا دەهاتو حەزی دەکرد بە زمان، بە نووسین، هەر نەبێ لە پاڵ خۆیدا، لەگەڵ قوربانییەکان هاودەردی بکاو بە جۆرێك لە جۆرەکان نەفرەتو بێزاریی خۆی لەم هەمووە دڵڕەقییە، دەربڕێ. بەڵام دووپاتبوونەوەی جینایەتەکانو پڕبوونی چاوو گوێو مێشکی مرۆڤ لە هەواڵو راپۆرتو دیمەنی کارەساتەکان، گوێگرو بینەرو خوێنەرو بیروڕای گشتیی بەرامبەر بە شوێنەوارو کاریگەرییەکانی ئەوان، "واکسینە" کردبوو.

نموونە لەو بارەوە زۆرن. ئەو توندوتیژیو تەقینەوەو هێرشو پەلامارە خوێناوییانەی توندڕەوانی ئیسرائیلیو فەلەستینی بۆ زەبر وەشاندن لە خەڵکی یەکتر پەنایان بۆ بردوەو دەیبەنو، هەر جارەی لە چوارچێوەیەکی گەورەتردا دووپات دەبنەوە، نموونەیەکی دیکە لە تیرۆریزمو توندوتیژیو وەحشیگەرییەکن کە مرۆڤی ئەو سەردەمە پێیان راهاتوە. بۆ دوور بڕۆین؟ ئەوەی لە "خێڵی حەمە" رووی‌دا، لە یەکی شوباتو لە رۆژی جێژنی قوربان لە هەولێر شاهیدی بووین، لە کەرکووكو لە بەغداو شارەکانی دیکەی عێراقی دوای رووخانی رێژیمی بەعسدا زوو زوو دووپات دەبنەوە، کارەساتەکەی ١١ی سیپتامبر لە نیویۆرك، تەقینەوەی ویستگەی شەمەنەفەر لە مادرید، بە بارمتە گرتنی چەند رۆژ لەمەوبەری سەدان منداڵانی قوتابخانە لە بیسلان، هەموویان نوێنگەی ئەوپەڕی دڕندەییو دڵڕەقی کەسانێکن کە ئامادەن بە هاسانیی خواردنەوەی پەرداخێك ئاو، مرۆڤە بێتاوانەکان لە پێناوی بەرەوپێشبردنی مەبەستە سیاسییە ناڕەواکانی خۆیاندا لەنێو ببەن. سنوورەکانی تاوانو جینایەت بە جۆرێك خراونەتە ژێر پێو، رێوشوێنە ئینسانیو ئەخلاقییەکان بە جۆرێك پێیان رێخراوە، کە دیمەنی سەربڕینی مرۆڤە سقیلو بێتاوانەکان، لەلایەن ئینسانکوژەکانەوە بە رووهەڵماڵاوییەوە لە ئینتێرنێتدا پیشان دەدرێ، منداڵانی بێ بەری لە هەموو تاوانێك لە نێو پاسو لە نێو پۆلدا، دەتەقێندرێنەوەو، تاوانکاران بە "شانازی"یەوە هەواڵی ئەنجامدانی جینایەتەکەیان رادەگەیەنن.

پڕمەترسیتر لە پەرەئەستاندنی ئەو هەمووە دڕندەیییە، راهاتنی مرۆڤایەتیو بیروڕای گشتی بە جینایەتو وەحشیگەریی تیرۆریستانو ئینسانکوژانە. ئەم راهاتنە وا دەکا هەنگاوەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ تیرۆرو رەشەکوژیو دۆزینەوەو چارەسەرکردنی هۆیەکانی ئەم هەموو دڵڕەقیو دڕندەییو توندوتیژییە، سست بن. نازانم چۆن دەکرێ پێش بەو راهاتنو عادەتکردن بە وەحشیگەری بگیرێ، رەنگە رێگایەك بۆ زیندوو راگرتنی بڵێسەی رقو تووڕەیی لەو جۆرە کردەوانە، ئەوەبێ لە هەر جێگایەك وەحشیگەرییەك روودەدا، خۆمان لە جێگای قوربانییەکان، یا دایكو باوكو خوشكو براو کچو کوڕو خۆشەویستو دەزگیرانی ئەوان دابنێین تا بە هەموو وجوودمانەوە هەست بە قووڵیو گەورەیی کارەساتەکان بکەین. شانبەشانی ئەو کارەش، بیرێك لەو هۆیانە بکەینەوە کە بواریان بۆسەرهەڵدانی تیرۆریزمو توندوتیژیو پەنابردنی دەستەو تاقمو گرووپە جیاوازەکان بۆ بارمتە گرتنو خۆکوژیو کوشتنی خەڵکی ئاساییو بێتاوان، خۆش کردوە. با بە دەنگ هەڵبڕین لە دژی هەرچەشنە زۆرداریو ناهەقییەك کە لە نەتەوەیەك، ئایینێك، رەگەزێك، فەرهەنگێكو کەمایەتییەك دەکرێ، بە پشتگری لە جێبەجێبوونی کێشەکان لەسەر بناغەیەکی دادپەروەرانە، نەك زۆردارانە، چەکی تیرۆریزمو وەحشیگەری لە دەست ئەو دەوڵەتو دەستەو تاقمانە بێنینە دەر کە دەیانەوێ بە زۆرو ملهوڕیو توندوتیژیو لەنێوبردنی ئینسانە بێتاوانەکان، ویستەکانیان بێننە دی.